ئۆرگانی حیزبی دێموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە ٧٧٧ | یەکشەممە ١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٩ _ ٥ی جوولای ٢٠٢٠

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا


## سەردێڕی چەند هەواڵێکی گرینگی ئێران

- نوێنەرانی پارلمانی ئێران ئەمڕۆ بە جەوادی زەریفیان گوت: "درۆزن"؛ ئەویش لە وەڵامدا بەرپرسایەتیی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتی خستە ئەستۆی عەلی خامنەیی.
- وەزیری بەرگریی ئیسرائیل: ئیسرائیل "مەرج نییە" لە پشت هەموو ڕووداوەکانی سایتە ناوکییەکانی ئێران بووبێ.
- "سی‌بی‌سی"ی کانادا: لە پێوەندی لەگەڵ فڕۆکە ئۆکراینییەکەدا فایلێکی دەنگییمان لە بەردەستدایە کە ئاشکرای دەکا کاربەدەستانی ئێران هۆکاری دانەختستنی هەرێمی ئاسمانیی ئەم وڵاتەیان بۆ نهێنی هێشتنەوەی هێرشە مووشەکییەکەی سەر "عین‌الاسد" گەڕاندووەتەوە.
- مەسعوود مەردانی، ئەندامی کومیتەی نێوخۆیی ستادی مللیی کرۆنا لە ئێران: تا ئێستا ١٨ میلیۆن کەس لە ئێران کرۆنایان گرتوە.

# میراتتان بۆ ئەم نیشتمانە، ئەندێشەی هەمیشە سەوزتانە




لە ماوەی حەوتوویەکدا دوو جینایەت و کارەساتی دی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕوویان دا کە دەزگا ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی لە پشت بوو. دڵنیابوونی بنەماڵەی «هیدایەت عەبدوڵڵاپوور» لە ئێعدامی ڕۆڵەکەیان لە بنکەیەکی نیزامیی شاری شنۆ و، مەرگی دڵتەزێن و گوماناویی «موختار خەندانی»، «بیلال ئەمینی» و «یاسین کەریمی» لەو کاتەدا کە ئاگر لە دارستانەکانی «مەرەخێڵ» بەردرابوو.

کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەم جارەش ئامادە نەبوو تەرمی بە ناحەق کوژراوی هیدایەت بە بنەماڵەکەی بداتەوە، یان ئادرەس و پێوشوێنێکیان لە شوێنی ناشتنی پێ بڵێ. سووکایەتییەک کە لە هیچ ئایین و کۆمەڵگەیەکدا بە مردوو ناکرێ. ئەم سووکایەتییە بە شەهیدانی ژینگەش کرا کاتێک لە جێی ڕێزگرتن و بەرزنرخاندنیان ڕاگەیەندرا کە ئەم «سێ» کەسە «بەبێ هەماهەنگی»ی پێشوەختە چوونەتە شوێنی سووتمانەکە!

نەدانەوەی تەرمی ئازادیخوازان و شەهیدانی ڕێی خەبات و ڕزگاری و چەواشەکاریی ڕووداوی گیان‌لەدەست‌دانی شەهیدانی ژینگە ئەگەر زۆر سەبەب و هۆکاری هەبن، گرینگترینیان ترسی هیستریکی ڕێژیمە لە جێگەوپێگەی قارەمانەکانی گەل لە کۆمەڵگەدا. ئەم سیاسەتەی کۆماری ئیسلامی مێژووەکەی بۆ هەموو تەمەنی ڕێژیمەکەیان دەگەڕێتەوە، لە جینایەتەکانی دەیەی شەستڕا هەتا کۆمەڵکوژییەکەی ٦٧ و هەتا دەگاتە ئێستاش. ڕێژیم دەیەوێ حەقیقەت و مێژوو لە نەوەکانی داهاتوو بشارێتەوە و لێیان بشێوێنێ، بەڵام ئەوە خەیاڵی خاو و ڕەنجی بەبایە؛ باشترین وەڵامیش هەر ئەم بانگە بوو لە گەرووی پڕهاواری لاوانی پاوە بیستمان:

«ئێوە بوونە ڕابەری مە ...».

مێژووی خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد لە ئێران و سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە ژین و ژینگە و ژیواری کوردستان بەو هەوڵانە چەواشە ناکرێن. ڕۆڵەکانی ئەم نیشتمانە بەچۆکدا نایەن، بەپێوە دەمرن بەڵام ئاڵای خەبات شەکاوە ڕادەگرن و بە مەرگیشیان تاڵاوی شکست دە گەرووی دوژمن دەکەن. لاوانی ئەم نیشتمانە عەوداڵی گەوهەری ئازادیین و لە سەنگەری خەباتێکی ڕەوا و شکۆداردا بۆی تێدەکۆشن و گیانی لە پێناو دادەنێن. کوڕ و کچی ئەم نیشتمانە بۆ داربەڕوویان دەسووتێن، بەڵام دەبنە قەقنەس و لە خۆڵەمێشی خۆیاندا دەژیینەوە و ڕۆح بە بەری نیشتمانەکەیدا دەکەن.

کوڕ و کچی ئەم نیشتمانە باش دەزانن ئەو ئاگرەی لە شنۆ هیدایەتی کردە قەقنەس، ئەو ئاگرەی لە پاوە بووە هۆی مەرگی جەرگبڕ و ناخهەژێنی سێ ڕۆڵەی جوانەمەرگی ئەم نیشتمانە؛ ئاگری قین و بوغزێکە چوار دەیەیە بەر بووەتە گیانی سروشت و گیانداری کوردستان و دەستی تاوانێکی لە پشتە، کە بەردەوام ڕۆڵەکانی کورد دەکاتە قوربانی.

بە دڵنیاییەوە خەڵکی کوردستان بە گشتی، هاوشان لەگەڵ خەڵکی تازیەباری شنۆ و پاوە، خەمی گیان‌لەدەست‌دانی ئەو سێ لاوە نیشتمان‌دۆستە بە خەمی هەرە گەورەی خۆیان دەزانن، ڕەنجی شەهیدانی ڕێی خەبات و گیانبازیی ڕێگای ئاوەدان و سەوزهێشتنەوەی کوردستان لە بیر ناکەن و مەرگیشیان دەکەن بە سەرمەشق بۆ ژیانێکی ئازاد و سەربەست.

سەروتار

## کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی قەیران

کەماڵ کەریمی

کۆماری ئیسلامی و قەیرانە جۆراوجۆرەکان وەک باس دەکرێ دووانەیەکی وێکچوون. وەها کە هەر کات باسی ئەو ڕێژیمە دەکرێ کۆمەڵە قەیرانێکی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی لە زەینیدا ڕیز دەبەستن. لە تەواوی ساڵانی ڕابردوودا لە لایەک بە هۆی زاڵبوونی سیستمێکی دەسەڵاتداری تۆتالیتێرەوە کە هەمووانی لە نێوخۆیدا کۆ کردوەتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە بێدەسەڵاتی و بێبەرنامەیی دەوڵەتە یەک لە دوای یەکەکان لە ئوسوولگەرا و ئیسلاحتەڵەب و میانەڕەو، وای کردوە کە نە تەنیا نەتوانن هیچ هەنگاوێک بۆ چارەسەری کێشەکانی خەڵک ببیننەوە، بەڵکوو دژایەتی‌کردنی یەکتر لە نێو نیزامەکەشیاندا کە زۆر جار وەک شەڕی زێڕنگەری باس دەکرێ، هەڵێنانی هەنگاوێکی بچووکیشی لەو پێناوەدا پەک خستوە. لەم نێوەدا ڕێبەرانی سەرەکیی نیزام کە زۆرتر خامنەیی و دەستوپێوەندییەکانی لە دەوری ڕێبەریی نیزامدا دەگرێتەوە، بە هۆکاری ئەم قەیرانخولقێنییە دەناسرێن. ئەمە جگە لە کۆمەڵە قەیرانێکی سیاسی نێودەوڵەتی کە ساڵانێکە بەرۆکی کۆماری ئیسلامیی گرتوە و، بە هۆی سەرکێشییەکانی ڕێبەرانی نیزام نە تەنیا سەرئێشەیەکی زۆری بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دروست کردوە بەڵکوو بەشێکە لە هۆکاری خراپتربوونی ڕۆژ لە دوای ڕۆژی وەزعی نێوخۆی وڵات و ژیانی نالەباری هاووڵاتییانی ئێرانی. لەم نێوەدا کێبەرکێی سیاسیی ڕێبەرانی ڕێژیم لەگەڵ ئەمریکا لە هەموان بەرچاوترە. کێبەرکێیەک کە نە تەنیا هیچ قازانجێکی بۆ خەڵکی ئێران نەبووە، بە پێچەوانە کاریگەریی زۆر خراپی لەسەر ژیان و گوزەرانیان داناوە.

زیاتر لە هەموو ئەو کێشانەی ڕووبەڕووی ڕێژیم بووەتەوە گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکایە لە سەریان. ئەگەرچی ئەم گەمارۆیانە کە ئابووریی ئێران و بە تایبەت سەرچاوە داراییەکانی ڕێژیمی کردوەتە ئامانج، بووەتە هۆی زۆربوونی بێکاری و کەمدەرامەتی و گرانیی بایی پێداویستییەکانی ژیانی خەڵک لە بازاڕدا، لەو لاوە دەستوباڵی ڕێبەرانی پشتیوانی تێرۆریزمی لە پێشکەش‌کردنی بەستەی میلیۆن دۆلاری بە گرووپە تێرۆریستییەکان بەستوە.

درێژە لە لاپەڕەی ٢

## یادی تێرۆری د. قاسملوو لە سەروبەندی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا

قادر وریا

ل (٣)

## گوتاری میللی-دێموکراتیکی حیزبی دێموکرات

سمایل شەرەفی

ل (٦)

## مەترسییەکانی گۆڕانی دێموگرافیی کوردستان

دیمانە: شەونم هەمزەیی

ل (٩)

## میداڵی دەرەجە یەک

عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە

ل (١١)

درێژەی سەروتار

## کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی قەیران

... نەبوونی ئیمکاناتی ماڵی بۆ دابینکردنی پێویستییەکانی ئەم گرووپانە لاوازیی ئەوانی بە دواوە بووە، زیاتر لەو ڕادەیەش فشارە سیاسی و نیزامییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیلی هاوپەیمانی لە ناوچەدا تووشی گرفتی گەورەی کردوون. وەها کە بەرەبەرە نائومێد بن لەوەی کە لە جیاتی درێژەپێدان بە ستراتێژیی پەرەپێدان بە نفووزی سیاسی، تەنانەت بتوانن دەسەڵاتەکەی خۆیشیان بپارێزن. لێدانی پەیتاپەیتای هێزەکانی سپای پاسداران لە لایەن ئیسرائیلەوە بەبێ ئەوەی توانای بەرگری کردنیان هەبێ یا بتوانن نارەزایەتییەک دەرببڕن، نە تەنیا برستی لێبڕیون بەڵکوو بەرەبەرە جێ پێی کۆماری ئیسلامی لەو وڵاتە لەق دەکا و بە دوور نابینرێ تەنانەت گۆڕانی دەسەڵاتیش لەو وڵاتە بە دووی خۆیدا بێنێ. لە یەمەنیش سەرەڕای بەردەوامیی پشتیوانی لە میلیشیا حووسییەکان و گەیاندنی چەک بۆ درێژەدان بە شەڕیماڵوێرانکەری ئەو وڵاتە، بە هۆی کەمبوونەوەی یارمەتییەکانی ئێران و هاتنەخوارەوەی توانای ماڵی، لاوازبوونی بەرەبەرەی میلیشیا شیعەکان دەبیندرێ و وێدەچێ لە داهاتوودا بە دوور لە دەستێوەردانی کۆماری ئیسلامی ڕێگە چارەیەک بۆ کێشەی نێوخۆی ئەو وڵاتە ببیندرێتەوە.

بەرچاوتر لەو شوێنانە وڵاتی عێراقە لە لە ساڵی ٢٠٠٣ـی زایینی

بەم لاوە بۆ کۆماری ئیسلامی بووەتە مەیدانی شەڕی یەکلاکەرەوە لەگەڵ ئەمریکا لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی. شەڕێک کە ئەگەر بۆ ئەمریکا کوژرانی چەند سەت سەربازی بەدواوە بووە و ڕەنگبێ بەدەستهێنانی پووڵ و ئیمتیازاتێکی زۆری بۆیان هەبووبێ، بەڵام بۆ ئێران خەرجێکی ماڵیی زۆری هەڵگرتوە و هەر لە ساڵی ڕابردوودا لە خۆپیشاندانی خەڵک لە شارە گەورەکانی عێراق بە تایبەت لە بەغدا و نەجەف کە دوو پێگەی سیاسی و ئایینیی گرینگی ئەو وڵاتەن، دەرکەوت کە ڕێبەرانی ڕێژیمی ئێران نە تەنیا پووڵەکەشیان چووە بەڵکوو حەیا و نفووزیشیان لەوێ لەدەست داوە. ئێستا ئەوەی دەکەوێتە بەرچاو بەهێزبوونی پێگەی سیاسیی ئەمریکایە لە عێراقدا و پێدەچێ لە داهاتوودا بەرتەسک کردنەوەی زیاتری جموجۆڵەکانی میلیشیاکانی سەر بە ئێران، ئەوەندەی دیکەش دەستی کۆماری ئیسلامی لە دەستێوەردان لە کاروباری ئەو وڵاتەدا کورت بکاتەوە. بەم جۆرە دەبینین ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی لە تەواوی ئەم ساڵانەدا بە تاڵانکردن و بە هەوانتە خەرجکردنی پووڵ و سامانی خەڵک و وڵات لە دەرەوەی سنوورەکان، نە تەنیا هیچ دەسکەوتێکیان بۆ خۆیان و خەڵک نەبووە بەڵکوو بە برسی ڕاگرتنی خەڵکی ئێران و سەپاندنی دواکەوتوویی بەسەر ئێراندا، تەنیا وێرانیی ئەو وڵاتانەی کە پشتیان بەوان بەستبوو کردە دیاری بۆ ئێرانییەکان و خەڵکی ئەو وڵاتانە.

بەم جۆرە ئەگەر بیر لە قەیرانەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و چارەسەرەکان دەکرێتەوە دەبێ پێش هەموو شتێک بیر لە سەرچاوەی قەیرانخولقێنییەکان بکرێتەوە کە ئەویش ڕێژیمی کۆماری ئیسلامییە. ڕێژیمێک کە وەک دەبیندرێ نە تەنیا لە نێو خەڵکی ناوچەدا پێگەیەکی نەماوە و هەموو بە سەرچاوەی نەهامەتییەکانی دەزانن بەڵکوو لە نێو خەڵکی ئێرانیشدا کەمترین جێگەیەک بۆ خۆی شک نابا کە بۆ داهاتوو دڵی پێ خۆش بکا. ئێستا ڕێبەرانی نیزام خۆیان ماون و بەشێک لە دەزگا سەرکوتکەرەکانیان کە پشتیوانیی خەڵکی ئێرانیشیان لەدەست داوە. خەڵک لە ئێراندا تەنیا بیر لە یەک ڕێگە دەکەنەوە بۆ ڕزگاربوون لە چنگ ئەو ستەم و بێدادییەی لە ئێران و ناوچەدا بەڕێوە دەچێ، ئەویش نەمانی کۆماری ئیسلامییە. بێگومان ئەگەر کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و وڵاتانی خاوەن بڕیار لە چارەسەری کێشەکاندا بە وردی بڕواننە ڕوانینی خەڵکی ئێران دەزانن و دەتوانن، بە دوور لە بەرژەوەندیخوازیی تاک لایەنە و لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی ئێران و ناوچە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا، هەوڵدان بۆ ئاڵوگۆڕێک لە ئێراندا بکەنە ئامانج و هەنگاوی بۆ هەڵێننەوە کە ئاشتی و پێوەندیی دۆستانە لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەستەبەر بکا و ژیان و ئارامی بۆ ئێران و خەڵکەکەی بگێڕێتەوە.

# کوژران و بریندابوونی ٥٨ کۆڵبەر، بەندکرانی ١٠٦ چالاکی سیاسی، ئێعدامی ١٥ بەندکراوی کورد

**ڕاپۆرتی بەشێک لە پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هۆی دەزگای قەزایی، هێزە چەکدارەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە لە وەرزی بەهاری ١٣٩٩ی هەتاوییدا**

کوردستانی ئێران لە ساڵی نوێی ١٣٩٩ و لە وەرزی یەکەمی ئەمساڵیشدا هەمدیسان وەک ڕابردوو بەشی شێری لە سەرکوتکاریی کۆماری ئیسلامی و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لە هەموو بەستێنەکانی سیاسی، مەدەنی، کۆمەڵایەتی و ئابووریدا پێ بڕا.

به پێی ئەو داتا و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لای خۆی تۆماری کردوون، تەنیا لە ماوەی سێ مانگی بەهار و سەرەتای ئەمساڵدا زیاتر لە ٣٠٠ حاڵەتی پێشێلکردنی زبری مافی مرۆڤ لە کوردستان ڕووی داوە.

لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا کە کۆمەڵگەی مرۆیی بە پەتای کرۆناوە گرفتار بووە و هەموو وڵاتان و دەوڵەتان بە پێی توانایان لە هەوڵی خزمەتکردن بە خەڵکی خۆیان و کەمکردنەوە لە مەینەتی و کێشەکانیاندا بوون، ٥٨ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بوونەتە قوربانیی سیاسەتی پەرەنەسەندنی کوردستان لە ڕووی ئابووری و، ڕەفتاری دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران دەرحەق بە گەلی کورد. لەو ٥٨ کۆڵبەرە ٢٤ کەسیان کوژراون و ٣٤ کۆڵبەریش بریندار بوون. هەروەها دوو کۆڵبەریش بە هۆی تەقینەوەی مین لاقیان پەڕیوە.

کوژران و بریندابوونی ٥٨ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد لە وەرزی بەهاری ئەمساڵ لە حاڵێکدایە کە لە ساڵی ڕابردوو (١٣٩٨)ـیشدا ٢٤٠ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە هۆی تەقەی ڕاستەوخۆ، تەقینەوەی مین، بەربوونەوە لە بەرزایی لە سۆنگەی ڕاوەدوونان و هەروەها ڕەقهەڵاتن لە سەرما گیانیان لەدەست دا و بریندار ببوون. لەو ٢٤٠ قوربانییەی ساڵی ڕابردووی هەتاوی ٧٣ کەسیان کوژرابوون و هەروەها ١٦٧ کەسیش بریندار ببوون.

هەر لە ماوەی ئەم سێ مانگەدا ١٠٦ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لە دژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیراون. ژمارەیەک لەوان دوای لێکۆڵینەوە و لێپێچینەوەکانی ناوەندە ئەمنیەتییەکان تا کاتی دادگاییکرانیان بە دانانی بارمتە ئازاد کراون و ٣٦ کەس لەوان حوکمی ٢ مانگ تا ٢٥ ساڵ (سەرجەم ٢٣٧٢ مانگ) زیندانیان بەسەردا سەپاوە، بەندکراوێکی سیاسیی کوردیش بە تۆمەتی ئەندامەتیی حیزبێکی کوردی سزای ئێعدامی بەسەردا سەپاوە؛ هەروەها دوو بەندکراوی سیاسیی کوردیش لەژێر ئەشکەنجەدا گیانیان لێ ئەستێندراوە.

جێی بیرهێنانەوەیە کە ساڵی ڕابردوو (١٣٩٨)ـیش لانیکەم ٨٥٤ کەس لە خەڵکی ئاسایی و چالاکانی مەدەنی و سیاسی لە لایەن دەزگا ئەمنیەتییەکانەوە بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی و سیاسی لەدژی کۆماری ئیسلامی و بەرژەوەندییەکانی ئەو ڕێژیمە گیرابوون. لەو ٨٥٤ بەندکراوە سیاسییە لانیکەم ٢٠١ کەسیان دادگایی و سزای لە سێ مانگ تا سزای درێژخایەنی ٣٠ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپابوو. هەروەها ٢ بەندکراوی کوردیش بە تۆمەتی "موحاربە" و ئەندامەتیی حیزبە کوردییەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیم سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو و ٥ بەندکراوی کوردیش لەژێر ئەشکەنجە یان بە هۆی پێڕانەگەیشتنی پزشکی لە گرتووخانەکان و ناوەندە ئەمنیەتییەکاندا گیانیان لێ ئەستێندرابوو.

لە ماوەی سێ مانگی بەهاری ئەمساڵدا لانیکەم ١٥ بەندکراوی کورد ئێعدام کراون کە مستەفا سەلیمی، یەک لەو بەندییە ئێعدامکراوانە، زیندانیی سیاسی بوو کە توانیبووی لە زیندان ڕابکا؛ بەڵام دوای ئەوەی لە هەرێمی کوردستان دەستبەسەر و ڕادەستی کۆماری ئیسلامیی ئێران کرایەوە، لەدار درا.

هیدایەت عەبدوڵلاپوور، زیندانییەکی سیاسیی دیکەی کورد بوو کە دوای چوار ساڵ مانەوە لە زیندان بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبی دێموکرات کوردستانی ئێران ئێعدام کرا و هەواڵی ئێعدامکرانەکەی دوو مانگ دواتر بە بنەماڵەکەی ڕاگەیەندرا. ئەو ١٣ زیندانییەی دیکەش کە لە سێ مانگی بەهاری ئەمساڵدا ئێعدام کراون، پێشتر بە تاوانی کوشتنی بەئەنقەست یان تاوانەکانی پێوەندیدار بە مادەی هۆشبەر سزای ئێعدامیان بەسەردا سەپابوو.




ئاماری ئێعدامەکان لە کوردستان لە ماوەی ساڵی ١٣٩٨ـیشدا لانیکەم ٤٦ کەس بوو کە بە پێی ڕێژەی حەشیمەتی کورد لە ئێران و ئاماری ئێعدامەکان لەو وڵاتە، لەو بوارەی پێشێلکردنی مافی مرۆڤیشدا کورد هەر بەشی شێری بەرکەوتوە.

لە ماوەی سێ مانگی سەرەتایی ئەمساڵدا تەقینەوەی مینە لەکار نەخراوەکان لە کوردستان زیاتر لە 28 قوربانیی وەرگرتوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٩ کەس لەوانی ئاشکرا کردوە. لەو ٩ قوربانییەی تەقینەوەی مین کە ناویان ئاشکرا کراوە یەکیان گیانی لەدەست داوە و ئەوانی دیکە بریندار و نقوستان بوون.

جێی باسە ژمارەی قوربانییانی مینە لەکار نەخراوەکان لە ساڵی ڕابردووشدا لانیکەم ٤٨ کەس بوو کە ناو و ناسناوی ٢٠ کەس لەوان بۆ میدیاکان و ناوەندەکانی داکۆکی لە مافی مرۆڤ ئاشکرا ببوو. لەو ٢٠ کەسە ١٤ کەسیان بریندار و نقوستان ببوون و ٦ کەسیشیان گیانیان لەدەست دابوو.

هەر لە ماوەی بەهاری ئەمساڵدا دەیان کرێکاری کورد لە کوردستان و ناوچەکانی دیکەی ئێران بوونەتە قوربانیی ڕووداوی کار. ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەو ماوەیەدا ناو و ناسناوی لانیکەم ١٠ کرێکاری کوردی ئاشکرا کردوە بە هۆی جۆراوجۆری وەک سووتان، بەربوونەوە لە بەرزایی و برق گرتوویی گیانیان لەدەست داوە.

لە ساڵی ڕابردووشدا زیاتر لە ١٨٠ کرێکاری کورد بە هۆی ڕووداوی کار گیانیان لەدەست دا کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و شوناسی ٥٤ کەس لەوانی تۆمار کردبوو، ئەوە جیا لەو سەدان کەسەی بە هۆی ڕووداوی کار و لە نەبوونی ستانداردە ئەمنیەتییەکاندا بریندار و نقوستان ببوون.

ئاماری خۆکوژییەکانیش لە کوردستان بە هۆی پەرەسەندنی خەمۆکی و قەیرانەکانی بێکاری و ئابووری هەروەها؛ کەمتەرخەمیی دامودەزگا دەوڵەتی و حکوومییەکانەوە لە ماوەی ئەو سێ مانگەی بەهاردا دیار و بەرچاو بووە.

لە ماوەی ئەو سێ مانگەدا هەر نەبێ ٧٥ کەس لە کوردستان خۆیان کوشتوە کە ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شوناسی ٥٩ کەس لەوانی بە ڕوونی تۆمار کردوە. کەم تەمەنترینیان کچێکی ١٢ ساڵ و بە تەمەنترینیان پیاوێکی ٥٦ ساڵ بووە. جێی باسە بە بەراورد لەگەڵ ماوەی هاوشێوەی ساڵی ڕابردوو کە ٤٢ کەس بە هۆی خۆکوشتنەوە کۆتاییان بە ژیان هێنابوو، دەردەکەوێ کە حاڵەتەکانی خۆکوشتن لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا لە چاو ساڵی ڕابردوو بە ڕێژەیەکی بەرچاو زیادی کردوە.

لە ساڵی ڕابردووشدا لانیکەم ٢٥٣ کەس لەو سەدان کەسەی بە هۆی جۆراوجۆری وەک هەژاری، بێهیوایی و کێشەی خێزانییەوە هەوڵی خۆکوشتنیان دابوو، هەوڵەکانیان بەداخەوە سەرکەوتوو ببوو. لەو ٢٥٣ کەسە ١٢١ کەسیان ژن و ١٣٢ کەسیان پیاو بوون.

لە ماوەی سێ مانگی بەهاردا لانیکەم 20 بەندکراوی کورد لە زیندانەکاندا بە هۆی کرۆنا گیانیان لەدەست دا کە ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان ناو و ناسناوی زیاتر لە ١٠ کەس لەوانی ئاشکرا کردوە. هەروەها ڕۆژی سێشەممە، ٣٠ـی بانەمەڕ فەرمانبەرانی شارەوانیی ناوچەی ٣ـی کرماشان خانوویەکیان لە گەڕەکی فەدەک کە گوایە مۆڵەتی یاسایی نەبووە، ڕووخاندوە و لە ئاکامدا لەگەڵ بەرگریی ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە بەرەوڕوو بوون. نێردراوەکانی شارەوانی "ئاسیە پەناهی"، دایکی ئەو بنەماڵەیان دابووە بەر لێدان و کوتان کە بەو هۆیەوە گیانی لەدەست دا.

شایانی باسە ئەو ئامار و زانیارییانەی ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەسەر پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەو بەشەی ئێران بڵاوی کردۆتەوە، تەنیا ئەو بەشە لەو حاڵەتانە دەگرێتەوە کە هەواڵ و زانیارییەکان بە ئاشکرا بە میدیایی کراون و لە لایەن سەرچاوە باوەڕپێکراوەکانەوە ئاماژەیان دراوەتێ، ئەگینا ئەو ناوەندە پێی وایە کە ئاماری ورد و دروستی پێشێلکاریی مافی مرۆڤ لە کوردستان بە هۆی کۆماری ئیسلامیی ئێران زۆر زیاتر لەو ئامارەیە کە دەخرێتە بەرچاو.

***

**لینکی دێکیۆمێنت و خشتەی پێشێلکردنەکانی مافی مرۆڤ لە کوردستان لە سێ مانگی سەرەتای ساڵی ١٣٩٩ی هەتاوییدا:**

http://chawnews.com/?p=4300

## ڕاگەیەندراوی ناوەندی «مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان» سەبارەت بە شەهید بوونی سێ ژینگەپارێزی ئەنجومەنی «ژیوای»ـی پاوە

**خەڵکی تێکۆشەر و مافویستی کوردستان!**
**ڕێکخراوە مەدەنییەکان!**
**بنەماڵەی سەربەزری شەهیدانی ژینگە!**

بە بۆنەی هەواڵی شەهیدبوونی گوماناویی سێ ژینگەپارێزی ئەنجومەنی "ژیوای"ـی پاوە لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی "بووزین" و "مەرەخێڵ" سەرەخۆشی و هاوخەمیی خۆمان ئاراستەی خەڵکی ئەمەگناسی کوردستان، سەرجەم ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بە تایبەت ژینگەپارێزانی ڕۆژهەڵاتی نیشتمان دەکەین.

بەداخەوە لەمێژ ساڵە ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی کوردستان کە بە پێی نیشانە و بەڵگەکان زۆربەی ئەو ڕووداوانە دەستی بەئەنقەستی لە پشتە، بووەتە بەڵایەکی گەورە بۆ سروشتی کوردستان. جیا لەو زیانەی هەموو جارێ بە هۆکاری ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی کوردستان و ژینگە و سروشتی نیشتمان دەکەوێ، ئەم جارەیان ئاگرکەوتنەوە لە دارستانەکانی "مەرەخێڵ" گیانی سێ ڕۆڵەی نیشتماندۆست و ژینگەپارێزی دەروەستی کوردستانیشی ستاند.

ئێستا ئیدی لە کەس شاراوە نییە، کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە هۆی کەمتەرخەمی و زۆر جاریش بەئەنقەست و بە پیلانی پێشوەخت ژینگە و دارستانەکانی کوردستان دەکەنە ئامانج. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا قۆڵی لە تاڵانی سەرچاوە، سامان و خاپوورکردنی کوردستان و سروشتەکەی هەڵماڵیوە و لە بەرامبەردا ئەوە ڕۆڵە نیشتماندۆست و ژینگەپارێزەکانی کوردستانن کە لە چوارچێوەی ڕێکخراوە مەدەنی و ژینگەپارێزییەکاندا بە کەمترین ئیمکاناتی بەر دەستیان هەوڵی پاراستنی ژینگەی کوردستان دەدەن و بە دەستی بەتاڵەوە بوون بە پارێزەرانی ژینگە و نیشتمان.

ئەو ڕێکخراوانە و ئەندامەکانیان زۆر جار کەوتوونەتە بەر غەزەبی ناوەندە ئەمنیەتییەکان و، بۆ زۆر لەوان پەروەندەسازی کراوە؛ بەڵام ئەو بەرەنگاری و دوژمنکارییە کۆڵی پێ نەداون و هەنگاوی پێ شل نەکردوون. شەهیدبوونی "شەریف باجوەر"، "ئومێد حوسێنزادە"، "ڕەحمەت حەکیمینیا" و "محەممەد پەژووهی" لە ساڵانی ڕابردوودا و ئەم جارەشیان شەهیدبوونی "موختار خەندانی"، "یاسین کەریمی" و "بیلال ئەمینی" لە ڕووداوەکەی دوێنێی "مەرەخێل"ـدا بەڵگەن بۆ، خۆنەویستی و ئیرادەی پێشمەرگەئاسای ڕۆڵەکانی ئەم گەلە.

ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان سیاسەتی تاوان و دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی دەرحەق بە کۆمەڵانی خەڵکی کورد و سروشت و ژینگەی کوردستان مەحکووم دەکا و ڕێژیم بە بەرپرسیاری سەرەکیی شەهیدبوونی ئەم ژینگەپارێزانە دەزانێ.

سڵاو لە گیانی پاکی ئەوانەی ژیانی خۆیان لە ڕێگەی نیشتمان بەخت کردوە،
سڵاو لە ڕۆحی بەرزەفڕی شەهیدانی ئەنجومەنی "ژیوای"ـی پاوە و،
بە هیوای چاکبوونەوەی بریندارانی دیکەی ئەم ڕووداوە.

**ناوەندی مافی مرۆڤ بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان**
**٩ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی**

# یادی تێرۆری د. قاسملوو لە سەروبەندی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبدا


قادر وریا

٢٢ی پووشپەڕی ١٣٩٩، ٣١ ساڵەی تێرۆری د. قاسملووی ڕێبەر خەریکە لێمان نزیک دەبێتەوە. ئەمساڵ لە کاتێکدا یادی خەساری گەورەی لەدەست دانی د. قاسملوو دەکەینەوە کە بەرەو ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دەچین.

لێکنزیک بوونی ئەو دوو بیرەوەرییە، وامان لێ دەکا کە لە یادکردنەوەی هەر کامێکیاندا، گۆشەنیگایەکمان لە سەر ڕووداو یا بیرەوەرییەکەی دیکە بێ.

دوای قازی محەممەد، پێشەوا و دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستان، هیچ ناوێکی دیکە بە ڕادەی ناوی د. قاسملوو، سێبەر و تیشک و نفووزی نەخستوەتە سەر ئەم حیزبە. هیچ ناوێکی دیکە ئەوەندە ئادرەس و ناسێنەری حیزبی دێموکرات نەبوون. هیچ کەسایەتییەکی دیکەش ئەوەندە لە بنیاتنانەوە و زیندووکردنەوەی ئەم حیزبە و شوناس پێدان و ڕەنگڕێژکردنی ڕێباز و سیاسەتەکانیدا، ڕۆڵ و کاریگەرییان نەبووە. ئەم ڕاستییانە وامان لێ دەکەن ئەو پرسیارە لە خۆمان بکەین، د. قاسملووی ڕێبەر، چیی لە دوای خۆی بۆ حیزبەکەی و لە ڕێگای خەبات و تێکۆشانی حیزبەکەی، بۆ نەتەوەکەی بەجێ هێشتوە و، حیزبی دێموکرات چەند توانیویەتی و چۆن دەتوانێ، هەڵگر و پارێزەری میرات و سامانێک بێ کە لەو ڕێبەرەوە بۆی ماوەتەوە؟

قسەی تێدا نییە لە یادکردنەوەی تێرۆری د. قاسملوو و هاوڕێ عەبدوڵڵا قادری ئازەردا، یەکەم شت دوای ٣١ ساڵ کە هەر وا مایەی داخ و بە ئازارە، داخراویی ئەو پەروەندەیە، سەرپۆش دانانی دەوڵەتی ئۆتریش لەسەر ڕاستییەکانی ئەو تاوانە تێرۆریستییە و، بەڕێوە نەچوونی حوکمی عەداڵەت لە بارەی بەڕێوەبەرانی ئەو تاوانە گەورەیەیە. بێگومان هەتا ئەو پێشێلکردنەی حەق و دادپەروەری درێژەی هەبێ، حیزبی دێموکرات، نەتەوەی کورد و هەموو خوازیارانی عەداڵەت لە سەریانە نەحەسێنەوە و وەبیر خۆیانی بێننەوە کە پێویستە بە دوای ڕێگا و ئامرازی کاریگەر بە مەبەستی کرانەوەی ئەو پەروەندەیەدا بگەڕێن. ئەو پرسیارە لە جێی خۆیدایە کە خاوەنانی ئەو کەیسە، حیزبی دێموکرات و بزووتنەوەی نەتەوەیی و ئازادیخوازی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ئایا بەراستی هەموو دەرگایەک و هەموو ڕێگایەکیان لەسەر داخراوە و هەمووانیان تاقی کردوەتەوە؟ دوای ئەو هەمووە ساڵە و ئەو هەمووە گۆڕانە کە لە پێوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا ڕوویان داوە، هێشتا هەلومەرجێکی باشتر لە سوودی ئەو کەیسە و قوربانییەکانی ئەم تێرۆرە و ڕاستی و حەق و عەدالەت نەهاتوەتە کایەوە؟!

دووهەم خاڵ لە پێوەندی لەگەڵ تێرۆری د. قاسملوودا، هەمیشە و هەموو کات جێگای سەرنج بووە، ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە لە نێو بردنی د. قاسملووی ڕێبەر چ زەبرێکی قورسی لە حیزبەکەی و لە بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانە و ئازادیخوازانەی کوردستان دا و، ئەو حیزبە و ئەم بزووتنەوەیە، چەندە توانیویانە شوێنەوارە گەورە و قووڵەکانی ئەم خەسارە کەم بکەنەوە؟

ئەوە کە چەندین ساڵ دوای نەمانی ئەو ڕێبەرە، حیزبی دێموکرات سەرەڕای هاتنە کایەی زۆر فاکتەر و هەلومەرج لە بەرژەوەندیی ڕێژیمی ئێران لە ئاستی ناوچەدا و، لە زیانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توانیویە وەک هێزێکی سەرەکی لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بمێنێتەوە و، کوردستان هەر وا یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی جەهەننەمی و دژەگەلیی ئەو ڕێژیمە بێ، دەتوانین وەک خاڵێکی جێگای شانازی بۆ درێژە دەرانی ڕێگا و ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە ببینین. جگە لەمەش قاسملوو وەک ڕێبەرێک و وەک سەرچاوە و داهێنەری زۆر پرەنسیپ و باوەڕ و سیاسەت، جگە لەوەی لە نێو حیزبەکەی و درێژە دەرانی ڕێگاکەیدا کاڵ نەبووەتەوە، لە نێو نەتەوەکەشیدا زۆر زیاتر لە سەردەمی ژیانی بووە بە هێمای خەبات لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەیی، بووە بە ڕەمزێکی خۆشەویست لە پانتایی کوردستاندا کە چین و توێژی جۆراوجۆر شانازی بە ئامانجەکان و ڕێگا و ڕێبازەکەیەوە دەکەن و لێی کۆ دەبنەوە. زێدەڕۆیی نییە ئەگەر بڵێین ئەو ڕێبەرە شەهیدە هاوکات هەم وەک هێمای سەرکردەیەکی سەرکەوتوو و لێهاتووی فکری، سیاسی، دیپلۆماسی و مەیدانیی خەباتی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەی لە سەردەمی ژیانیدا چاوی لێ دەکرێ، هەم وەک ڕەمزی مەزڵوومییەت و غەدر لێکراویی نەتەوەیەک کە تەنانەت ئەو کاتەش کە ڕێگای دانوستان و ئاشتی بۆ چارەسەری پرسە نەتەوەییە ڕەواکەی هەڵدەبژێرێ، بە تێرۆر و کوشتن بەرەو ڕووی دەبنەوە.

بەڵام حیزبێک کە قاسملوو چەندین ساڵ بەو پەڕی لێوەشاوەییەوە، ڕێبەریی کرد و توانی لە ئاستی کوردستان، ئێران و لە گۆڕەپان و لە کۆڕ و کۆمەڵی نێودەوڵەتییدا، جێگە و پێگەیەکی بێڕکەبەر و دیاری بۆ دابین بکا، ٣١ ساڵ دوای شەهید بوونی ئەو ڕێبەرە، نەیتوانیوە جێگای بەتاڵی ئەو لە ڕێبەریی خۆیدا پڕ بکاتەوە. جگە لەمەش لە ئەنجامی ناکۆکییە نێوخۆییەکانیدا، ئەوە بۆ ١٥ ساڵ دەچێ بووە بە دوو لەت. ڕێڕەوانی ئەو ڕێبەرە شەهیدە لە کاتێکدا بەرەو ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزبەکەیان دەچن کە هێشتا نەیانتوانیوە ئەم دۆخە چارەسەر بکەن و حیزبی دێموکرات بکەنەوە بە یەک. ناکرێ خۆ لە دانان بەم ڕاستییەدا ببوێرین کە دوو کەرت بوونی حیزبی دێموکرات، کاریگەریی نەرێنیی حاشا لێنەکراوی لەسەر هیوای خەڵکی کوردستان بەو حیزبە هەبووە. هیچ کەس گومانی لەوەدا نییە کە بەبێ یەکبوونەوەی حیزبی دێموکرات و لە ئەگەری درێژەکێشانی ئەم دۆخەی ئێستا، میراتی قاسملوو و بەرهەمی ٧٥ ساڵ خەبات و قوربانی دانی هەزاران تێکۆشەری ئەم ڕێگا پڕ سەروەرییە، پتر بەرەو ڕووی لاواز بوون و مەترسی و هەڕەشەی جۆراوجۆر دەبێتەوە.

ئەم ڕاستییانە بەم ئاکامەمان دەگەیەنن کە باشترین وەفاداری لە ئاست ڕێبەری شەهید د. قاسملوو لە ٣١ ساڵەی شەهید بوونیدا، هەروەها باشترین خاوەنداریەتی لە بەرهەمی خەبات و تێکۆشانی پڕ لە قوربانی دانی سەرجەم شەهیدان و نەمرانی ئەم مێژووە ٧٥ ساڵەیە، هەر لە پێشەوا قازی محەممەدی دامەزرێنەری حیزبی دێموکراتەوە تا دەگاتە نوێترین شەهیدانی ئەم قوتابخانەیە، بریتییە لە زاڵبوون و سەرکەوتن بەسەر لێکدابڕان و پەرتەوازەیی بنەماڵەی گەورەی دێموکرات. بریتییە لە ئامادەکردنی حیزبی دێموکراتی خاوەن مێژوویەکی پڕشنگدار بۆ جێبەجێکردنی ئەرکە گەورە و گرانەکانی لە قۆناغەکانی لێرە بەدواوەی خەباتدا، بریتییە لە گەڕاندنەوە و ژیاندنەوەی هیوا بۆ خەڵکی کوردستان و شەرمەزار نەبوون و سەربەرزبوون لە ئاست ڕابردوو و داهاتوو.

***

> **ئەوە کە چەندین ساڵ دوای نەمانی ئەو ڕێبەرە، حیزبی دێموکرات سەرەڕای هاتنە کایەی زۆر فاکتەر و هەلومەرج لە بەرژەوەندیی ڕێژیمی ئێران لە ئاستی ناوچەدا و، لە زیانی بزووتنەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان، توانیویە وەک هێزێکی سەرەکی لە مەیدانی خەبات و بەربەرەکانی لەگەڵ کۆماری ئیسلامیی ئێراندا بمێنێتەوە و، کوردستان هەر وا یەکێک لە ناوەندە گرنگەکانی دژایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی جەهەننەمی و دژەگەلیی ئەو ڕێژیمە بێ، دەتوانین وەک خاڵێکی جێگای شانازی بۆ درێژە دەرانی ڕێگا و ئامانجەکانی ئەو ڕێبەرە ببینین.**



> **قاسملوو وەک ڕێبەرێک و وەک سەرچاوە و داهێنەری زۆر پرەنسیپ و باوەڕ و سیاسەت، جگە لەوەی لە نێو حیزبەکەی و درێژە دەرانی ڕێگاکەیدا کاڵ نەبووەتەوە، لە نێو نەتەوەکەشیدا زۆر زیاتر لە سەردەمی ژیانی بووە بە هێمای خەبات لە پێناوی ڕزگاریی نەتەوەیی، بووە بە ڕەمزێکی خۆشەویست لە پانتایی کوردستاندا کە چین و توێژی جۆراوجۆر شانازی بە ئامانجەکان و ڕێگا و ڕێبازەکەیەوە دەکەن و لێی کۆ دەبنەوە.**

## ڕووداوەکەی «مەڕەخێڵ» دەستی تاوانی کۆماری ئیسلامیی لەپشتە

### ڕاگەیاندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران بە بۆنەی شەهید بوونی سێ تێکۆشەری ژینگەپارێز لە ناوچەی پاوە

**هاونیشتمانییانی بەڕێز!**
**کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕێکخراوە ژینگەپارێزەکانی کوردستان!**

هەواڵی شەهیدبوونی سێ ڕۆڵەی گەلەکەمان کە ڕۆژی یەکشەممە، ٨ی پووشپەڕ لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگرەکانی دارستانەکانی "گۆزێڵ" و "مەڕەخێڵ" گیانی پاکیان پێشکەشی نیشتمان کرد، خەفەتباری کردین. بەو بۆنە خەمناکەوە سەرەخۆشی لە هەموو لایەک، بە تایبەتی بنەماڵە کۆستکەوتووەکانیان، هاوڕێباز و هاوئامانجەکانیان لە ڕێکخراوە ژینگەپارێزییەکانی کوردستان و بە تایبەتیتر لە ئەنجومەنی "ژیوای"ی پاوە دەکەین.

ئێستا ئیدی هەمووان دەزانن کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە ڕێگای ناوەندە ئەمنیەتی و کەسانی خۆجێیی سەر بە خۆیان بە پلان و پیلانی وردەوە خەریکی تێکدان و لە بەین بردنی ژینگەی کوردستان و سووتاندنی بە ئانقەستی دارستانەکانی کوردستانن. هەر لەم ساڵانەی دواییدا بە هەزاران هێکتار لە دارستانەکانی کوردستان لە ماکۆڕا بگرە هەتا ئیلام لە ئاگری ڕقی ڕێژیمی تاراندا سووتاون و لەوەش زیاتر ڕۆژ نییە سپای پاسداران و ئیدارەی ئیتلاعاتی ڕێژیم لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان چالاکانی ژینگەپارێز بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی! دەسبەسەر و ڕاپێچی گرتووخانەکان نەکا. لێکەوتەی دڵتەزێن و لەوەش کارەساتبارتر شەهیدکردنی دڵسۆزانی نیشتمان و ژینگەپارێزانی کوردستانە کە پێشمەرگەئاسا و بە دەستی بەتاڵ و بێهیچ ئیمکاناتێک بۆ پاراستنی نیشتمان و پارێزگاری لەو ژینگەیە تێ دەکۆشن.

خەرمانانی دوو ساڵ لەمە پێش بوو کە چوار تێکۆشەری ژینگەپارێز بە ناوەکانی شەریف باجوەر، ئومێد حوسێنزادە، ڕەحمەت حەکیمینیا و محەممەد پەژووهی لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی مەریواندا سووتان و شەهید بوون. ئەم جارەشیان لە دارستانەکانی "بووزین" و "مەڕەخێڵ" سێ ژینگەپارێز و خەمخۆری نیشتمان بە ناوەکانی موختار خەندانی، یاسین کەریمی و بیلال ئەمینی لەکاتی کوژاندنەوەی ئاگردا گیانی ئازیزیان لەدەست دا.

ناوەندی هاوکاری پێشتریش لە کاتی شەهیدبوونی ژینگەپارێزەکانی مەریواندا ڕای گەیاندبوو کە کاربەدەستانی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی بە بەرپرسیاری ئەم ڕووداوە دەزانێ، چونکی بەڵگەنەویستە بە هۆی کەمتەرخەمی و زۆر جاریش بە هەوڵی بەئەنقەست و بە پیلانی پێشوەختەی ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمە ژینگە و دارستانەکانی کوردستان دەسووتێن و دەبنە خەڵووز. ئەو ئاگرەش کە ئەم جارە و دیسانەکەش بووە هۆی مەرگی جەرگبڕی سێ ڕۆڵەی ژین و ژینگەخۆشەویستی کوردستان، ئاگری قین و بوغزێکە پتر لە چوار دەیەیە بەر بووەتە گیانی سروشتی کوردستان و دەستی تاوانێکی لە پشتە، کە بەردەوام ڕۆڵەکانی کورد دەکاتە قوربانی.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران وێڕای سەرەخۆشی لە هاوڕێباز و بنەماڵەی ئازیزانی لە دەستچوومان، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران و دەستوپێوەندییەکانیان بە تاوانبار و بەرپرسیاری سەرەکیی ئەو ڕووداوانە دەزانێ.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهیدانی ئەنجومەنی ژینگەپارێزیی ژیوایی پاوە، موختار خەندانی، یاسین کەریمی و بیلال ئەمینی و بەهیوای چاکبوونەوەی هەرچی زووتری بریندارانی دیکەی ئەم ڕووداوە.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران**
**٩ی پووشپەڕی ١٣٩٩**

# ڕێژیمی سیاسیی ئێران لە نێوان ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمدا

## (تایبەتمەندییەکانی ئۆتۆریتاریزم لەنێو ڕێژیمی سیاسیی ئێراندا)

**(٢٢-٧)**



دیلان هەردی

ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان، ڕێژیمگەلێکی ئاڵۆزن، لەبەر ئەوەی تایبەتمەندی و توخمی مۆدێلە دژبە یەکەکان لە خۆیاندا کۆ دەکەنەوە. لە هەندێک ڕێژیمە نادێموکراتەکاندا، دۆزینەوەی سروشتی ڕێژیمەکە کارێکی دژوارە، چونکە تایبەتمەندیی ڕێژیمە جیاوازەکانی وەکوو دێموکراسی، ئۆتۆریتاریزم و تۆتالیتاریزمی تێدا بەدی دەکرێ. ژوان لەنز پێی وایە، دوو ڕەهەندی بنەڕەتی هەن بۆ پێناسە کردنی ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان. ڕەهەندی یەکەمیان، هەبوونی ئاستێکی سنووردارە لە پلۆرالیزم و بێمەیلی و تەیار نەکردنی کۆمەڵگە بۆ بەشداریی سیاسی یان تەیار کردنێکی کۆنترۆڵکراو و نابەربڵاو. پلۆرالیزمی سنووردار بەو واتایەیە کە، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان لەگەڵ کۆمەڵگەیەکی مەدەنیی سنووردار و ئۆپۆزیسیۆنێکی نەرم لەسەر شەقام و لە نێو میدیاکاندا هەڵ دەکەن. ئەو تایبەتمەندییە دەتوانێ لەگەڵ "سروشتی تا ڕادەیەک بێسنووری پلۆرالیزمی سیاسیی دێمۆکراسییەکان تێکەڵ بکرێ و تێگەیشتنی هەڵەی لێ بکرێ". بەهۆی ئەو پلۆرالیزمە سنووردارەوەیە کە ئۆتۆریتاریزم لە سیستمی تاکحیزبی و تۆتالیتەر جیا دەکرێتەوە، هەروەها لە پلۆرالیزم و چەند حیزبییش کە تایبەتمەندیی دێموکراسییە جیا دەکرێتەوە. تۆتالیتاریزم دەیەوێ هەموو کۆمەڵگە لە پاوانی یەک ئایدۆلۆژییدا بێ، بەڵام ئۆتۆریتاریزم تەحەمولی هەندێک جیاوازیی ئایدۆلۆژیکی، ئایینی و سیاسی دەکا. واتە چەندین حیزب و گرووپی سیاسیی جیاواز دەتوانن چالاکی بکەن و تەنانەت لە نێو دەسەڵاتی سیاسییشدا هەبن. بەڵام بە چەند هۆکارێک ئەو پلۆرالیزمە سنووردارە: یەکەم، ئازادیی گرووپە سیاسییەکان لە لایەن حکوومەتەوە هەندێک چوارچێوەی بۆ داندراوە. لەگەڵ ئەوەشدا کە بوونی گرووپی ئۆپۆزیسیۆن یان سەندیکا ڕێگەی پێدراوە، بەڵام چوارچێوەیەکی کار و چالاکییان بۆ دەستنیشان کراوە و بەردەوام لەژێر چاودێرییدان. ئەو ڕێگە پێدانەش بۆ ئەوەیە کە ناڕەزایەتییەکان لە کۆمەڵگەدا نەگەنە ئەوپەڕی خۆی کە ببن بە هێزێکی مەترسیداری دژبە دەسەڵات.

هۆکاری دووهەمی سنووردارbوونی پلۆرالیزم ئەوەیە کە، هەرچەندە لەو ڕێژیمانەدا هەڵبژاردن هەیە بەڵام تەنیا بۆ پیشاندانی ڕوخسارێکی دێموکراتیکە، چونکە هەڵبژاردن کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر دەسەڵاتدارانی پلە یەکەم نییە و تەنیا هەندێک ئاڵوگۆڕ لە پلەکانی خوارووتردا پێک دێنێ. هەڵبژاردن لە لایەن حیزبی دەسەڵاتدارەوە، یان موهەندیسی دەکرێ، یان ساختەکاری و دەستێوەردان لە ژمارەی دەنگەکانیدا دەکرێ. پلۆرالیزم و چەند حیزبی لە هەڵبژاردندا ڕووکەشانەیە و زیاتر بۆ هێنانی خەڵکە بۆ سەر سندووقەکان. کەسی یەکەم دەیهەوێ بەردەوام و بۆ ماوەیەکی زۆر درێژ لە دەسەڵاتدا بێ، جا چ بە شێوەی دەستکاری و ئاراستەکردنی هەڵبژاردن بێ، چ بە ڕادەستکردنی دەسەڵات بە جێگرەوە و میراتگرێکی کارتۆنی کە ڕاستەوخۆ لەژێر دەسەڵاتی خۆیدا بێ.

هۆکاری سێهەمی سنوورداربوونی پلۆرالیزم، بەکار هێنانی هێزە بۆ کەمکردنەوە و سەرکوتی ناڕازییان، ئەو کاتەی کە دەبن بە کێشە بۆ سەر دەسەڵات. هەتا پرەنسیپەکانی بەشەرعیکردنی دێموکراتیک لە کۆمەڵگەدا زیاتر چوارچێوەدار بن، ئۆتۆریتاریزم خراپتر خۆی دەسەپێنێ و بۆ پاراستن و مانەوەی خۆی زیاتر کەڵک لە هێز و لە توندوتیژی وەردەگرێ، چونکە ئەوە بەو مانایەیە کە ڕێژیمی ئۆتۆریتەر لە لایەن خەڵکەوە کەمتر پەسەند دەکرێ.

بە گوتەی لەنز، شێوەی جیاواز لە پلۆرالیزمی سنووردار بوونیان هەیە، لەبەر ئەوەی جێگە و پێگەی گرووپەکان و دامەزراوەکان بە پێی ڕێکخستنیان لە نێو سیستمدا جۆراوجۆرە. هێز و لایەنی کۆمەڵایەتی هەن کە کۆنترۆڵی بەشداریی خەڵک دەکەن و ڕێکخراویش هەن کە ئاراستەیان دەکەن. لە هەندێک ڕێژیمی ئۆتۆریتەردا، دەوڵەت کۆمەڵێک گرووپی کۆمەڵایەتی و دامەزراوە دروست دەکا یان ڕێگە بە هەندێک ڕێکخراو و دامەزراوە دەدا "لە چوارچێوەی دەوڵەتێکی ئۆرگانیکدا لە پرۆسەی سیاسییدا بەشدار بن".

ڕەهەندی دووهەمی پێناسەکردنی ئۆتۆریتاریزم بە گوتەی لەنز، تەیارنەکردنی جەماوەرە. لە ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکاندا تەیارکردن و بەسیاسیکردنی خەڵک و کۆمەڵگە زۆر لاوازە و هەوڵ دەدەن نەزمی کۆمەڵایەتی بپارێزن. واتە بە پێچەوانەی ڕێژیمە تۆتالیتەرەکان، ئۆتۆریتەرەکان هەوڵ نادەن پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دەستکاری بکەن و پرۆژەی دروستکردنی مرۆڤی تازەیان نییە. ئەوەیکە نەزمی کۆمەڵایەتی وەک خۆی دەمێنێتەوە، پێوەندیی بە تایبەتمەندییەکی دیکەی ئەو ڕێژیمانەوە هەیە، ئەویش نەبوون یان لاوازبوونی ئایدۆلۆژیایە. چونکە بەبێ هەبوونی ئایدۆلۆژیا تەیارکردنی جەماوەر کارێکی دژوارە. لەو ڕێژیمانەدا، لە جیاتی ئایدۆلۆژیا، جۆرێک لە مێنتاڵیتە بوونی هەیە، چونکە بە گوتەی لەنز، ئایدۆلۆژیا قایم، سیستماتیک، یۆتۆپیک و گشتگیرە و بە شێوەیەکی لۆژیکی گەشەی پێدراوە. بە پێچەوانەوە، مێنتاڵیتە شێوەی بیرکردنەوەیە و هەستێکی کەمتر سیستماتیک و زیاتر ئامۆرف و بێفۆرم، کەمتر عەقڵانی و زیاتر ئیحساسی و عاتفییە.

ئۆتۆریتاریزم نوێنەرایەتیی ڕێژیمگەلی جۆراوجۆر دەکا بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان ئەوەیە کە خۆیان بە ڕێژیمێکی دێموکراتیک دادەنێن و هەوڵ دەدەن وێنەیەکی دێموکراتیک لە ڕێژیمەکەیان پیشان بدەن. یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییەکانی ئۆتۆریتاریزم کە لە لایەن زاقیێ کرێتییەوە توێژینەوەی لەسەر کراوە، "ئابووریی تاڵانکردن"ە. بە پێی ئەو تایبەتمەندییە، ڕێژیمە ئۆتۆریتەرەکان هەوڵی بەکەسیکردنی سەرچاوەکانی دارایی وڵات دەدەن، ئەویش لە بەرژەوەندیی تاکەکەسی، بنەماڵەیی، گرووپی و هتد.

لە بەشەکانی پێشوودا ئەم ئاکامەمان دەستەبەر کردبوو کە قانوونی بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامیی ئێران، پێوەرە سەرەکییەکانی دێموکراسیی تێدا نییە و بە شێوەیەکی قانوونی لە ڕیزی ڕێژیمە نادێموکراتیکەکاندا جێ دەگرێ.



بەشێک لە توێژەران پێیان وایە کە ڕێژیمی سیاسیی ئێران هەندێک لە تایبەتمەندییەکانی ئۆتۆریتاریزمی تێدایە، چونکە بە پێی قانوونی بنەڕەتی، جۆرێک لە پلۆرالیزمی سنووردار وەکوو دامەزراندنی گرووپی سیاسی و ڕێکخراوی ناحکوومی ڕێگەی پێدراوە. بە پێی مادەی ٢٦ی قانوونی بنەڕەتیی ئێران، گرووپی سیاسی، ڕێکخراوی ناحکوومی، کەمینە ئایینیە "بەفەرمی ناسراوەکان" ئازادن لەوەی ڕێکخراو دروست بکەن، بەو مەرجە کە لە پرەنسیپەکانی سەربەخۆیی، ئازادی، یەکیەتیی نەتەوەیی، بەها ئیسلامییەکان و بنەماکانی کۆماری ئیسلامی لا نەدەن.

سێ خاڵی گرنگ سەبارەت بەو مادە قانوونییە جێی ئاماژەن: یەکەم، دامەزراندنی حیزب لەسەر بنەمای چینایەتی، واتە چەپ و ڕاست یان لەسەر بنەمای نەتەوایەتی و کەمینە ئێتنیکییەکان ئەستەمە، چونکە هەر دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٣٥٧، هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوە سیاسییە چەپ و ڕاست و نەتەوەییانەی بەر لە شۆڕشی ١٣٥٧ دامەزرابوون و بەشدار بوون لە شۆڕشدا، لە لایەن دەوڵەتەوە بە نایاسایی لە قەڵەم دران و ئەندامەکانیان زیندانی کران و لەسێدارە دران. دووهەم، بە سەرنجدان بە مێژووی کۆماری ئیسلامی، هەموو ئەو گرووپە سیاسییانەی لە نێوخۆی ئێران ڕێگەیان پێدراوە کاری سیاسی بکەن و بەشدار بن لە کایە سیاسییەکاندا، بەسەر دوو دەستەی سیاسییدا دابەش دەبن، بناژۆخواز و میانەڕەو. ئەوەش ناچێتە خانەی چەند حیزبییەوە، بەڵکوو دەچێتە خانەی چەند باڵییەوە، چونکە لە سیستمێکی چەند حیزبییدا، ڕەنگاوڕەنگیی حیزبەکان لە زۆربوونی حیزبەکان گرینگترە. لە کۆماری ئیسلامییدا، هەر دوو دەستە لەسەر یەک هێڵی سیاسیین، ئەویش بڕوامەند بوون بە بنەماکانی کۆماری ئیسلامی و پێبەندبوونە بە ئایدۆلۆژیای ویلایەتی فەقیهـ زۆرینەی سەرکردەکانی هەر دوو دەستە، لە قایمکردنی بناغەکانی کۆماری ئیسلامییدا ڕۆڵی سەرەکییان هەبووە، ئەویش بە نرخی لە نێو چوون و قەدەغەکردنی هەموو ئەو حیزب و ڕێکخراوانەی ئامانج و بیروبڕوای جیاوازییان هەبوو.

سێهەم خاڵ سەبارەت بە مادەی ٢٦ـی قانوونی بنەڕەتی ئەوەیە کە، لەگەڵ ئەوەشدا کە هەموو ڕێکخراو و گروپەکانی بەشداری کایەی سیاسی، بە هەر هۆکارێک پرەنسیپەکانی کۆماری ئیسلامییان پەسەند کردوە، بەڵام کار و چالاکییەکانیان لە لایەن هەندێک دامەزراوەی وەکوو شۆڕای نیگابانەوە سڕ کراوە. ئەوەش بەو واتایە دێ کە کێبەرکێ و ململانێ سیاسییەکانی نێوان ئەو لایەنانە بایەخێکی ئەوتۆی نییە. (بۆ نموونە، لە هەڵبژاردنی ١٣٩٦ی سەرکۆماری، لە نێوان ١٦٣٦ بەربژێر، تەنیا ٦ کەسیان لە لایەن شۆڕای نیگابانەوە ڕێگەیان پێدرا).

بابەتێکی دیکەی بەرچاو لە سیستمی سیاسیی ئێراندا، سیستمی ئابوورییە کە لە لایەن هەندێک گرووپ و ئەکتەری نادیارەوە پەکی خراوە. لەو سیستمە ئابوورییەدا، جگە لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت، کەرتێکی دیکە هەیە بە ناوی کەرتی سێنفی کە ڕێگە خۆشکەرە بۆ ئەوەی هەندێک کەس و دامەزراوە خۆیان لەژێر ناو و چالاکیی جیاوازەوە حەشار بدەن. لە سیستمی ئابووریی کۆماری ئیسلامییدا، کۆمەڵێک کۆمپانیا لە نێوان کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا لە هاتوچۆدان کە پێیان دەگوترێ "خصولتی" و هەندێک کۆمەڵگەش هەن بە ناوی "شبه دولتی" ("شێوە دەوڵەتی") کە لە شێوەی دەوڵەتێکی سێبەر دەیان و سەدان کۆمپانیای جیاواز لە خۆ دەگرن و زۆر لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەت و تەنانەت لە حکوومەتیش بەهێزترن و حکوومەتیان لە بواری ئابوورییەوە پەک خستوە.

کۆمەڵگە شێوە دەوڵەتییەکان کە گرێدراوی ڕێبەری کۆماری ئیسلامیین، خۆیان لە هەر جۆرە کۆنترۆڵێکی حکوومەت بە تایبەت دانی ماڵیات دەدزنەوە. ئەوەش وای کردوە، گرووپێک بە سەرۆکایەتیی ڕێبەر، ئابووری و سامانە گشتییەکانی خەڵکی ئێران لە بەرژەوەندیی خۆی و بۆ مەبەستی تایبەت بە کار بێنێ؛ یان لە نێوەوەی ئێران بۆ کڕینی ڕەوایی سیاسی لە ڕێگەی مشتەریگەرییەوە، یان لە دەرەوەی ئێران بۆ هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامی.

***

# ڕاگەیەندراوی ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران
# لە بارەی ئێعدامکرانی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان!**
**کۆڕ و کۆمەڵە نێودەوڵەتییەکان!**
**ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ!**

بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە پاش چەند ڕۆژێک لە بڵاوبوونەوەی هەواڵی لەسێدارە دانی هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، بەندکراوی سیاسیی کورد لە لایەن جەللادەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، ڕۆژی چوارشەممە، ٤ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی (٢٤ی ژووەنی ٢٠٢٠ی زایینی) ئەو هەواڵە پشتڕاست کرایەوە.

هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، کوڕی ئەبووبەکر لەدایکبووی ساڵی ١٣٦٩ و ئەندامی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران ڕۆژی ١٣ی گەلاوێژی ١٣٩٥ی هەتاوی نیزیک دوو مانگ پاش شەڕی نابەرابەری قەرەسەقەل لە لایەن ناوەندە ئەمنییەتییەکانەوە قۆڵبەست کرا. هیدایەت عەبدوڵڵاپوور کە نیزیک بە چوار ساڵ لەژێر ئەشکەنجە و ئەزیەت و ئازاری جەستەیی و ڕۆحیی ناوەندە ئەمنییەتییەکانی کۆماری ئیسلامییدا بوو، سزای ئێعدامی بەسەردا سەپابوو. هەروەها بەر لە ئێعدامکرانی ماوەی ٥ مانگ بوو شوێنبزر کرابوو و تەنانەت ئێزنی چاوپێکەوتن لەگەڵ ژن و منداڵەکانیشی پێ نەدرابوو، و دواجار ڕۆژی ٢٢ی بانەمەڕ حوکمی ئێعدامی ناوبراو لە لایەن دەزگا سەرکوتکەرەکانی کۆماری ئیسلامییەوە جێبەجێ کرا.

**کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و وڵاتان و کۆڕ و کۆمەڵە سیاسی و مرۆڤدۆستەکان!**

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە چوار دەیەی ڕابردوودا بێگوێ دان بە بیروڕای گشتی و بەبێ لە بەرچاو گرتنی هەر چەشنە پێوانەیەکی مرۆیی لە سەرکوت و کوشتاری ڕۆڵەکانی کورد بەردەوام بووە و بە بەرچاوی بیروڕای گشتییەوە جینایەتەکانی دەرحەق بە گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی درێژە پێدەدا.

ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە هەموو ئەو ماوەیەدا بە مەبەستی کپکردنی دەنگی ئازادیخوازانەی گەلی کورد و بەردەوامیی دەسەڵاتی ناڕەوای خۆی لە هەموو ئامرازێکی سەرکوت و کوشتوبڕ کەڵکی وەرگرتوە. نەتەوەی خەباتکاری کورد لە ئێران لە باری حەشیمەت و ڕێژەی ئێعدامی سیاسی لە سەرووی ڕیزبەندییەکاندایە و لە چوار دەیەی ڕابردوودا پۆل پۆل لاوەکانمان بە تاوانی ئازادیخوازی و مافویستی دەبرێنە بن پەتی سێدارە.

لەو هەلومەرجەشدا کە دنیا گیرۆدەی پەتای کرۆنایە و دەوڵەتان هەموو خەمیان کەمکردنەوە لە مەینەتی و ئازارەکانی خەڵکەکەیانە، کۆماری ئیسلامی لە ئێعدامی ڕۆڵە ئازادیخوازەکانی کورد و سیاسەتی کوشتوبڕ لە کوردستان بەردەوامە. بۆیە داوا لە وڵاتانی بڕیاربەدەست و بەرپرسیار، هەروەها کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی و دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ دەکەین بە گرتنی هەڵوێستی شیاو پێش بە بەردەوامیی کۆماری ئیسلامی لە ڕەوتی سەرکوت و ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورد بگرن و چیی دیکە ڕێگە نەدەن ئەم تاوانانە بۆ کۆماری ئیسلامی بەبێ تێچوو درێژەیان هەبێ.

ئێعدامی هیدایەتی عبدوڵڵاپوور و ڕاگەیاندنی بە بنەماڵەکەی لە حاڵێکدایە کە ماوەی نزیک بە دە ڕۆژ دەبێ سپای پاسداران لەژێر ناوی مانۆڕی سپا، هێزێکی زۆر و کۆک و پۆشتەوپەرداخی بە هەموو جۆرە چەکێکی پێشکەوتوو هێناوەتە سنوورەکانی ڕۆژهەڵات و باشووری کوردستان و ماوە بە ماوە و بێهۆکار ڕەز و باغ و مووچە و مەزرا و کوێستانەکانی سەر سنوور تۆپ و خومپارەباران دەکا و زیانی زۆری بە خەڵکی ناوچەکە و ژینگە و سروشتی ئەم دەڤەرانە گەیاندوە. هاوکات لە لایەن فەرماندە باڵاکانی سپای پاسدارانەوە هەڕەشەی هێرشی زەوینی و ئاسمانی لە حیزبە کوردستانییەکان دەکرێ و ئەم جۆرە لێدوان و دەربڕینانە ئەو دەنگۆیانە پشتڕاست دەکەنەوە کە سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی ئامانجی لە وەڕێخستنی ئەو مانۆڕە هێرشکردنە سەر خاکی هەرێمی کوردستانی عێراقە. بێگومان وڵاتان و ڕێکخراوە سیاسی و مرۆڤدۆستەکان پێویستە سیاسەتی دەستدرێژیکەرانەی کۆماری ئیسلامی مەحکووم بکەن و سنوورێک بۆ ئەو دەستدرێژییانە دابنێن.

ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی کوردستانی ئێران هاوکات لەگەڵ دەربڕینی هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی شەهید هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، خۆی بە هەڵگری خەم و ئازارەکانی هەموو بنەماڵەی شەهیدانی ڕێگای ئازادی و سەربەستیی کوردستان دەزانێ. هاوکات کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەینەوە کە ئێعدامی ڕۆڵەکانی کورد و هێرش و پەلاماری مووشەکی و تیرۆری تێکۆشەرانمان، لە بڕینی ڕێگای خەبات بۆ وەدەستهێنانی مافە ڕەواکانی خەڵکی کوردستان ساردمان ناکاتەوە.

بە دڵنیاییەوە ناو و یادی شەهید هیدایەت عەبدوڵڵاپوور دەکەین بە ئیلهام بۆ خەباتێکی شێلگیرانەتر دژی ڕێژیمی دژەکوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران.

سڵاو لە گیانی پاکی شەهید هیدایەت عەبدوڵڵاپوور، نوێترین شەهیدی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەی کورد.

ڕیسوایی و نەمان بۆ ڕێژیمی جینایەتکاری کۆماری ئیسلامی.

**ناوەندی هاوکاریی حیزبەکانی**
**کوردستانی ئێران**
**١٣٩٩/٤/٤**
**٢٠٢٠/٦/٢٤**

# دووبارە بوونەوەی نازیزمی دژەژن

نووسەر: س. ئاگرین
وەرگێڕان: هەژیر هاشمی



کە باس لە مافی ژن دەکرێ، دیکتاتۆرەکان زۆر وێکچوون. ڕێژیمە دیکتاتۆر و تۆتالیتەرەکان لە زۆر لایەنێکەوە هەڵسوکەوتی لەیەکچوویان هەیە. سەرکوتی ژنان و سنووردار کردنی پێگەیان لە کۆمەڵگە یەکێک لەو لایەنانەیە.

لە درێژەی ئەم نووسراوەدا شرۆڤەیەک لەسەر چۆنیەتیی ڕەوشی ژنان لە حکوومەتی ئاڵمانی نازی دەخوێنینەوە، کە بە تێڕامانێک هەندێک لەیەکچوون لە نێوان ژنانی ئەو وڵاتە لەگەڵ ژنانی ئێستای ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دەبینین.

لە سەردەمی کۆماری وایمار (١٩٩٣-١٩١٩) ڕەوشی ژنان لە ئاڵمان یەکێک لە پێشکەوتووترین سیستمەکانی ئورووپای ئەو سەردەمە بوو. سەرەڕای ئەوەی کە مافی دەنگدانی ژنان لە ١٩١٩دا دەستەبەر کرابوو، یەکسانیی ڕەگەزی لە کاروباری مەدەنی، مافی دایک و یەکسانیی مافەکانی ژن و پیاو لە پەیمانی هاوسەرگیری، لەو یاساگەلە بوون کە لەو سەردەمە لە بەرژەوەندیی ژناندا هەموار کران. لە کاتێکدا کە زۆرینەی پارتەکان لە کۆماری وایمار لە هەڵبژاردنەکان ناوزەدی ژنیان هەبوو، حیزبی نازی پێچەوانە بوو. لە ساڵی ١٩٣٣، جۆزێف گۆبلز (وەزیری پڕوپاگەندەی ڕێژیمی نازی) لە بارەی بەشدار نەبوونی ژنان لە حیزبی نازی بەم جۆرە پاساوی هێنایەوە: "پێویستە کە کارە پیاوانەکان بە دەستی پیاوان جێبەجێ بکرێ."

پێش لە ڕێژیمی نازی، ژنان ٥٧ کورسی لە ٥٧٧ کورسیی پارلمانیان بە دەستەوە بوو؛ پاش بە دەسەڵات گەیشتنی نازییەکان لە ١٩٣٣دا ئەم ڕێژەیە بە سفر گەیشت.

لە سەردەمی نازییەکان، پێگەی ژن تەنیا لە چوارچێوەی دایک و هاوسەر پێناسە دەکرا و، ژنان لە هەموو بەرپرسیاریەتییەک بە تایبەت لە مەیدانی سیاسی و ئاکادێمیک بێبەش بوون. لە ڕوانینی هیتلێردا، دەبوایە خێزان وەکوو دامەزراوەیەکی کلاسیک بەردەوام بێ. واتە پیاوان دەبێ بەرپرسایەتیی دابینکردنی بژیو و دەسەڵاتی بەڕێوەبردنی خێزانییان هەبێ و ژنان پێویستە خزمەتی نێو ماڵ و بەرپرسیارەتیی پەروەردەی منداڵان لە ئەستۆ بگرن. ئەو باوەڕی وا بوو کە ژیانی ژنان دەبێ لە سێکوچکەی: منداڵ، مەتبەخ، کڵێسا (Kinder Kuche und Kirche) بمێنێتەوە.

هیتلێر دەیویست ڕێژەی هاوسەرگیری و زاوزێی ئارییەکان زیاد بکات. لە جوولای ١٩٣٣ یاسای پاداش پەسەند کرا کە لە بەرامبەر هەر منداڵێکدا هەزار مارک بە خێزان دەدرا.

خاچی دایکی دەدرا بە ژنانێک کە منداڵانی زیاتریان هەبوایە، خاچی برۆنز بۆ چوار منداڵ، خاچی زیوین بۆ شەش و خاچی زێڕین بە هەشت منداڵ یان زیاتر. پیاوانی بێهاوسەر و خێزانی بێمنداڵ ناچار کران باجی زیاتر و قورستر ببژێرن. تەڵاق بۆ پیاوان ئاسانتر کرا، پیاوێک کە لە یەک ژن چوار منداڵی هەبا، مافی تەڵاقی تاکلایەنەی هەبوو کە دیسان هاوسەرگیری بکاتەوە و بتوانێ منداڵی زیاتری ببێ. دەستپێڕاگەیشتن بە ڕێگاکانی ڕێگری لە منداڵ بوون زۆر ئەستەم و دژوار کرا. لەبار بردنی ئاوڵمە (کۆرپەڵە) نایاسایی و نەزۆک کردن و خەساندنی کەمەندامان بە یاسایی کرا. چاوەڕوانی لە ژنان ئەوە بوو کە لە جلوبەرگی جووتیاران و وەرزێرانی ئاڵمان سەرمەشق وەربگرن. پێیان ڕادەگەیاندن کە جلی سادە لە بەر و پێڵاوی تەخت لە پێ بکەن، کەرەستەی جوانکاری بەکار نەهێنن، قژیان ڕەنگ نەکەن و خۆیان نەڕازێننەوە و لە شوێنە گشتییەکان جگەرە نەکێشن.

سنووردار کردنی ژن لە چوارچێوەی دایکایەتی و ڕێگەنەدان بە کارکردن لە دەرەوەی ماڵ دوو هۆکاری سەرەکیی هەبوو: زیاد کردنی منداڵ بوون و بەرهەمهێنانی هەلی کاری زیاتر بۆ پیاوان. هەر بەم هۆیەش ئەم ڕێوشوێنانە بۆ ڕێگریکردن و سنووردارکردنی کاری ژنان گیرایە بەر:

– هاندانی کچان بە کابانی و ماڵداری و دڵسارد کردنیان لە بەردەوامیی خوێندن.

– بەربەست دانان بۆ بە داوەر بوونی ژنان، بەشداری کردنیان لە دەستەی دادوەری و بە پارلمانتار بوونیان. (هیتلێر باوەڕی وا بوو ژنان ناتوانن ئەقڵانی بیر بکەن).

– سڕینەوەی ژنان لە کارە خزمەتگوزاری و کۆمەڵایەتییەکان؛ نۆزدە هەزار فەرمانبەری ژن لە کارە حکوومەتییەکان لەسەر کار لابران.

بە پێی ئەو جۆرەی کە باس کرا، بەرچاو ڕوونییەکمان لە بارەی ئاڵمانی نازییەوە هەیە، ئێستاش بە کورتی ئاوڕێک لە دۆخی ژنان لە ئێرانی کۆماری ئیسلامی دەدەینەوە؛ با ئەو وێکچوونەی کە باس کرا باشتر هەست پێ بکرێ.

ڕوون و ئاشکرایە کە ژنان لە چوارچێوەی دەسەڵاتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا لەژێر دووچاوەکی و چەوساندنەوەی هاوشێوەی سەردەمی ئاڵمانی نازیی‌دان: بە پەراوێزخستنی ژنان لە بەرپرسایەتییە گرنگەکانی دنیای سیاسەت، چەکداری، دادوەری، ئایینی، کۆمەڵایەتی بە پاساوی وشەگەلی ناڕوونی (رجل-رجولة)، لێ سەندنەوەی ئازادیی هەڵبژاردنی پۆشاک و جلوبەرگ و خۆخەملاندن، نەبوونی مافی تەڵاق، ڕێگریکردن لە چوونە ژوورەوەی ژنان بۆ یاریگەکان، دووچاوەکیی ڕەگەزی لە وەرگرتنی خوێندکارانی زانکۆ و هتد.

بەو شێوەی کە ژنانێک وەکوو لیبێرتاس، شوولتسە و زۆفی شۆل لەدژی دیکتاتۆری نازیزم خۆڕاگرییان کرد و گیانی خۆیان لە پێناو گەیشتن بە مافەکانیان بەخت کرد؛ لە ئێران و کوردستانیش ژنان هەردەم لە بەرخۆدانن و ئازادی و یەکسانی بۆ خۆیان دەستەبەر دەکەن.

***

# تا چارەنووس چەندی ماوە؟



جەمیل سەرمەستی

خەبات بۆ ڕزگاری شێوازگەلی جیاجیا لە خۆ دەگرێ، هەر تاکێک بە پێی توانا و لێزانیی خۆی ئەرکێک وەئەستۆ دەگرێ و لەو ڕێگەیەوە هەوڵی دەستەبەر کردنی مافەکانی نەتەوەکەی دەدا، ئاشکرایە کە لە ڕووبەڕوو بوونەوەی داگیرکەراندا چینی بژاردە و خوێندەواری کۆمەڵگە دەوری کاریگەر و سەرەکی دەگێڕن، بە چەشنێک کە دەتوانین بە ئاسانی بڵێین پێشەنگ و مێشکی هەر کۆمەڵگەیەک لە بژاردەی ئەو کۆمەڵگەیە پێک دێ، بەڵام ئەوانیش بەسەر سێ بەشی سەرەکییدا دابەش دەبن، بەشێکیان لە پاڵ دوژمنەوە و پشت لە بەرژەوەندیی نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەکەن، بەشێکیان بێدەنگی هەڵدەبژێرن و بێلایەنن و بە بڕوای ئێمە ئەوانیش بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ یارمەتیدەر و هاوبەشی دەسەڵاتن بۆ سەرکوتی کۆمەڵگەکەیان؛ بەڵام بەشێکیان کە قازانج و بەرژەوەندیی نەتەوە و نیشتمانیان لە سەرووی هەموو شتێکەوە دادەنێن و ئامادەن گیانی خۆیشیان لە ڕێگەی گەیشتن بە ڕزگاری و سەربەستییدا بەخت بکەن و، لە ڕاستییدا ئەمانەن کە پیلانەکانی دوژمن تێک دەشکێنن و پەروەردەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆی گەلەکەیان لە ئەستۆیانە و بە گشتی پارێزەری مان و بوونی نەتەوە و نیشتمانن.

گەلی کورد بەردەوام ڕووبەڕووی داگیرکەران بووەتەوە و هەوڵی دەستەبەرکردنی مافەکانی داوە و بە پێی قۆناغ و بارودۆخ شێوازگەلی جۆراوجۆری خەباتی تاقیکردوەتەوە و، بەو جۆرەی کە توانیبێتی تێ کۆشاوە و نرخیشی بۆ داوە و بەردەوامیش سەرەڕای ڕەوا بوونی هەر چەشنە تێکۆشانێک بۆ دەرکردنی داگیرکەران لەسەر خاکەکەی زیاتر لە شێوەی ئاشتیخوازانە کەلکی وەرگرتوە -هەرچەند ڕەنگە ئەمەش خەسارێکی گەورە بێ و یەکێک لە هۆکارە سەرەکییەکانی نەگەیشتن بە ئامانجەکانی بێ کە وەبەر خۆی و خەباتەکەی کەوتبێ-، لە حاڵێکدا دوژمنە داگیرکەرەکانمان کەمترین نەرمییان نەنواندوە و بە دڕندانەترین و نامرۆڤانەترین شێوە، هەر هەوڵێکی ئێمەیان بۆ پاراستنی ئاشتی و تەبایی و گەیشتن بە مافە ڕەواکانمان بە تێرۆر و سەرکوت و کوشتاری بە کۆمەڵ و زیندان و ئەشکەنجە و ئەنفال و؛ لەم دواییانەش بە تێکدانی ژینگەی کوردستان و دزینی سەرچاوە سروشتییەکان و سووتاندنی دارستان و لێڕەوارەکانی ئەم نیشتمانە پیلانەکانیان نوێ کردوەتەوە.

بە دڵنیاییەوە هەر پیلانێکی دوژمنانیش لە لایەن گەلەکەمانەوە هەستی پێکراوە و شێوازی ڕووبەڕوو بوونەوەی تایبەتی بۆ دۆزراوەتەوە و ماوەیەک دوای کاڵبوونەوەی شەڕی چەکداری، شێوازێکی نوێ لە خەبات و خۆڕاگری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا سەری هەڵدا و، بە تایبەت حیزبی دێموکراتی کوردستان هەوڵی داوە کە ئەو خەباتە بە هەموو شێوەکان ببووژێنێتەوە و، بە مەدەنییانەترین شێوە خەڵکی کوردستان لە نێوخۆی وڵات پارێزگاری لە خاک و نیشتمان و کولتوور و زمان و فەرهەنگ و کۆمەڵگەی کوردی و ناسنامەی خۆیان بکەن و، بە تێچوویەکی کەمترەوە بتوانین بگەین بە ئامانجەکانمان؛ بەڵام لە بەرامبەردا دوژمنی دژیگەلیی کۆماری ئیسلامیی ئێران مەدەنییانەترین خەباتی ئێمەی بە گوللە و خوێن وڵام داوەتەوە و هیچ پێوانەیەکی ئەخلاقی و مرۆیی بۆ سەرکوتی خەڵکی کورد ڕەچاو نەکردوە و نایکا.

ئەوەی لە ساڵانی ڕابردوودا بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی و سپای پاسداران بە نیسبەت خەڵکی کورد و بە تایبەت ژینگەی کوردستان کردوویانە و بەردەوامن، سەرنجێکی تایبەتی دەوێ.

سووتاندنی دارستان و لێڕەوارەکانی کوردستان، دزینی کانگە و سەرچاوە سروشتییەکان -بە تایبەت ئاوی کوردستان-، تێکدانی مێژوو و سڕینەوەی ناسنامەی ئەم گەلە، لە نێو بردنی ڕۆڵە دڵسۆزەکانی ئەم نیشتمانە؛ بەشێکن لەم هەوڵانە و، دەرخەری ئەم ڕاستییەن بە هەموو توانایانەوە دژی خەڵکی کوردستان و نیشتمانەکەی وەستاونەتەوە و کوردستان و کورد دڕکێکن لە چاوی پیسیاندا.

لە هیچ وڵاتێکی دنیا نەبووە و نییە کەسانێک کە بە دەستی بەتاڵەوە بۆ پاراستنی ژینگە گیانی خۆیان بخەنە مەترسییەوە و، لە بەرامبەر مەرگدا بوەستنەوە بە دەستی دەسەڵاتداران گیانیان لێ بستێندرێ.

پاراستنی ژینگە ئەرکی حکوومەت و دەسەڵاتە، ئەوە حکوومەتە کە دەبێ خاوەنداریی وڵات بکا، جا ئەگەر ئەوە لە کوردستاندا ناکرێ و خەڵکی کوردستان خۆبەخشانە کاری حکوومەتیش جێبەجێ دەکەن هۆکارێکی ڕوون و ئاشکرای هەیە، ئەویش ئەوەیە حکوومەت باش دەزانێ کە داگیرکەرە و بۆ هەمیشە ناتوانێ بەسەر ئەم نیشتمانەدا زاڵ بێ، بۆیە بەردەوام هەوڵی نەهێشتن و فەوتاندنی خاک و سامانەکەی دەدا و هەرچی زیاتر هەست بە دارمانی خۆی بکا خێراتر بۆ تێک دانی کوردستانیش تێ دەکۆشێ و ئەوەی کە ڕێگری لە فەوتانی نیشتمان بکا دەکەوێتە بەر ڕق و قینییەوە و وەکوو شەهیدانی مەریوان، لوڕستان، پاوە و نەوسوود لە پیلانێکدا شەهیدیان دەکا. لە لایەکی تریشەوە گەلی کورد باش دەزانن کە تەنیا خۆیان خاوەن و بەرپرسیاری ئەم نیشتمان و سروشتەن و تەنیا خۆیان دڵیان بۆ مانەوە و پاراستنی نیشتمان لە هەر مەترسییەک لێ دەدا، هەر بۆیە بە هەموو شێوەیەک و تەنانەت بە پێشکەشکردنی گیانی خۆیشیان پارێزگاری لە ناسنامە و نەتەوە و نیشتمانەکەیان دەکەن و هیچ پیلان و هەڕەشەیەکی داگیرکەرانیش بە چۆکیاندا ناهێنێ و شەریف، ئومێد، موختار، یاسین و بیلالئاسا بۆ هەمیشە لە دڵ و مێشک و مێژووی نەتەوە و نیشتمانەکەیاندا بە سەربەرزی دەمێننەوە.

بەڵام ئێمەی کورد بە هەموومانەوە دەبێ پەیامێک بە داگیرکەر و ئەوانەی دەستیان بە خوێنی کوردێکی دڵسۆز و شۆڕشگێڕ سوورە بدەین، ئەویش ئەوەیە کە نەهێڵین خوێنی ڕۆڵەکانمان بە هەرزان بۆ دوژمن تەواو بێ و نرخ و تێچووی خوێنی شۆڕشگێڕێک ئەوەندە ببەینە سەرەوە، کە نەوێرن بە ئاسانی و بەبێ دڵەڕاوکێ دەست بۆ هەر جینایەتێک درێژ بکەنەوە و هەنگاوی شێلگیرتر و بوێرانەتری بۆ دەستخستنی چارەنووسی گەلەکەمان هەڵبێنینەوە و؛ کۆتایی بە قڕکردنی گەل و نیشتمان لە لایەن داگیرکەرانەوە بێنین.

# دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دێکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

# شکاندنی شکۆی خاوەن‌شکۆ!

(٢_٢)


کامیل ئوستادئەحمەدی

لە بەشی یەکەمی بیرەوەرییەکانمدا، باسی دەسبەسەرکرانەکەمانم کرد. گیران و بڕیاری ئێعدام بە واتای کۆتایی هاتن بە ژیانی شۆڕشگێڕانەمان نەبوو، بڕیارمان دا قفڵی زیندان بشکێنین و داخێکی وەها گەورە بە دوژمن هەڵێنین کە ئەو برینەی بەئاسانی بۆ سارێژ نەبێ.

کاک لوقمان و کاک کارۆ -کوڕە تاقانەی بنەماڵەکەی- بە هەماهەنگی و داڕشتنی نەخشەڕێگایەکی دروست، توانیان شەوی ٩ی ڕێبەندانی ساڵی ١٣٨٥ـی هەتاوی بە کردنەوەی ٢٥ قفڵ سەرەڕای هەموو بارە ئەمنیەتییەکەی زیندان، دەربازیان کردین. بە زووترین کات لە زیندان و شار وەدەر کەوتین، ئەوەش بەرپرسانی سیاسیی ئیتلاعات و هاشم‌زادە بەرپرسی دادگای شۆڕشی مەهابادی تووشی سەرسووڕمان کرد و؛ هەر ئەو شەوە کە دەزانن لە تاران و ورمێ‌ڕا دەگەنە زیندانی مەهاباد و فرمێسکی نائومێدی و شەرمەزاری هەڵدەڕێژن.

بەرپرسانی ئیتلاعاتی و نیزامیی شار و پارێزگا زۆر شێلگیر بوون و هەتا ڕادەیەک دڵنیا کە دەمانگرنەوە، ئێمەش پڵینگ‌ئاسا هەر ئەو شەوە سەرەڕای سەرما و سەخڵەتی زۆر بەبێ پێڵاو و هەر بە سەرپایی زیندانەوە خۆمان گەیاندە بناری شاخەکانی مەهاباد.

بە پێویستی دەزانم ئاماژە بە خاڵێک بکەم، دوای دەربازبوون لە زیندان تا گەیشتینەوە بنکە و بارەگاکانی حیزب بۆ ماوەیەی نیزیک پەنجا شەو و ڕۆژ لە ناوچەکانی کوردستان ماینەوە و، لەو ماوەیەدا خەڵکی ناوچەکانی مەهاباد و بە تایبەتی خەڵکی ناوچەکانی شنۆی پێشمەرگەپەروەر سەرەڕای هەموو فشارێکی سپای پاسداران و ئیتلاعات و سووڕانەوەی بەردەوامی هێلیکۆپتێر و کەشی ئەمنیەتی، بەو پەڕی فیداکارییەوە بە هانامانەوە هاتن. لە سەرمای تاقەت‌پڕووکێنی ئەو ساڵە و ناوچە شاخاوییەکانی کوردستاندا تەنیا ورەی گەڕانەوە بۆ باوەشی هاوسەنگەرانمان و درێژەدان بە خەبات بوو، کە ڕێگا پڕ کەند و لەندەکان و پەڕینەوە لە ئاوی بەخوڕی چۆمانی پێ دەبڕین.

لە هەموو ئەو ماوەیەدا تەنیا دوو شەو لە ماڵاندا ماینەوە و ڕاخەرمان هەبوو دەنا تەواوی ماوەکەی دیکە لە نێو بەفر و سەهۆڵدا دەماینەوە و، ئەوەندەمان خورما و قەند لە برسییەتییدا خوارد بوو شەکراومان بە زاریدا دەهاتە خوار. بێجگە لەوەی حەمام و خۆشوشتن هەر نەبوو، ئەسپێشمان هەڵێنا بوو.

خۆشترین کاتەکان ئەوە بوو هاوڕێیان کاتی خەوتن سەریان وەسەر ڕانی من دەکرد و، زۆر جاریش بۆ بەرز کردنەوەی ورەی هاوڕێیان دەمگوت: "مردوو مردوو خۆرەکان لە پێناوی گەل و نیشتماندا، شانازییە وەرن کوڕینە ڕانم لێ کەنەوە و بیبرژێنن و بیخۆن." دەبوو بە پێکەنین و شادی و هەموو تاڵ و سوێرییەکانمان لە بیر خۆمان دەبردەوە.

دیارە هاوکاری و پشتیوانیی خەڵک بە ئێمە و حیزبی خۆشەویستی خۆیان شتێکی نوێ نییە و بە درێژایی مێژووی ئەم خەباتە ڕیشەی داکوتاوە و، خەڵکی کوردستان هەمیشە یار و یاوەر و هاوکاری پێشمەرگە و حیزب بوون و بە ئەرکی نیشتمانیی خۆیانی دەزانن؛ بەڵام جێگای خۆیەتی لەم کورتە نووسینەدا پڕ بە دڵ سپاسیان بکەم و هیوادارم ڕۆژێک دابێ حیزبی دێموکرات ئەو کەس و بنەماڵانە خەڵات بکا و ڕێزیان لێ بگرێ. هەر ئەوەش وا دەکا کە ئێمەش هەتا سەر و سەرکەوتن لە خەبات و تێکۆشان بەردەوام بین و بە هەموو توانامانەوە لە خزمەت گەیشتن بە ئامانجەکانی حیزب و نەتەوەکەماندا بین.

دوای گەیشتنەوەمان بۆ نێو بنکە و بارەگاکانی حیزب، لە مەراسمێکی پڕ شکۆدا بەخێر هاتنەوەیان کردین وەک شەهیدی زیندوو لە ئامێزیان گرتین، بە جۆریک کە فرمێسکی شادی لە چاوی هەموو بەشدارانی ڕێوڕەسمەکە وەک بارانە دەهاتنە خوار، وتەکانی بەڕێز مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەن‌زادە وەک سکرتێری گشتیی ئەو کات و، پەخشانی بلاوێنی مامۆستا بێ‌بەش و شێعری شەهید سوهەیلا قادری و؛ شادی و خۆشی و هەڵپەڕینی بێ‌وێنەی پێشمەرگە و تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ هەمیشە بە زیندوویی لە بیرماندا دەمێننەوە.

دوای ئەوەی کە هاتمە دەرەوەی وڵات بۆ ماوەی دوو ساڵ لەژێر چاودێریی دوکتور و شارەزایانی دەروون‌ناسییدا بووم، ئاسەواری ئەشکەنجە جەستەیی و ڕۆحییەکان بۆ هەمیشە لە فکر و دەروونی زیندانییدا دەمێنێتەوە؛ هەرچەند ئێستاش خەوێکی ئاڵۆزم هەیە بەڵام ئیمان و باوەڕ بە خەبات و تێکۆشانی ڕەوای گەلەکەم ورەم دەداتێ و، ساڵانە بۆ ماوەی چەند مانگ لە بنکەکانی حیزب دەمێنمەوە و؛ دیداری هاوسەنگەران و پێشمەرگە ئێسک‌سووکەکانی حیزبەکەم هێدییم دەکاتەوە و زۆر لە پەژارەکانم دەرەوێنێ.

بە هیوای وەدی‌هاتنی ئامانج و ئاواتی لەمێژینەی نەتەوەکەمان و ئاواتەخوازم لە کوردستانێکی ئازاد و سەربەستدا بە دیداری خۆشەویستانمان و بنەماڵەکانمان شاد بینەوە.

***

بەرەو یادی ٧٥ ساڵەی دامەزرانی حیزب

# گوتاری میللی-دێموکراتیکی حیزبی دێموکراتی کوردستان

سمایل شەرەفی

بە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ یەکەم جار مەفهوومی "گوفتمان" (گوتار) لە بزووتنەوەی سیاسیی کورددا مانا پەیدا دەکات و سیاسەت و ڕێکاری خەباتکارانە لە چوارچێوەی بزووتنەوەیەکی خاوەن پلان و بەرنامەدا لەسەر ئەساسی پێناسەیەکی دیاری مەعریفی و پراکتیکی، کە هەمان "گوتاری سیاسی"ـیە شکڵ دەگرێ. بە واتایەکی دیکە، حیزبی دێموکراتی کوردستان هەر لە سەرەتای دامەزرانییەوە بە دەرس وەرگرتن لە ئەزموونی جووڵانەوە نەتەوایەتییەکانی دوو سەد ساڵی ڕابردوو لە کوردستان (لە میرنشینەکانەوە تا شۆڕشەکانی شێخ مەحموود لە باشوور و سمایل ئاغای سمکۆ لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) هەستی بە بۆشاییەک لە پلانمەندبوونی خەبات لە ڕووی "ویست" و "شێواز"ی تێکۆشان کرد و، بۆ پڕکردنەوەی ئەم کەلێنە لە بزووتنەوەی سیاسیی کورددا، کارکردن لەسەر کەسایەتی بەخشین بە کورد (نەتەوە) و کۆمەڵگە (نیشتمان)ـی کردە ئامانجی خۆی. "سەروەری" و "گەورەیی نیشتمان" بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو بناغە فکری و مەعریفییە بوو کە توانی لەسەر ئەم ئەساسە بە هەڵگرتنی گوتارێکی نەتەوەیی و نیشتمانییەوە، ڕێڕەوێکی ڕوون بۆ بزووتنەوەی کورد دیاری بکات.



گومانی تێدا نییە کە جووڵانەوەکانی کورد، ئەوانەی زۆر پێش لە دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستان هەبوون، نێوەرۆک و ئامانجی نەتەوایەتییان هەبووە و زۆربەیان لە خانەی بزووتنەوەی نەتەوایەتیی میللەتی کورددا جێ دەگرن. بەڵام ئەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانی لەم پێوەندییەدا بیکا و جیاوازی دروست بکا، گشتاندنی بیر و باوەڕی نەتەوەیی لە هەموو ئاست و بوارێکی بزووتنەوەدا بوو. حیزبی دێموکرات هەر لە سەرەتاوە لە وێناکردنی "ئامانجەکان"ـی خۆیدا، بە ڕەخنەگرتن لە پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێو پێکهاتەکانی کۆمەڵی کوردەواری کە بەستراوە بە "عێل و عەشیرە" بوون و بە بەرفراوان نیشان‌دانی جیهانبینیی بزووتنەوە لەسەر ئەساسی "بەرژەوەندیی گشتی"، باس لە دوو مەفهوومی "سەروەری" و "گەورەیی نیشتمان" دەکا.

ڕوون و ئاشکرایە کە لە حەوزەی سیاسەتدا قسەکردن لە مەفهوومی "سەروەری" پێویستیی بە پاشخانێک لە هێز، ئیرادە و باوەڕ بەخۆبوون هەیە کە بەداخەوە کورد بە هۆکارگەلی نێوخۆیی و دەرەکی، بە تایبەت لە دوای شەڕی جیهانیی یەکەمەوە؛ دابەش‌بوونی کوردستان بە سەر چوار وڵاتدا و تێکشکانی یەک لەدوای یەکی جووڵانەوەکان، هیچ کام لەم ئیمتیازانەی بۆ نەمابوویەوە. بەڵام حیزبی دێموکراتی کوردستان چەند مانگ دوای دامەزرانی خۆی، بە ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان و تەشکیلی حکوومەتی میللیی کوردستان، بە کردوە لە کۆمەڵگەی کوردستان و لە ناخی ئینسانی کورددا، مانایەکی تایبەت بە مەفهوومی "سەروەری" دەبەخشێ. لە سایەی خوێندنەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ چۆنیەتیی گەیاندنی ئەم نیشتمان و گەلە بە "سەروەری"ـیە کە ٧٥ ساڵ پێش لە ئێستا خەڵکی کوردستان لە هەر چوار بەشەکەی، بە شانازییەوە دەڕواننە دامەزرانی کۆماری کوردستان و بە شکۆوە لە ڕێوڕەسمەکانی "هەڵکردنی ئاڵای پیرۆزی کوردستان" و پاراستنی ئەم دەسکەوتە میللییەدا بەشداری دەکەن.

"گەورەیی نیشتمان" لە ئامانجەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستاندا، قسەکردن لە کەلێنێکی مێژوویی بەژان و ئازارە کە کورد تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئارەزووی گەورە و گرانی لەسەر بنیات ناوە. کوردستان کە نازناو و پێناسەی "وڵات"ـی لێ زەوت کراوە، نیشتمانی نەتەوەی کوردە کە لە زەمەنێکی تەسکی مێژووییدا و لەسەر دەستی حیزبی دێموکراتی کوردستان بۆ ماوەی ١١ مانگ، ناو و قەوارەیەکی ڕەسمی وەک "وڵات"ـی پێ بەخشرا. ئێستاش دوای ٧٥ ساڵ لە دامەزرانی، "گەورەیی نیشتمان" بۆ حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو مەفهوومە پیرۆز و نەگۆڕەیە کە وەک بەشێک لە جەوهەر و ماهیەتی گوتاری حیزب چەسپاوە.

حیزبی دێموکراتی کوردستان کە کاریگەریی یەکلاکەرەوەی لەسەر ڕەوتی بزووتنەوەی ناسیۆنالیزمی هاوچەرخی کورد هەبووە، لەسەر ئاستی گوتاری سیاسییدا توانیویەتی گوتاری نەتەوەیی خۆی تێکەڵ بە کۆمەڵێک مەفهوومی مۆدێرن و جیهان پەسەند بکات کە لە نەوعی خۆیدا داهێنەرانە بوون. جیا لەوەی کە بە پێی ناو و نێوەرۆکی "دێموکرات"بوونیشی بێ، ئەم حیزبە هەڵگری کۆمەڵێک بەها و موفهوومی مۆدێرنی وەک؛ دێموکراسی و سێکۆلاریزمە، بە درێژایی ئەم ٧٥ ساڵە، نە تەنیا بەرانبەر بە کۆمەڵێک ڕەوتی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە شوێنەواری قووڵ و بەرچاویان لەسەر ژیان و خەبات و جیهانبینیی ئینسانەکان داناوە، کەمتەرخەم نەبووە، بەڵکوو کەوتۆتە ژێر کاریگەرییانەوە. ئیدئۆلۆگ نەبوونی حیزبی دێموکراتی کوردستان بەو مانایە کە خاوەنی چوارچێوەیەکی سەخت و داخراوی فکری نەبووە و نییە، بۆتە هۆی ئەوەی ئەم حیزبە بە ئاسانی بتوانێ لە هێندێک بڕگەی تێکۆشان و خەباتی خۆیدا بکەوێتە ژێر کاریگەریی ڕەوتێکی فکرییەوە. جا ئەم ڕەوتە هەندێک جار کوردستانی و ئێرانی بووە و هەندێک جاریش ناوچەیی و جیهانی. ئەم کارتێکەرییە لە ئاستی گوتار و تێفکریندا بۆ حیزبی دێموکرات لایەنی ئەرێنی و نەرێنیی هەبووە. ئەگەر لە هەندێک بڕگەدا توانیویەتی بە پێکهێنانی ڕیفۆرمێک لە تێفکرین و خوێندنەوەیدا بۆ کۆمەڵێک بابەتی فکری و سیاسی لە ئاستی گوتاردا نوێ‌بوونەوە و دەسکەوتێک بۆخۆی دەستەبەر بکات، لە هەندێک بڕگەشدا ئەم کارتێکەرییانە لە ئاستی تەشکیلاتییدا ناکۆکیی نێوخۆیی و لە کۆتاییدا لێکترازانیان لێ کەوتۆتەوە.

هەر لەم پێوەندییەدا تایبەتمەندییەک لە حیزبی دێموکراتدا هەیە کە لانی‌کەم من وەک خۆم لە هیچ حیزبێکدا ئەوەم بەدی نەکردوە، ئەویش ئەوەیە کە؛ سەرەڕای ئەوەی تا ئێستا حەوت جار ئەم حیزبە تیایدا ئینشعاب و لێکدابڕان ڕووی داوە، بەڵام تا ئێستاشی لەگەڵ بێ، لە هیچ کام لەم ئینشعاب و لێکدابڕانانەدا، ڕەوت یان جەریانێکی دیکە ساز نەبووە کە بتوانێ، بە خۆ دوورخستنەوە لە گوتار و تێفکرینی سیاسیی جیاواز لەو گوتار و تێفکرینە مێژووییە، درێژە بە خەبات و تێکۆشانی خۆی بدات. ئەگەریش شتی وا هەبووبێ (بە نموونە وەک پەیڕەوانی کۆنگرەی چوارەم کە لە ئەدەبیاتی حیزبدا بە تاقمی ٧ کەسی ناوی هاتووە)، ناچار بوون دوای ماوەیەک خۆ هەڵوەشێننەوە. هەر ئەم تایبەتمەندییە لە گوتار و ڕێبازدایە کە هاوکات لەگەڵ لێکترازانە تەشکیلاتییەکانی نێو حیزبدا دەسبەجێ یان چەند ساڵ دواتر، باس لە یەکگرتنەوە دەکرێ کە نموونەکانی چ لە ڕابردوو و چ لە ئێستادا بەرچاون.

"نەتەوەیی بوون"ـی گوتاری حیزبی دێموکراتی کوردستان بە پێچەوانەی ئیدیعایەک کە کەسانی خاوەن نەزەر لە حەوزەی ناسیۆنالیزمی کورددا باسی دەکەن، بە تەنیا پەرچەکردارێکی ڕووت بەرانبەر بە گوتاری شۆڤێنیزمی نەتەوەی باڵادەست نییە. "ڕەوایی" و "حەقانییەت"ـی بزووتنەوەی نەتەوەیەکی بێ‌بەش‌کراو لە ماف و ئازادییە ئینسانی و نەتەوەییەکانی کە لە بەرنامە و تێفکرینەکانی حیزبی دێموکراتدا ڕەنگی داوەتەوە، پێناسە و مانایەکی ئینسانی و مۆدێرنی بە شێوە تێفکرین و ڕوانگەی ئەم حیزبە بەخشیوە. بۆیە ئەم گوتارە وەک مانا و ماهیەتی خەباتی نەتەوەیەک مەفهوومی دێموکراتیک بە خۆوە دەگرێ. تەعریفی "میللی-دێموکراتیک"ـی حیزب بۆ بزووتنەوەیەک کە خۆی بە ڕێبەری دەزانێ، ناتوانێ چاوبەستە هۆکاری وجوودیی خۆی تەنیا بۆ "بەرپەرچدانەوە"ی شۆڤێنیزمی نەتەوەی ئێرانی ببەستێتەوە و بێ‌ئەوەی بیر لە ڕەوایی و بەرحەقبوونی ئەم بزووتنەوە بکاتەوە، بە چەکێک بچێتە مەیدانی بەربەرەکانێوە کە سەدان ساڵە بۆ لە نێو بردنی بەکاری دەهێنن. بۆیە ڕاست لەو کاتەدا کە پێی وایە "لە هەلومەرجی ئێستادا مەترسیی گەورە، شۆڤێنیزمی مەزنی‌خوازیی ئێرانییە"، دژایەتیی خۆی لەگەڵ "ناسیۆنالیزمی بەرچاوتەنگی کورد" کە "دیکتاتۆریی مەرکەزی و خەڵکی ئێران لێک جیا ناکاتەوە"، ڕادەگەیەنێ.

ڕەنگدانەوەی گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لەسەر ڕەفتاری کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و تێکۆشەرانی نێو ڕیزەکانی ئەم حیزبە -بە کادری سیاسی و هێزی پێشمەرگەوە- کە تێکەڵێکە لە دوو مەفهوومی "ئیرادەی گەل" و "ئەخلاقی ئینسانی و شۆڕشگێڕانە" لە قۆناغی جۆراوجۆردا، کولتوورێکی پڕ لە بەها و ئەرزشی خەباتکارانەی دروست کردووە. ڕەفتاری ئینسانیی هێزی پێشمەرگە لەگەڵ دیلەکانی شەڕ، ئاشتی‌خوازانەبوونی ماهیەتی بزووتنەوەی خەڵکی کوردستان، پشتیوانیی حیزبی دێموکرات لە بزووتنەوەی کورد لە پارچەکانی دیکەی کوردستان و هەوڵدانی بەردەوامی بۆ یەکخستنەوەی نێو ماڵی کورد، بە تایبەت یەکگرتوویی نێوان حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەتا دوایی، بەرهەمی ئەم گوتارە نەتەوەیی و دێموکراتیکە مێژووییەیە کە لە هەموو قۆناغەکاندا لەسەر ئەساسی بەرژەوەندیی خەڵک و بزووتنەوە، سێبەری بەسەر هەڵوێست و تێفکرینی ڕێبەرایەتیی ئەم حیزبەدا زاڵ بووە.

لە سەر ئاستی جۆری دیاری‌کردنی ڕەفتاری سیاسیی خەڵک بەرانبەر بە دەسەڵات، حیزب لە گوتاردا وێڕای پاراستنی ماهیەت و ئامانجی نەهایی بزووتنەوە، هەوڵی داوە لەسەر ئاستی دەرفەتەکان و بە مەبەستی بە جەماوەری کردنی بزووتنەوە، هێز و توانایی خەڵک لە بەستێنی جۆراوجۆردا وەجووڵە بخات و کۆمەڵگە لە دۆشدامان و پەسیڤ‌بوون بپارێزێ. بۆیە هەمیشە پێی وا بووە "خەبات بۆ پێکهێنانی ئەو حکوومەتەی لە کوردستاندا داوای دەکەین و داخوازێکی درێژخایەنە، دەگەڵ خەبات بۆ جێ‌بەجێ کردنی هەندێک داخوازیی دیکە لە چوارچێوەی ئەو دەسەڵاتەدا هیچ ناتەبایی نییە و پێویستە ڕێز لە هەر هەوڵێکی گەورە و چووکەی خەڵک بگرین".

ئەوەی کە دوای ٧٥ ساڵ خەبات و تێکۆشان تا ئێستاشی لەگەڵدا بێ، گوتاری سیاسیی حیزبی دێموکرات لە نێو کۆمەڵی کوردەوارییدا زۆرترین لایەنگر و پشتیوانی هەیە، دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە، گوتاری ئەم حیزبە کە ڕیشەی لە واقعیاتی کۆمەڵگەی کوردستاندا هەیە، وەڵامدەری هەست و شعووری بەرزی خەڵکی کوردستانە.

کوردستان
ژمارە: ٧٧٧
١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٩ _ ٥ی جوولای ٢٠٢٠

# کرۆنا و کەمتەرخەمیی دەسەڵات



عومەر باڵەکی

ماوەی زیاتر لە شەش مانگە نەخۆشیی کرۆنا بڵاو بۆتەوە و بۆتە هۆی مەرگی هەزاران کەس لە وڵاتە جۆراوجۆرەکانی دنیا و، لە هەمان کاتدا کاریگەریی ڕاستەوخۆی لەسەر بوارەکانی ئابووری و پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکان داناوە و دەتوانین بڵێین هەتا ڕادەیەکی زۆریش گۆڕانی بەسەر شێوەی ژیانی مرۆڤدا هێناوە. زیانێکی زۆری بە کەرتە جیاوازەکانی ئابووری (گەشت، پیشەسازی، کشتوکاڵ، هاتوچۆ و ...) گەیاندوە و، هەموو ئەوانە کاریگەریی ڕاستەوخۆیان هەبووە لەسەر توانای کڕینی تاک تاکی کۆمەڵ. لەم ماوەیەدا بۆمان دەرکەوتوە کرۆنا سنوور ناناسێ و سنووری هەموو وڵاتانی بەزاندوە؛ بەڵام ئاستی پێڕاگەیشتن و فریای خەڵک کەوتن لە کۆمەڵگەیەکەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی دیکە جیاوازە.

ئێرانیش یەکێک لەو وڵاتانەیە کە لە هێرشی ئەم پەتایە لە ئەماندا نەبووە و، بە پێی ئامارەکان لە دوای چین و ئەمریکا و ئیتالیا ناوی لە پلەی سێ و چواری تووشبوون و ئاستی بڵاوبوونەوەی ئەو پەتایە لە نێو وڵاتانی دنیادا دێ. بە پێی ئامارە فەرمییەکان ڕێژەی گیانلەدەسچوو لە دە هەزار کەس تێپەڕیوە. هەرچەند وەکی باسمان کرد بڵاوبوونەوەی پەتای کرۆنا بە هۆی تێکچڕژاویی پێوەندییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی جیهان، بە ئاسانی هەموو سنوورەکانی بڕیوە؛ بەڵام ڕادەی هەست بە بەرپرسایەتیی دەوڵەتان جیاوازە و، ئەمەش لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییدا بە تەواوی هەست پێ دەکرێ. بەو مانایە کە بێمەسئوولیيەتیی دامودەزگای کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی کرۆناوە دەرکەوت و بووە هۆی بڵاوبوونەوەی زیاتر و خێرای لە ئاستی ئێراندا.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە لە بەردەستدا هەیە کۆماری ئیسلامی دەیتوانی پێش بە بڵاوبوونەوەی ئەم پەتایە بگرێ، بەڵام بە هۆی هەڵبژاردنەکانی مەجلیس و خیبرەگانی ڕێبەرییەوە بێدەنگیی لێ هێنا و، هەر ئەمەش پەرەسەندنی بڵاوبوونەوەکەی لێ کەوتەوە. دوای ئەوەش بە هۆی ناکارامەیی دەزگای تەندروستیی کۆماری ئیسلامی قووڵایی کارەساتەکە ڕۆژ بە ڕۆژ زیاتر و زیاتر خۆی دەرخست. لەگەڵ ئەوەدا کە کادری دەرمانیی کەرتی تەندروستی بە هەموو توانای خۆیانەوە هاتنە مەیدان، بەڵام بە هۆی نەبوونی ئیمکاناتی دەرمانی و پێڕانەگەیشتن و گرینگی نەدان، زەحمەت و ماندوو بوونی کادری دەرمانی و دوکتورەکان دادی ئەو نەخۆشییەی نەدا و بەداخەوە ئەوانیش لە تووش بوون بەو پەتایە پارێزراو نەبوون.

**هەرچەند بڵاوبوونەوەی پەتای کرۆنا بە هۆی تێکچڕژاویی پێوەندییە سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی جیهان، بە ئاسانی هەموو سنوورەکانی بڕیوە؛ بەڵام ڕادەی هەست بە بەرپرسایەتیی دەوڵەتان جیاوازە و، ئەمەش لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی حکوومەتی کۆماری ئیسلامییدا بە تەواوی هەست پێ دەکرێ. بەو مانایە کە بێمەسئوولیيەتیی دامودەزگای کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی کرۆناوە دەرکەوت و بووە هۆی بڵاوبوونەوەی زیاتر و خێرای لە ئاستی ئێراندا.**

ئەم کارەساتە لە حاڵێکدا لە ئێران ڕوو دەدا کە ئەم وڵاتە بە هۆی بوونی سەرچاوەی جۆراوجۆری زەوینی و ژێرزەوی وەک وڵاتێکی دەوڵەمەند دەناسرێ، بێجگە لەوەش لە بواری پزشکییدا خاوەنی پاشخانێکی دەوڵەمەندە، بەڵام بە هۆی سیاسەتی هەڵە و دوژمنکارانەی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی و بە هەدەردانی سامانە مادی و مەعنەوییەکانی ئێران بۆ تەیارکردنی گرووپە تێرۆریستییەکانی ناوچە و، ئابلۆقەکانی ئەمریکا وای کردوە بایەخی دراوی ئێران -بە چەشنێک دابەزێ کە لانیکەم لە مێژووی سەد ساڵی ڕابردوودا بێوێنەیە- و، لە هەمان کاتدا بێکاری، کەمبوونەوەی توانای کڕینی خەڵک -لەوانە کەرەسەی تەندروستی وەک دەمامک و مادەی دژە ڤیرووس- و ... لە حاڵێکدا لە زۆربەی وڵاتانی دنیادا دەوڵەتەکان بە پەلە ڕێکاری بەربەرەکانیی کرۆنایان لە سەرەوەی کارەکانی خۆیان داناوە.

لە کاتی قەیرانەکاندا دەوڵەتەکان دەبێ زیاتر لە هەر کاتێکی تر بەرپرسایەتی لە ئەستۆ بگرن، زۆربەی دەوڵەتان بە دروستکردنی نەخۆشخانەی کاتیی تایبەت بە نەخۆشانی کرۆنا و، بانگهێشتی کەسانی خۆبەخش بۆ بەشی چاودێری و، دابینکردنی کەرەسەی هەناسەدان و دەرمانی پێویست و، قەرەنتینەی شار و گوند و، کەمکردنەوەی هاتوچۆ و هاندانی خەڵک بە مانەوە لە ماڵەکانیان؛ هەوڵیان دا بەرگری لە تەشەنەکردنی زیاتری ئەم نەخۆشییە و کەمکردنەوەی خەساری مرۆیی بکەن. بەڵام ئەوەی دەتوانێ جێگەی سەرنجی زیارتری ئەم نووسینە بێ، ئەوەیە کە ئەو دەوڵەتانە بە دەرکی ئەو ڕاستییە کە خەڵک و ناوەندەکانی بازرگانی و پیشەسازی بە هۆی ڕێکارەکانی خۆپاریزی، زیانی مادیی زۆریان بەرکەوتوە و بۆ قەرەبووکردنەوە و یا یارمەتیدان بوودجەیەکی تایبەتیان بۆ خەڵکی خۆیان و ناوەندەکانی کار و خزمەتگوزاری لە وڵاتەکانیان دابین کردوە.

لە ئێرانی ژێر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامییدا پێش سەرهەڵدان و پەرەگرتنی نەخۆشیی کرۆنا هەروەکی لە پێشدا گوترا، سیاسەتی هەڵەی هەناردەکردنی شۆڕش و دەستوەردان لە کاروباری نێوخۆی وڵاتان و خۆنەگونجان لەگەڵ نەزمی جیهانی، هۆکاری سەرەکی بوو بۆ دارمانی ئابووریی ئەم وڵاتە و خولقانی قەیرانە نێوخۆییەکان و بە سەرهەڵدان و پەرەگرتنی پەتای کرۆنا و گرتنەبەری ڕێکاری قەرەنتینەی وڵاتان و پچڕانی ڕایەڵکەی بازرگانیی جیهانی، ڕاستەوخۆ و خێرا کاریگەرییە ئابوورییەکان لەسەر کۆمەڵگەی ئێران بەدەر کەوت و ئەوەندەی دیکە خەڵکی ئێرانی خستە ژێر قورسایی دابین نەکردنی پێویستیی ڕۆژانەیان.

هەروەکی ئێران بە گشتی لە پەرەگرتن و بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی کرۆنا پلەی یەکەمی لە ناوچەکەدا بۆ خۆی دەستەبەر کرد، بەداخەوە ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش لە چاو چڕیی حەشیمەت و پانتایی خاک لە نێو ئێراندا ئەگەر پلەی یەکەمی لە ئێران لە تووشبوون وەبەر نەکەوتبێ، لە ڕیزبەندی دووهەم و لە دۆخی سووردا بەسەر دەبا.

دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی ماوەی چل ساڵە بە چاوی ئەمنیەتییەوە دەڕواننە کوردستان و بە هەموو توانای مادی و مرۆییەوە هەوڵی پەراوێزخستنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان (پارێزگاکانی کرماشان، ئیلام، سنە و ورمێ) -یان داوە و بە هاتنی ئەم دۆخەش، ئەم بەشە لە ئێران لە بواری ئابووری و تەندروستی و پیشەسازییەوە لە لایەن دەسەڵاتدارانی تارانەوە چەند قات لە چاو پێشووتر زیادی کردوە. لە هیچ کام لە شارە گەورە و بچووکەکانی ئەو هەرێمە نەخۆشخانە و کەرەسەی دەرمانی بەو ڕادە لە بەردەستدا نییە کە بتوانێ دادی ئەو هەموو نەخۆشە بدا و، لە هەمان کاتدا بە هۆی هەژاری و دەستکورتی، خەڵک ڕێنوێنییە تەندروستییەکان لە بەرچاو ناگرن و بۆ بژێوی ژیان ڕوو لە دەرەوەی ماڵەکانیان دەکەن و هەر ئەوە وای کردوە کە ئەو ڤیرووسە زۆر خێراتر لە پانتایی ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بڵاو بێتەوە و ببێتە هۆی نەخۆش کەوتن و مردنی سەدان کەس لە خەڵکی کوردستان.

لەو هەلومەرجەدا خەڵکی کوردستان بە



چاوی خۆیان بێموبالاتی و کەمتەرخەمیی دەسەڵاتدارانی تاران دەرحەق بە خۆیان دەبینن، بۆیە لە گەڵ ئەو ڕاستییە کە وەزعیەتی بەڕێچوونی ژیان لە ئێرانی ئێستادا گەلێک چەتوونە بەو حاڵەش خەڵکی کوردستان بە گشتی و ڕێکخراوە مەدەنی و کەسایەتیی زانستی و ئایینی و کۆمەڵایەتییەکان بە تایبەتی ئەرکی قورسیان بۆ ڕۆشنگەری و ڕێنمایی لە نێو کۆمەڵگەدا بۆ خۆپاریزی لە نەخۆشیی کرۆنا دەکەوێتە سەر شان و لە هەمان کاتدا یارمەتی دان و بە هاناوە چوونی هاونیشتمانییان لە بواری دابینکردنی پێداویستییەکانی ژیان کە فەرهەنگی جوان و جوامێریی کوردەوارییە لەو ئان و ساتەدا بەربەرینتر بکرێتەوە، بۆ ئەوە وەک هەموو جارێ کە نیشانتان داوە لە کاتی تووشبوونی نیشتمان بە کارەساتێکی خولقاوی دەستی سروشت یا مرۆڤ، پشت و پەنای یەکتر بوون و بەسەر کۆسپ و نەهامەتییەکاندا زاڵ بوون؛ ئەم جاریش پێویستە بە هاوکاری و هاوبیریی هەموو لایەک بەسەر ئەو تەنگەژەش کە بە هۆی کرۆنا و کەمتەرخەمیی دەسەڵات بەسەر خەڵکی کوردستاندا هاتوە، سەرکەوتن دەستەبەر بکرێ.

---

دارسمە
دارسمە دەنووکی
لە سمین ناپارێزێ

## سماندنی فرت و فیڵی

## زێنەبی کرمانێ

لە زمان یەکێک لە ئەدەیبان یان ئەدەبدۆستانی شاری مەهاباد گێڕاویانەتەوە، لە ئاخرین ساڵانی دەسەڵاتداریی ڕێژیمی پاشایەتییدا بەشێک لەو کەسانەی خوێندنی قوتابخانەیان تەواو دەکرد، لە جیاتی سەربازی، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە گوندان دەکران بە مامۆستا و "سپای دانیش"یان پێ دەگوترا. مامۆستای ئەو کاتیش لە زۆربەی گوندەکان خوێندەواری تاقانە بوون و کەم هەڵ دەکەوت جگە لە مەلای ئاوەدانی؛ کەسێکی دیکە بتوانێ شتێک بخوێنێتەوە.

ڕۆژێک لە گوندێکی سەر بە کرماشان پیاوێکی بەتەمەن بە ناوی "یارمحەممەد" کەرێکی لێ ون دەبێ و دەچێتە لای سپای دانیش و داوای لێ دەکا، بۆ دۆزینەوەی کەرەکەی فاڵی حافزی بۆ بگرێتەوە. ئەویش دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، دێڕە شێعری "ما عکس رخ یار در پیاله دیدەایم"ی حافزی شیرازیی بۆ دەستکاری دەکا و دەڵێ: "حافز فەرموویەتی "ما عکس خر یارمحمد در پیاله دیدەایم"." یارمحەممەد دەڕوا و داوی ماوەیەک بە کۆڵێک ماست و پەنیر و مریشکەوە دێتەوە لای مامۆستای قوتابخانە و لەبەر ئەوەی لە گوندێک بە ناوی "پیاڵە" کەرەکەی دۆزیوەتەوە، زۆر سپاسی مامۆستا دەکا.

* * *

سەرچاوەکانی هەواڵ لە لوبنانەوە لە زمان "زێنەب موغنییە" کچی یەکێک لە سەرکردەکانی پێشووی حیزبوڵڵای لوبنانەوە بڵاویان کردەوە: "زێنەب سولەیمانی" کچە گەورەی قاسم سولەیمانی کە بە هۆی هێرشی فڕۆکەی ئەمریکایی کوژرا، شووی بە کوڕی فەرماندەیەکی حیزبوڵڵا کردوە. ئەم ژن و ژنخوازییە پەیمانی نێوان شۆڕشی ئیسلامیی ئێران و حیزبوڵڵای لوبنانی پتەوتر کردوە. خزمایەتی و ژن و ژنخوازی، ڕۆحی هۆز و عەشیرەکان لە یەکتر نزیک دەکاتەوە و دیارە ئەم جارە ئەوان هاسانتر دەتوانن داوای پارە و مووچەی مانگانەی ئەندامەکانیان لە کۆماری ئیسلامی بکەن. پێش ئەم ڕووداوانەش "حەسەن نەسروڵڵا" بە ئاشکرا گوتبووی هەتا کۆماری ئیسلامی پارەی هەبێ، ئێمەش دەمانبێ و کۆماری ئیسلامی سەرچاوەی پارە و داهاتی ئێمەیە و مووچەی ئەندامانیشمان ئەوان دابینی دەکەن.

بە هۆی ئەوەی باوکی زێنەبی سولەیمانی لەکاتی هەناردەکردنی شۆڕشدا پارێزەرانی مەزارگەی "زێنەب"ی دەنارده سووریە و ئێستاش زێنەبی کچی "عیماد موغنییە"، هەواڵی شایی و هەڵپەڕکێی زێنەبی قاسممان پێ دەڵێ، خەریکە "زێنەب" دەبێتە سەرواى بابەتەکەمان. ئێمەش دوور لە چاوی وردبینی "زێنەبێ قەلاتان" لەسەر زێنەبی سولەیمانی دەمێنینەوە و لەوێ لە جیات فاڵی حافز، فاڵی ئەم شێعرە کوردییەی خوارەوەتان بۆ دەگرینەوە:

**"ئەبرۆت هیلالی یەکشەوە**
**سەریان پەیوەستە پێکەوە**
**برژانگ تیری کەیخوسرەوە"**

١- لە دێڕی یەکەمدا ئەبرۆ بە "هیلال" شوبهێنراوە. دیارە لەم سەردەمەدا ئەبرۆی هیلالی باوی نەماوە و خانمان برۆکانیان پێچەوانەی هیلال درێژ دەکەنەوە. (لە نێو خۆمان دەرنەچێ، زۆریش لێیان جوانە) ئەوەی لەم سەردەمەدا لەسەر بابەتی هیلال پێداگرە، دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانە. سووچێکی هیلالەکەی ئەوان لە مەشهەد و قومەوە دەست پێدەکا و سووچەکەی دیکەی لە لوبنان لەبن پیلی ئیسرائیل تەواو دەبێ.

٢- "سەریان پەیوەستە پێکەوە" پێمان دەڵێ دوو سەری ئەم هیلالە پێکەوە پەیوەستن. وڵامی ئەمەیان لە کۆی ئەم بابەتەدا بدۆزنەوە.

٣- "برژانگ تیری کەیخوسرەوە" لێرەدا مەبەستەکە ئامانجی خۆی بە تەواوی دەپێکێ و تیری کەیخوسرەو کە پادشای دادپەروەری نێو پەڕاوە مێژووییەکانە و فارسەکان ئەوانەی ڕەگەزپەرستن، زۆر جار نانی یەکیەتی و یەکگرتوویی خۆیان لەسەر سفرەی ئەویش دەخۆن، تیرەکەی لەژێر هیلالی ئاماژە بۆ کراودا دەهاوێژێ.

**ئەنجامی سیاسی:**

زێنەبی سولەیمانی کچە گەورەی قاسمی سولەیمانی هیچ بڕوا ناکا جێگرەکەی باوکی بتوانێ ئەم هیلالە بپارێزێ، بۆیە بە ناچاری یان بۆ خۆشیی دڵی خۆی دەلینگی لێ هەڵماڵیوە.

**ئەنجامی جوگرافیایی:**

ژیانی مەعنەویی هاوسەر و کچی فەرماندەی سپای قودس و سەرکردەی حیزبوڵڵای لوبنان بوون، لە مەودای نێوان دوو جەمسەری هیلالەکەدا بە بەردەوامی لە هاتوچۆدایە، هەر نەبێ فڕۆکەکانی کۆمپانی فڕۆکەوانیی "ماهان" مسۆگەری دەکەن.

**ئەنجامی مێژوویی:**

ئەوانەی خۆیان بە میراتگری کەیخوسرەو دەزانن، هەوڵ دەدەن بە برژانگی زێنەبێ تۆڵەی هێرشی ١٤٠٠ ساڵ لەمەو بەر بکەنەوە، بەڵام ئاخۆ خوارزا چی بەسەر خاڵۆیان دەهێنن؟

ئەنجامی خۆش:

ئەمەیان زێنەب و زاوازێڕینە عەرەبەکە باشتر دەیزانن.

**ئەنجامی دەشتەکییانە:**

زێنەبێ وەی زێنەبێ لەو زێنەبەی کرمانێ
دەرێ بابانت شێوێ ناوت کەوتە لوبنانێ

ئەنجامی دوای زڕە باوێشک و چاو هەڵگلۆفین: ڕووداوی فاڵگرتنەوەی دۆزینەوەی کەرەکەی یارمحەممەدیش لە کۆتاییەکانی دەسەڵاتداریی حکوومەتی پاشایەتییدا ڕووی دا.

***

# گزبوونی هیلالی شیعە



لوقمان موئمینی

لە ئیسلامدا ئایین‌زای شیعە بە کەمینە دادەنرێ، نزیکەی لە سەتا ١٥ی موسوڵمانان پەیڕەوی ئایین‌زای شیعەن کە زۆربەی هەرە زۆریان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەتی وڵاتانی عێراق، ئێران، سووریە، لوبنان، یەمەن، ئازەربایجان و بەحرەین، هەروەها بە ڕێژەیەکی کەمتر لە پاکستان و ئەفغانستان و هەندێک وڵاتی تر دەژین. ئەم ئایین‌زایە لە سەرەتای سەرهەڵدانی هەتا ئەمڕۆ بێجگە لە چەند قۆناغێک، دەرفەتی حوکمڕانیی بەردەوامی نەبووە. لە وڵاتە شیعەکاندا دەسەڵاتێکی کەمیان هەبووە و ئەگەریش بووە وەک دەسەڵاتێکی ئایینی نەناسراون بۆ نموونە حکوومەتی بەعسی سووریە کە شیعە عەلەوییەکان لەسەر کار بوون بەڵام دەسەڵاتێکی ئایینی نەبووە، هەروەها عێراقی پاش ٢٠٠٣ـش هەر بەم شێوەیە، بەڵام لە بارەی ئێرانەوە بابەتەکە جیاوازە، هەر لە سەردەمی سەفەوییەوە و دواتریش دامەزرانی کۆماری ئیسلامی؛ ئەم دەرفەت و ئەزموونە بۆ ئێرانییە شیعەکان هەڵکەوتوە.

شیعە و کارەکتەرەکانی بە درێژایی مێژوو خەونی بە یەکەوە بەستنەوە و یەکگرتوویی پەیڕەوانی ئایین‌زاکەیان و دامەزرانی ئیمپراتۆریی شیعەیان لە ناوچەکەدا هەبوە، هەتا چەند ساڵی ڕابردووش ئەمە هەر خەون و خولیایەک بوو، بەڵام دوای دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە کردەوە هەوڵی وەدیهاتنی ئەم خەونە لەمێژینەیەی شیعە بە ڕێبەرایەتیی ئەم ڕێژیمە دەدرێ و دراوە. دەتوانین بڵێین لە دوای هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی لە ئێران هەتا ئێستا بە دوو قۆناغ هەوڵی وەدیهاتنی ئەم ئامانجە لەمێژینەیەی شیعەکان دراوە.

وەک بیرۆکەی کردەوەیی سەرەتاکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ی زایینی، خومەینی بێجگە لە پاوان‌کردنی مەرجەعیەتی ئایینی و ڕێبەریی سیاسی لە ئێران، خۆی بە ڕێبەری جیهانی ئیسلامی دەزانی و بانگەوازی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی بۆ دەرەوەی ئێران بە تایبەتی بۆ وڵاتانی دراوسێ لە سەرووی هەمووشیانەوە عێراق کە زۆربەی دانیشتووانی شیعەن، دەکرد. هۆکاری دواکەوتنی هەناردەکردنی شۆڕش لە لایەن خومەینییەوە ئەوە بوو کە لە عێراق ڕێژیمێکی بەهێز لەسەر کار بوو، بێ‌گومان دەسەڵاتدارانی عێراق هەرچەندە ئایدیۆلۆژیی حکوومەتەکەیان ئیسلامی نەبوو، بەڵام خۆیان موسوڵمانی سوننە بوون، بۆیە هەر لە سەرەتاوە دژی ئەو پیلانەی ئێران وەستانەوە و نەیان‌هێشت ئێرانییەکان دزە بکەنە نێو عێراق و بەرنامەکانیان جێبەجێ بکەن. یەکێک لە هۆکارەکانی شەڕی ئێران و عێراق کە هەشت ساڵی خایاند هەر ئەوە بوو. لە ماوەی ئەم شەڕەدا و دالدەدانی بەرهەڵستکارە شیعەکانی ڕێژیمی عێراق لە لایەن ئێرانەوە، بوو بە دەرفەتێک کە بە کردەوە دوای ڕووخانی ڕێژیمی سەدام لە ساڵی ٢٠٠٣، ڕێگە خۆش بوو بۆ کۆماری ئیسلامی کە بە خواست و ئارەزووی خۆی بگات و نفووز بکاتە نێو شیعەکانی عێراق و لەوێشەوە بۆ وڵاتانی تری ناوچەکە پەل باوێت.

ڕووخانی ڕێژیمی سەدام دەستی ئێرانی ئاوەڵا کرد کە لە عێراقەوە دەست بکەن بە جێبەجێ کردنی پیلان و بەرنامەکانی خۆیان، بە دوای باڵادەست بوونی ئێران لە عێراقدا و دەستێوەردانی لە کاروباری سیاسیی ئەو وڵاتە و، بەهێزکردنی پێگەی سیاسی و نیزامیی خۆی، دەکرێ بڵێین بە کردەوە دەستی بە جێبەجێ کردنی خەونە لەمێژینەکەی کە کۆ کردنەوەی هەمووی شیعەی ناوچەکە بوو، کرد.

ئەم کردەوەیەی ئێران نیگەرانیی وڵاتانی ناوچەکەی لێ‌کەوتەوە و، دەستەواژەیەکی سیاسیی نوێ هاتە کایەوە بە ناوی "هیلالی شیعە".

**هیلالی شیعە چییە، کوێ دەگرێتەوە؟**

لە درێژەی خەونە لەمێژینەکەی ئێران، دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس لە عێراق و باڵادەستیی شیعەکانی ئەو وڵاتە و گەیشتنیان بۆ یەکەم جار بە دەسەڵاتی سیاسی، هەروەها دەستکراوەیی ئێران لە عێراق، کۆماری ئیسلامی، سپای پاسداران بە تایبەتی سپای قودسی ڕاسپارد کە لە ئێرانەوە ڕێگەیەکی وشکانی بکەنەوە بە عێراقدا تێ‌پەڕێ و بە سووریەدا بچێتەوە نێو خاکی لوبنان. بۆ یەکەم جار ساڵی ٢٠٠٤ "شا عەبدوڵڵا" شای ئۆردۆن زاراوەی هیلالی شیعەی بەکار هێنا، شا عەبدوڵڵا نیگەرانیی خۆی لەوە ڕاگەیاند کە حکوومەتێکی شیعەی لایەنگری ئێران لە عێراق دامەزراوە و ئێران خەریکە لەو ڕێگەیەوە پیلانەکانی خۆی جێبەجێ دەکا، ئەگەر ئەو پیلانەی ئێران سەر بگرێ وڵاتانی ئێران، سووریە، عێراق و لوبنان بەیەکەوە بلکێن، هیلالێکی شیعە دروست دەبێ، بە دوای ئەوەدا نیگەرانیی سعوودیە و میسر و زۆر وڵاتی دیکەی ناوچەکەی بە شێوەی جۆراوجۆر لێ‌کەوتەوە. هیلالی شیعە ئەو وڵاتانە لە خۆ دەگرێ کە حەشیمەتێکی زۆری شیعە تێیدا دەژی؛ ئێران، عێراق، بەحرەین، لوبنان، ئازەربایجان، سووریە جاروبار ناوی یەمەنیش دەهێنرێ (هیلالی شیعە بە مانای هیلالی مانگە کە پاش پێکەوە لکاندنی ئەو وڵاتانە لە سەر نەخشە دەردەکەوێ). بێجگە لەو هۆکارانەی ئاماژەیان پێ‌کرا، ئێران هەوڵ دەدا شیعەی ناوچەکە بەیەکەوە ببەستێتەوە و، بیانکاتە جەمسەرێکی جوغرافی و جەماوەریی گەورە و خۆی ڕێبەرایەتییان بکا و ببنە بەرهەڵستکار و ڕکابەری وڵاتە سوننەکانی ناوچەکە لە سەرووی هەمووشیانەوە عەرەبستانی سعوودی.

ئەمڕۆ لە جیهانی ئیسلامدا سعوودیە و ئێران ڕێبەرایەتیی هەر دوو باڵە ئیسلامییەکە دەکەن، ئێران ڕێبەرایەتیی بلۆکی شیعە، عەرەبستانیش ڕێبەرایەتیی سەرەکیی بلۆکی سوننە دەکا، هەرچەندە عەرەبستان لە ڕێبەرایەتییدا تەنیا نییە، بەڵام پێشڕەوی وڵاتانی دیکەیە. لە سەرەتادا هەوڵ و تەقەلای کۆماری ئیسلامی بۆ گەیشتن بەم خەونە دێرینەی زۆر کاریگەر نەبوو چونکە دوای ڕووخانی ڕێژیمی بەعس و بە دەسەڵات گەیشتنی شیعە لە عێراق سپای ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە نێو خاکی عێراق مانەوە، هەر بۆیە سپای قودس کە ئەرکدار کرابوو لە لایەن تارانەوە بە کردەوە ڕێگەی خاکی لە عێراق و سووریە بۆ لوبنان بکاتەوە نەیتوانی هیچ جموجۆڵێکی ئەوتۆ بکا و ئەو ستراتێژییە بە کردەوە بخاتە گەڕ، بە هۆی ئەوەی کە ئەمریکا هەر جووڵەیەکی جێگای گومانی ئێرانی بەرپەرچ دەدایەوە.

بەڵام دوای ئەوەی کە ساڵی ٢٠١١ هێزەکانی ئەمریکا لە عێراق کشانەوە جموجۆڵەکانی سپای قودس بە فەرماندەیی "قاسم سولەیمانی" بە شێوەیەکی کارا و جددی دەستی پێ‌کرد، بە تایبەتی دوای دەرکەوتنی داعش لە ساڵی ٢٠١٤ سپای قودسی ئێران لە ڕێگەی دەسەڵاتی شیعە لە عێراق شەرعیەتی ئەوەی وەرگرت وەک هێزێکی فریادڕەس لە نێو خاکی عێراقدا دژی داعش شەڕ بکا، ئەوە دەرفەتێکی زێڕین بوو بۆ کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی پیلانەکانی خۆی بە ئاسانی جێبەجێ بکا، هەرچی لە توانایدا بوو بۆ بەرژەوەندیی خۆی لە نێو عێراق و ناوچەکە لەو ماوەیەدا کردوویەتی. لە لایەکی دیکەوە ناکۆکییە درێژخایەنەکانی فەلەستین، ئیسرائیل و پشتگیریی کۆماری ئیسلامی بە درێژایی تەمەنی خۆی لە شیعەکانی لوبنان و بەشێکی جووڵانەوەی فەلەستین، هەروەها ناکۆکیی یەمەن، سعوودییە، پشتیوانی و هاوکاریی ڕێژیمی ئێران لە حووسییەکانی یەمەن، شەڕی سووریە و پشتیوانیی ماددی و نیزامیی کۆماری ئیسلامی لە بەشارئەسەد، هاوکات لەگەڵ ئەوەدا چەند هۆکار و فاکتەری گرینگی دیکەش هەیە کە دەتوانین ئاماژە بە دژایەتی کردن و دروشمی دژە ئیسرائیلی و دژە ئەمریکایی ئێران و هێزە شیعەکان، سەرقاڵ بوونی هێزە هاوپەیمانەکان بە شەڕی ڕادیکاڵیزمی ئیسلامیی سوننە وەک قاعیدە، تاڵەبان، داعش، هەروەها شەڕی ئەفغانستان، عێراق و سووریە، بکەین.

لە هەمووی گرینگتر ڕێکەوتنی ئەتۆمیی ئێران لەگەڵ وڵاتانی ١+٥ وای کرد لە هەموو قۆناغە جیاجیاکان پەل‌هاویشتنی کۆماری ئیسلامی بۆ نێو خەڵک و ڕێکخراوە تایفییە شیعەکان لە تەواوی ناوچەکەدا کەمتر ڕووبەڕووی بەربەست و ئاستەنگ ببێتەوە بگرە ڕەواییشی پێ درا، بۆیە ڕێژیمی ئێران توانی بە کردەوە ڕۆڵی سیاسی و نیزامیی خۆی لە سەرجەم ئەو وڵاتانەدا بەرەو پێش ببا تا ئاستێک بەرپرسانی ئێرانی لە نوێژی هەینییدا باسی کەوتنە ژێر دەسەڵاتی سێ پێتەختی وڵاتانی عەرەبی (بەغدا، دەمشق و بەیرووت) دەکەن و، پێتەختی چوارەمیش کە سەنعایە زۆری نەماوە دەستی بەسەردا بگرن. هەروەها فەرماندەی سپای پاسداران "محەممەدعەلی جەعفەری" باسی ئەوە دەکا ٢٠٠ هەزار چەکدار لە عێراق و سووریە پشتیوانی لە کۆماری ئیسلامی و سیاسەتەکانی دەکەن و خەریکە دروست بوونی هیلالی شیعە بەرەو کۆتایی دەچێ.

هەموو ئەو دەسکەوت و فاکتەرانەی لەسەر بڵاوبوونەوەو و پەل‌هاویشتنی ئێران ئاماژەیان پێ کرا، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە سەر دەسەڵاتدارانی سوننەی ناوچەکە و، بەشێکیشی بۆ کارەکتەری قاسمی سولەیمانی وەک فەرماندەی سپای قودس دەگەڕێتەوە، لە ڕاستییدا قاسمی سولەیمانی کاریزمای ڕێکخستنی هیلالی شیعە بوو.

دوای کوژرانی قاسمی سولەیمانی و چوونە فازێکی دیکەی کێشەکانی ئێران و ئەمریکا، هەروەها وشیار بوونەوەی وڵاتانی ناوچەکە و هەست بە مەترسی‌کردنیان لە لایەک و لە لایەکی دیکەوە کۆمەڵێک فاکتەری نێوخۆیی و ناوچەیی ئەو پرسیارەمان بۆ دروست دەکا، سەرەنجامی ئەم سیاسەتە بەرەو کوێیە؟ ئایا کۆماری ئیسلامی توانای درێژە دان بەم ستراتێژییەی هەیە؟ بێ‌گومان کێشەکانی ئێران و ئەمریکا چوونەتە قۆناغێکی دیکە و خەریکە شکڵ دەگرێ، تا ئەمڕۆ لە هەموو قۆناغەکاندا ئەمریکا بە هۆی دژایەتی‌کردنی بەرژەوەندییەکانی لە ناوچەکە و دەستێوەردان و ئاڵۆزی سازکردنی کۆماری ئیسلامی و دژایەتیی هاوپەیمانەکانی لە ڕووی نیزامی، سیاسی و ئابوورییەوە ئێرانی وەک ئامانجێکی دوور یان نزیک پیشان داوە، بۆیە کۆماری ئیسلامی وەک دەسەڵاتێک کە هەمیشە شەڕی لە بەر دەرگای ماڵی ڕاوەستابێ دژکردەوەی هەبووە، بۆ ئەوەش هەموو دۆست و هاوپەیمانەکانی خۆی لە عێراق، لوبنان، فەلەستین، یەمەن، سووریە و ئەفغانستان بەکار هێناوە و شەڕی ئەمریکای لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی پێ‌کردوون، هەتا ئەمڕۆ ئەوە گرینگترین فاکتەر بووە بۆ ئەوەی شەڕ نەگاتە نێوخۆی ئێران.

بەڵام ئێستا وەک دەبینین سێناریۆی ناوچەکە خەریکە دەگۆڕدرێ، لە ڕوانگەی ئێرانەوە وڵاتی عێراق بەردی بناغەی ئەم نەخشە و پیلانەیە و سەرکەوتنیان لە عێراق بە واتای بەجێ گەیاندنی گەورەترین هەنگاوی پیلانەکەیانە، کەچی لە ماوەی چەند مانگی ڕابردوودا هەم لە ناوچەکە و عێراق و لە لایەن ئەمریکاشەوە یارییەکە پێچەوانە بووەتەوە و خەریکە شەڕەکە ڕوو دەکاتە نێوخۆی ئێران، ماوەی چەند مانگێکە لە ناوەندی پیلانەکانی کۆماری ئیسلامی (عێراق) ئاڵۆزییەکی جددی هەیە و نارەزایەتی‌دەربڕانێکی زۆر ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و بەدژی هێژمۆنیی ئێران لە عێراق و دەسەڵاتی شیعەی عێراق -کە نوقم بوونە لە گەندەڵی و بە تاڵان بردنی سەروەت و سامانی ئەم وڵاتە- وەستاونەتەوە. نێو ماڵی شیعە لە عێراق خەریکە بەرەو لێک‌ترازان دەڕوا، دژایەتیی خۆپیشاندەرانی ناڕازی و ناکۆکیی نێو لایەنە شیعەکان، بۆ جێگرەوەی عادل عەبدولمەهدی و هەروەها کوژرانی قاسمی سولەیمانی، کاردانەوەی نیزامیی ڕاستەوخۆی کۆماری ئیسلامی بۆ یەکەم جار بەدژی ئەمریکا و دواتر لە ڕێگەی لایەنەکانی سەر بە ئێران و کاردانەوەی نیزامیی ئەمریکا بۆ ئەم هێرشانە و لێدوانی توندی بەرپرسانی ئەمریکایی لەمەڕ ئێران و، بەم دواییانەش هێنانی سیستمی بەرگریی مووشەکیی (پاتریۆت) بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان، پەلە لە تەواوکردنی کونسولخانەی ئەمریکا لە هەولێر کە گەورەترین کونسولخانەیە، هەروەها توندکردنی گەمارۆ ئابوورییەکانی لەسەر ئێران، دەتوانین بڵێین بە جۆرێک گەمارۆدانی نیزامییش بە بڵاوە پێ‌کردنی هێزەکانی ئەمریکا لە چەند وڵاتی ناوچەکە و هێنانی ناوگانە شەڕکەرەکانی بۆ کەنداو؛ بەشێکن لەم گۆڕانانەی کە بەم دواییانە ڕوویان داوە.

ئێران هەتا ئەمڕۆ توانیویەتی بە خەرج کردنی سەرمایەیەکی یەکجار زۆر و خەیاڵیی نیزامی، فکری، ئابووری لەو ڕێگایەدا ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی سەرقاڵ بکا.

بەڵام ئەمڕۆ بە هۆی ئەم گەمارۆ ئابوورییە تاقەت پڕووکێنە پشتی چەماوەتەوە و تووشی داڕووخانی ئابووریی زۆر گەورە بووەتەوە، نەک ناتوانێ تێچووی شەڕە نیابەتییەکان دابین بکا، بەڵکوو بەرەو ئەوە دەڕوا توانای ئیدارەی خۆیشی نەمێنێ. لە لایەکی ترەوە کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆ بە هۆی ئەم بارودۆخەی کە بەسەر خەڵکیدا هێناوە گرفتی مەشرووعیەتی بۆ دروست بووە. ئەم ڕاستییەش لە دوایین هەڵبژاردنی مەجلیسدا ڕەنگی دایەوە، خەڵک بەشدارییی چالاکانەیان لە هەڵبژاردندا نەکرد و بەو هەڵوێستەیان مەشرووعیەتی کۆماری ئیسلامییان بردە ژێر پرسیار.

هاوکات کێشەکانی لەگەڵ وڵاتانی جیهان بە تایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوا لە کۆنترۆڵ دەرچووە و بەرەو گۆشەگیر بوونی جیهانی دەڕوا. لەوانەیە کاریگەریی گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا لەسەر ئێران لە شەڕی نیزامی کەمتر نەبووبێ، بۆیە ئەستەمە ئێران بەم دۆخەی کە تێی‌کەوتوە بتوانێ ڕەوشی ئاڵۆزی ناوچەکە بەڕێوە بەرێ. لە ڕاستییدا هاوپەیمانەکانی ئێرانیش وەک گرووپە شیعەکان لە ناوچەکەدا بۆ یەکەم جارە بەم شێوەیە ڕووبەڕووی ئەمریکا و ئیسرائیل و ڕۆژئاواییەکان دەبنەوە و ڕاستەوخۆ دەکرێنە ئامانج و زەحمەتە بتوانن بەرگەی فشاری درێژخایەن بگرن.

لە نێو شیعەکانیشدا بۆچوونی جیاواز و بەرژەوەندیی تایبەت هەیە، ئەوانیش یەک‌دەست نین، شەرت نییە تا سەر لەگەڵ پیلان و بەرنامەکانی کۆماری ئیسلامییدا بمێننەوە، ئێرانیش توانای مادی و دەرفەتی جارانیشی نییە، هەروەها دژایەتیی هێژمۆنیی ئێران لە نێو شیعەکاندا خەریکە گەشە دەکا، بە تایبەتی خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی عێراق و لوبنان پێمان دەڵێن دوور نییە لە ئاڵۆزتر بوونی دۆخەکە درەنگ یان زوو دەنگ و ڕەنگی جیاواز دەر بکەون، بۆیە بە پشت‌بەستن بەو فاکتەرانە و کۆمەڵێک فاکتەری دیکەی نێوخۆیی و ناوچەیی و جیهانی بە دووری نازانین ئاکامی هیلالی شیعە بەرەو لە نێو چوون و ئاوا بوون بچێ.

***




**بیرۆکەی کردەوەیی سەرەتای هیلالی شیعە دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی ١٩٧٩ی زایینی، خومەینی بێجگە لە پاوان‌کردنی مەرجەعیەتی ئایینی و ڕێبەریی سیاسی لە ئێران، خۆی بە ڕێبەری جیهانی ئیسلامی دەزانی و بانگەوازی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامیی بۆ دەرەوەی ئێران بە تایبەتی بۆ وڵاتانی دراوسێ لە سەرووی هەمووشیانەوە عێراق کە زۆربەی دانیشتووانی شیعەن، دەکرد.**

کوردستان
ژمارە: ٧٧٧
١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٩ _ ٥ی جوولای ٢٠٢٠

## چیا مەللاک:

# کورد لە ئێران کێشەی حاکمیەت و ناسنامەی خۆی هەیە، کە لەگەڵ خوێندنەوەی ڕەسمیی حکوومەتی ناوەندی جیاوازیی زۆرە

دیمانە: شەونم هەمزەیی

**گەلی کورد هەر لە یەکەم دابەش بوونیەوە هەتا دواتریش بەردەوام لەژێر مەترسیی سڕینەوە و لە نێو بردن و ئاسیمیلە لە لایەن نەتەوەی باڵادەستەوە بووە، بۆ نەتوانەوە و مانەوەی خۆیشی خەباتێکی بێپسانەوەی گرتوەتە بەر کە ئەم خەباتە نسکۆی بووە و سەرکەوتن و دەسکەوتی بووە و شکستی نیزامییشی هەر بووە. لەگەڵ گۆڕانی شێوازی خەبات، شێوازی و تاکتیکی دوژمنان و داگیرکەرانیش بە شێوەیەکی ڕێژەیی بە نیسبەت پرسی کوردستانەوە گۆڕانی بەسەردا هاتوە. یەکێک لەو بابەتانەی لە ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان بابەتی ڕۆژە و جێی سەرنجە و وەک مەترسییەک دەنوێنێ؛ بابەتی گۆڕانی دێموگرافیی ئەم بەشە لە کوردستانە کە بە شێوازێکی نەرم کۆماری ئیسلامی خەریکی جێبەجێ کردنیەتی؛ لەم ژمارەی "کوردستان"ـدا لەگەڵ "چیا مەللاک" کارناسی ژێئۆپۆلیتیک و چالاکی سیاسی وتووێژێکمان پێک هێناوە لەسەر ئەم بابەتە گرینگەی ئێستای ڕۆژهەڵاتی کوردستان و ئاستی ئەم هەوڵانە و نیگەرانییەکانی و هتدی ئاماژە پێ کراون.**



**بە گشتی پێناسەیەکمان هەبێ لەسەر جوغرافیای کوردستانی ئێران ئەوەی ئێمە بە کوردستانی دەزانین، ئایا حکوومەتی ناوەندی لەگەڵمان هاوڕایە؟**

کوردستانی ئێران بە یەکەیەکی نیشتمانی، سیاسی و جوغرافی دەگوترێ کە لە باکووری ڕۆژئاوا و ڕۆژئاوای سنوورە ڕەسمییەکانی ئێران هەڵکەوتوە و زۆربەی دانیشتووانەکەی کوردن یان لە ڕووی جوغرافیایی و مێژووییەوە بەشێکە لە خاکی کوردستان. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوەی من لە ساڵانی ڕابردوو کردوومە، ڕووبەری کوردستانی ئێران ١٣٧ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. لەو ژمارەیە ١١٧ هەزار کیلۆمیتری چوارگۆشەی بە تەواوی کوردنشینە، ڕۆژهەڵاتی کوردستان ٦٤ شارستان لەخۆ دەگرێت کە ٤٦ـیان بە تەواوی کوردنشینن. بەڵام بەشەکەی دیکەی لەگەڵ تورکی ئازەری، لوڕ، عەرەب و فارس تێکەڵە کە لە هەندێک شوێن کورد زۆرینە و لە هەندێک شوێنی دیکە نەتەوەکانی دیکە زۆرینەن، بەڵام لە ڕووی مێژوویی و جوغرافیایی، خاکەکەی بەشێکە لە خاکی کوردستان.

هەم کۆماری ئیسلامی؛ هەم حکوومەتەکانی پێشوو بە تایبەتی دەسەڵاتدارانی قاجار هەوڵیان داوە جوغرافیای کوردستانی ئێران تەنیا بە پارێزگای سنە ببەستنەوە، واتا کاتێک باسی کوردستان دەکرێ تەنیا پارێزگای سنە بگرێتەوە. بەڵام ناوچەکانی دیکە بە ناوچەی کوردنشین ناو دەبەن یان هەر ناوی نابەن. بەڵام ئێمە پێمان وایە کورد کێشەی حاکمیەت و ناسنامەی لە کوردستانی ئێران هەیە و لەگەڵ خوێندنەوەی ڕەسمیی حکوومەتی ناوەندی جیاوازیی زۆری هەیە.

**ئاڵوگۆڕی دێموگرافیی کوردستان لە چ ئاستێکدایە؟ ئایا جێگەی نیگەرانییە؟ چوارچێوەی جوغرافیایی کوردستان تا چ ڕادەیەک کاریگەر بووە لەسەر ئەم گۆڕانە دێموگرافییە؟**

بەخۆشییەوە بە هۆی زۆریی حەشیمەت و چڕیی دانیشتووانی کوردستانی ئێران زیاتر لە ٩٠ لەسەدی خاکی کوردستان کێشەی دێموگرافی و ناسنامەیی نییە. بەڵام لە هەندێک شوێن لەوانە لە ڕۆژئاوای هەمەدان و لوڕستان؛ باکوور و ڕۆژهەڵاتی پارێزگای ورمێ و بەشێکی کەم لە پارێزگای سنە و ئیلام؛ کورد لە ڕووی نەتەوەیی و جوغرافیایی کێشەی دێموگرافیی لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە هەیە.

**حکوومەتی ناوەندی زیاتر لە چ ڕێیەک و لە چی کەلک وەردەگرێ بۆ گۆڕینی دێموگرافیی کوردستان؟**

دەتوانم ئاماژە بەوە بکەم کە جۆرێک لە هەوڵدان لە ٨٠ ساڵی ڕابردووەوە بە مەبەستی گۆڕینی پێکهاتەی نەتەوەیی لە هەندێک ناوچە دەبیندرێ. بە نموونە پارێزگای ورمێ کە زیاتر لە ٨٠٪ی خاکەکەی و ٦٥٪ی دانیشتووانەکەی کوردە، بەڵام ناوە فەرمییەکەی کراوە بە ئازەربایجان و، کەمینەیەکی تورک دەسەڵاتی بەسەر زۆرینەی کورددا هەیە. لەو پارێزگایە هەوڵ دراوە لە ڕێگەی نانەوەی ناکۆکیی نەتەوەیی و مەزهەبی لە لایەک و پشتگوێ خستنی کورد لە لایەکی دیکە؛ ئەو دوو پێکهاتە سەرەکییە لەدژی یەک بوەستنەوە و لە هەندێک شوێنی پارێزگاکەش بە تایبەت لە نەغەدە و ماکۆ هەوڵ دراوە دێموگرافی لە بەرژەوەندیی تورکی ئازەری بگۆڕێ و پێوەندیی کوردی ڕۆژهەڵات لەگەڵ باکووری کوردستان بپچڕێنێ. بەڵام لە باشووری کوردستانی ئێران هەوڵ دراوە سیاسەتەکە لە ڕێگەی سڕینەوەی زمان و ناسنامە و تێکەڵ کردنی کورد لەگەڵ نەتەوەکانی دیکە جێبەجێ بکرێ. دیارە ئەوە ڕەوتێکی مێژوویی‌تری هەیە کە ڕەنگە ئێستا لەم هەڤپەیڤینە کورتە بۆ باس کردن نەلوێ.




**هەوڵدان بۆ سڕینەوەی کولتووری نەتەوەی کورد و تواندنەوەی لە نەتەوەی باڵادەستدا دەکرێ هەر بەشێک لەم هەوڵانە بێ؟**

بەڵێ. لە چەندین شوێن ئەم سیاسەتە وڵامی داوەتەوە، بە نموونە بەشی باشووری شاری مەراغە یان ڕۆژهەڵاتی شاری ڕەزن کە دەیان گوندی یەکپارچەی کوردنشین هەن و لە ڕووی جوغرافیاییەوە بە خاکی کوردستان بەستراونەتەوە؛ بەڵام بە هۆی نەبوونی تێکەڵی لەگەڵ کوردی ورمێ و سنە لە لایەک و تێکەڵیی زۆر لەگەڵ دانیشتووانی ناکوردی ناوچەکە، زمانی کوردی تا ڕادەیەکی زۆر لە بڕەو کەوتوە و لە بری زمانی کوردی، ئێستا خەڵکەکە بە تورکی یان فارسی قسە دەکەن. ئەم بابەتە لە گوندەکانی قەڵاوەند لە باکووری پارێزگای خووزستانیش هەیە کە بە خاکی کوردستانەوە چەسپاوە. دەمەوێ نموونەیەک لەسەر گۆڕینی دێموگرافی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بێنمەوە. من جارێک کە بۆ لێکۆڵینەوە سەردانی گوندێکم بە ناوی "عەملە تەیموور" کردبوو، لەو گوندە نەک ناسنامەی کوردی نەمابوو بەڵکوو جگە لە پیاوێکی ٩٠ ساڵان هیچ کەس کوردیی لە بیر نەمابوو. بۆیە سڕینەوەی ناسنامە و تواندنەوە لە نەتەوەی باڵادەستدا بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاو بووە لە سیاسەتی حکوومەتی ناوەندی بەرامبەر بە کورد.

**هاوسنووریی کوردستان لەگەڵ تورکەکان چەندە کاریگەر بووە لە گۆڕانی دێموگرافیی ئەم ناوچانە؟**

پێشتر بڵێم من پێم وایە ئاسایشی نیشتمانیی کورد و تورک لە ئێران پێکەوە وابەستە و گرێدراوە. هیچ یەک لە ئێمە ناتوانین بێ ئەویدی پارێزگاری لە ئاسایشی نیشتمانییمان بکەین. پێم‌وایە تورک لەوەدا خەتابار نییە بەڵکوو ئەوە حکوومەتە کە ناوچە کوردی و تورکییەکانی لە ڕووی ئیدارییەوە پێک بەستوەتەوە. دیارە لە هەندێک شوێنی وەکوو نەغەدە و میاندوواو تا ڕادەیەک دێموگرافی لە بەرژەوەندیی تورک گۆڕدراوە، بەڵام بە گشتی وا نییە. بە نموونە لە "ئەسەدئاباد" و قوروە، دۆخەکە پێچەوانەیە دێموگرافی لە بەرژەوەندیی کورد تا ڕادەیەک گۆڕدراوە. بۆیە ناکرێ بڵێین دێموگرافی بە تەواوی لە بەرژەوەندیی تورکدایە.

> **من پێم‌وایە دەستکاری کردنی دێموگرافیی کوردستان لە داهاتوودا هەڕەشەیەکی زۆر جیددییە بۆ سەر ژێئۆپۆلتیک و ئاسایشی نیشتمانیی کوردستان. مەگەر ئێمە و نەتەوەکانی دیکە بە تایبەت تورک و لوڕ لەسەر کۆمەڵێک بنەما ڕێک بکەوین. هەروەها ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستان کە زمانی دایک و ناسنامەی نەتەوەیی فەرامۆش کردوە، کاری لەسەر بکرێ.**

**تا چەند کۆچی کورد بۆ ناوچەکانی دیکەی ئێران کاریگەریی لەسەر کەمبوونەوەی پێگەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان هەبووە؟**

ئەگەر مەبەستت ئەوەیە کە کۆچکردن بووەتە هۆکاری گۆڕانی دێموگرافی جگە لە نەغەدە و دەرەشار، نەخێر کۆچی ئابووری نەبووەتە کێشەیەکی گرنگ بۆ دێموگرافیی کوردستان. لە نەغەدە پرسەکە وەک شوێنەکانی دیکە نییە. لەوێ حکوومەت دەیویست و دەشیهەوێ لە نێو دڵی موکریان ناوچەیەکی تورکی پڕ حەشیمەت دروست بکا، بۆیە بە ئەنقەست کاری کرد تاوەکوو کوردی شارەکە ناچار بە کۆچ بکا و، توانی لەماوەی ٤٠ ساڵ ڕێژەی کورد لەو شارە لەسەدا ٦٥ بۆ کەمتر لە ٣٥ لەسەد کەم بکاتەوە. کوردی شارەکەش بە زۆری بەرەو پیرانشار، مهاباد و شنۆ کۆچیان کردوە، هەروەها تورکێکی بەرچاویش لە پارێزگای تەورێز وەکوو کارمەند و سپایی ماڵیان بۆ نەغەدە گواستوەتەوە. لە نەغەدە جگە لەوەی کورد کۆچی کردوە، لە ماوەی ٤٠ ساڵی ڕابردوو بە پێی ئامارە نیمچە فەرمییەکان نزیکەی ٢٣ هەزار تورک هاوردەی شارەکە کراون.

**تێکدانی ژینگەی کوردستان و لە نێو بردن و سووتاندنی دارستانەکان و ڕاگواستنی ئاوی کوردستان تا چ ڕادەیەک دەتوانێ کاریگەر بێت لەسەر تێکدانی دێموگرافیی ناوچەکە؟**

لە کورت‌ماوەدا وەک گوتم نابێتە هۆکاری گۆڕینی دێموگرافی، بەڵام لە درێژخایەندا بابەتەکە جیاوازە. لە پرسی ئاودا ناوچەکانی دیکەی ئێران تووشی کەم‌ئاویین نەک کوردستان، بەڵام بەکار هێنان و گواستنەوەی ئاوی کوردستان لە درێژماوەدا دەبێتە هۆکاری کەم‌ئاوی لە نێو کوردستان و لە دەرەنجامدا خەڵک ناچار دەبن بۆ ناوچەکانی دیکە کۆچ بکەن.

**بە سەرنجدان بە ڕێژەی بەرچاوی بێکاری لە کوردستان و پاوانی بەشی ئابووریی ئێران لە لایەن سپای پاسدارانەوە ڕۆڵی ئابووری لە کوێی ئەم هاوکێشەیەدا دەبینین؟**

ئابووری وەک دەگوترێ پاشنە ئاشیلی پرسەکەیە، ئەگەر سەیر کەین یەک لەسەر چواری ئاوی ئێران و زیاتر لە ٢٠ لەسەدی خۆراکی ئێران لە کوردستان بەرهەم دێ. کوردستان ڕێگەی سەرەکیی بەستنەوەی ئێران بە ئورووپا و تەنانەت بەشێک لە وڵاتانی عەرەبییشە. لە پرسی نەوتیشدا ڕۆژانە زیاتر لە ١٦٠ هەزار بۆشکە نەوت بەرهەم دەهێنرێ؛ هەروەها ٣ لەسەدی پاشکەوتی گازی جیهان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانە. بۆیە زۆر سروشتییە حکوومەت یان نەتەوەی سەردەست هەوڵ بدا لە ڕێگەی گۆڕینی دێموگرافییەوە مەترسیی کوردستان کەم بکاتەوە. ئێستا لە ئاستی نێوخۆیی سپای پاسداران زۆرترین پڕۆژەی لە کوردستان بە دەستەوەیە.

**گۆڕانی دێموگرافیی کوردستان لە داهاتوودا نەتەوەی کورد بە دیاریکراوی تووشی چ کێشەیەک دەکا؟**

ئێمە لە پرسی دێموگرافی لە دوو بوار لە کوردستانی ئێران بەرەو ڕووی کێشەین. لە بەشێک کە لەگەڵ نەتەوەیەکی دیکە بە هاوبەشی و تێکەڵی دەژین؛ بەڵام بە ناسنامەی کوردییەوە لەوانە لە ورمێ و گەڕووس. بەڵام بەشە مەترسیدارەکە ئەوەیە کە لە لوڕستان و هەمەدان لەگەڵی بەرەو ڕووین. لەم ڕووەوە دەڵێم کە لەو ناوچانە ناسنامەی کوردی لە نیو سەدەی ڕابردوو بەردەوام لە کاڵبوونەوەدا بووە بۆیە ئەمڕۆ بەشێک لە خەڵکی کورد لەو دوو پارێزگایە خۆیان وەک کورد ناناسن، یان نازانن کە زۆرینەی دانیشتووانەکەی کوردن؛ بەڵام زمانی کوردی بەکار ناهێنن و ڕۆژ لەگەڵ ڕۆژیش ناسنامەی کوردستانی‌بوونی خەڵکەکە بەرەو کاڵبوونەوەی زیاتر دەڕوا بە تایبەت لەو ناوچانەی هاونیشتمانییان بە زاراوەی لەکی قسە دەکەن. بۆیە من پێم‌وایە دەستکاری کردنی دێموگرافیی کوردستان لە داهاتوودا هەڕەشەیەکی زۆر جیددییە بۆ سەر ژێئۆپۆلتیک و ئاسایشی نیشتمانیی کوردستان. مەگەر ئێمە و نەتەوەکانی دیکە بە تایبەت تورک و لوڕ لەسەر کۆمەڵێک بنەما ڕێک بکەوین. هەروەها ئەو بەشە لە خەڵکی کوردستان کە زمانی دایک و ناسنامەی نەتەوەیی فەرامۆش کردوە، کاری لەسەر بکرێ.

**ڕۆڵی خەڵک (کوردەکان)ـی کوردستان، حیزبە سیاسییەکان، ئەنجومەن و ڕێکخراوە مەدەنییەکان بۆ ڕێگریکردن لە گۆڕانی دێموگرافیی کوردستان لە ڕووی نەتەوەییەوە چییە؟**

دەبێ کورد بە هەموو توێژ و ڕێکخراوەکانی پلان و ستراتێژیی هەبێ بۆ پاراستنی خاک و خەڵکەکەی بە تایبەت حیزبەکان، لە نێویشیاندا حیزبی دێموکرات. ئێمە لە زانستی سیاسی بەشێکیمان هەیە بە ناوی کارگێڕیی ناکۆکییە نەتەوەییەکان؛ بۆیە لە چوارچێوەی کارگێڕیی ناکۆکییەکان ئێمە دەتوانین کار لەسەر ئەم بابەتە بکەین. پێشم‌وایە یەکەم هەنگاو بردنەسەری ئاستی زانیاریی دانیشتووانی ناوچە تێکەڵاوەکانە چ لە ڕووی فەرهەنگییەوە چ لە ڕووی سیاسییەوە؛ بۆ ئەوەی دەرک بە گرنگیی ناوچەکانیان بۆ داهاتووی کوردستان بکەن. دواتریش پێم خۆشە بزانن کە تاکە پارچەیەکی کوردستان کە تا ئێستا نەخشەیەکی ورد و تایبەت بە خۆی نییە کوردستانی ئێرانە. ئەوەش بووەتە هۆکاری ئەوەی شارەزایی جوغرافیایی و کولتوورییمان لەسەر ناوچە جیاوازەکانی کوردستان نەبێ. لە کۆتاییشدا دەکرێ لەگەڵ تورک و لوڕ لەسەر نەخشە ڕێگەیەک بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خاک ڕێک بکەوین و بە بایەخەوە گرنگی بە پێکەوە ژیانی ئاشتییانەی نەتەوەکان بدەین.

**سپاس بۆ بەشدارییتان لەم دیمانەیەدا.**

سپاس بۆ ئێوەش.

***

کوردستان
ژمارە ٧٧٧
١٥ی پووشپەڕی ١٣٩٩ _ ٥ی جوولای ٢٠٢٠

# ئەو دیکتاتۆرانەی دەکرێ لەگەڵیان پێک بێی


و: مەنسوور مروەتی

**هەر وەک لە ژمارەکانی پێشدا باس کرا و لە ژمارەکانی داهاتووشدا وەک زنجیرە باس بەرچاوتان دەکەوێ، لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی ناوی توێژینەوەیەکی "جین شارپ"، بیرمەندی ناوداری بواری خەباتی مەدەنی و ناتوندوتیژە. شارپ ساڵی ١٩٢٨ لە ئۆهایۆی ئامریکا لەدایک بووە، دوکتۆرای فەلسەفەی سیاسیی بووە و جیا لە مامۆستایەتی لە زانکۆکانی ئامریکا، بۆ لێکۆڵینەوە لە سەر خەباتی ناتوندوتیژ سەردانی زۆر وڵاتی کردوە و تەنانەت زۆر جاریش بۆ پەروەردەکردنی خەڵک سەری لە وڵاتانی دیکتاتۆرلێدراو هەڵێناوە و لەوە گرینگتر لە چەند وڵاتێک خۆی گەیاندووەتە ریزی پێشەوەی نارازییان و تێکەڵ بە خەڵکی ئازادیخوازی ئەو وڵاتانە بووە. کاکڵی ئیدەکانی جین شارپ ئەوەیە کە ''دیکتاتۆرەکان هێزی سەرەکیی خۆیان لە گوێڕایەڵی و ملکەچیی خەڵکەوە وەدەست دێنن، ئەگەر خەڵک ئاوا ملکەچ و گوێڕایەڵی دەسەڵاتداران نەبن دەتوانن دیکتاتۆرەکان بە چۆکدا بێنن یا دەنا مەجبوور بە ئاڵوگۆڕیان بکەن.''**
**لەم زنجیرە باسەدا باس لە بنەما فیکرییەکانی "جین شارپ" بۆ خەبات دژی دیکتاتۆری دەکرێ:**

*لە بەشی پێشووی ئەم تەوەرەدا باسمان لە مەترسییەکانی وتووێژ لەگەڵ دیکتاتۆر بۆسەر بەرژەوەندیی هێزە دێموکرات و ئازادیخوازەکان کردبوو. هەروەها تیشکمان خستبووە سەر باشی و بەربەستەکانی وتووێژ. باسمان لەوە کردبوو وتووێژ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان هەتا ئەو کاتەی کەلکی هەبێ، نابێ حاشای لێ بکرێ یا پشتگوێ بخرێ، بە وردییش لێکدانەوەمان بۆ ئەوە کردبوو کە لەسەر هەندێ بابەت ڕێکەوتن و سازان ناکرێ و تەنیا ئاڵوگۆڕ لە دەسەڵات بە قازانجی ئازادیخوازان دەتوانێ ئە وجۆرەی کە شیاوە پارێزگاری لە جەوهەری بابەتە بنەڕەتییەکان بکا.*

> **هەر لە هەندێک هاوکێشەدا پێشنیاری "ئاشتی" لە لایەن دیکاتۆرەوە بۆ هێزە خەباتکارەکان، پێشنیارێکی ڕیاکارانە و درۆیە، چونکە دیکتاتۆر ئەگەر بیهەوێ دەتوانێ لە یەک چرکەدا دەست لە شەڕ بەدژی وڵاتەکەی هەڵبگرێ و کۆتایی بە توندوتیژی بێ. هەروەها لە لایەکی دیکەوە لە هەلومەرجێکدا کە هێزە خەباتکارەکان بەهێزن و هێزەکانی دیکتاتۆر بەڕاستی مەترسییان لەسەرە، دیکتاتۆرەکان ڕەنگە هەوڵ بدەن بە پەنابردنە بەر وتووێژ ئەوەندەی بۆیان دەکرێ کات بکڕن؛ بەڵام لە هیچ کام لەم حاڵەتانەدا نابێ لایەنە ئازادیخواز و دێموکراتەکان بە دانیشتن لە سەر مێزی وتووێژ، یارمەتیدەری مەبەستەکانی دیکتاتۆر بن.**

*هەروەها تیشکمان خستبووە سەر ئەوەی کە لە هەندێک هاوکێشەدا پێشنیاری "ئاشتی" لە لایەن دیکاتۆرەوە بۆ هێزە خەباتکارەکان، پێشنیارێکی ڕیاکارانە و درۆیە، چونکە دیکتاتۆر ئەگەر بیهەوێ دەتوانێ لە یەک چرکەدا دەست لە شەڕ بەدژی وڵاتەکەی هەڵبگرێ و کۆتایی بە توندوتیژی بێ. هەروەها لە لایەکی دیکەوە لە هەلومەرجێکدا کە هێزە خەباتکارەکان بەهێزن و هێزەکانی دیکتاتۆر بەڕاستی مەترسییان لەسەرە، دیکتاتۆرەکان ڕەنگە هەوڵ بدەن بە پەنابردنە بەر وتووێژ ئەوەندەی بۆیان دەکرێ کات بکڕن؛ بەڵام لە هیچ کام لەم حاڵەتانەدا نابێ لایەنە ئازادیخواز و دێموکراتەکان بە دانیشتن لە سەر مێزی وتووێژ، یارمەتیدەری مەبەستەکانی دیکتاتۆر بن.*

*هەروەها ئەو ئاکامگیرییەمان کردبوو کە هێزە ئازادیخوازەکان دەبێ تەنیا ئەو کاتە بانگهێشتن بۆ وتووێژ قەبووڵ بکەن کە دیکتاتۆر بە تەواوی بێهێز بووە و تەنیا داواکارییەک کە هەیەتی ئەوەیە کە ڕێگایەکی ئەمنی تا گەیشتن بە فڕۆکەخانەیەکی نێودەوڵەتی هەبێ. یان تەنانەت ئەگەر وای دانێین وتووێژەکە بە باشییش دەچێتە پێشێ، ئەو کات دەبێ پرسیار بکەین؛ ئاکامەکەی چ جۆرە ئاشتییەک دەبێ؟ ئایا ژیان وگوزەرانی خەڵک باشتر لەو کاتە دەبێ کە ئازادیخوازەکان خەباتیان دەست پێکرد و لێی بەردەوام بوون؟*

*لە بەشی دووهەم و کۆتایی ئەم تەوەرە لە باسەکانی "لە دیکتاتۆرییەوە تا دێموکراسی" لەسەر مژاری "وتووێژ" دەپرژێینە سەر ئەوەی کێن ئەو دیکتاتۆرانەی دەکرێ لەگەڵیان پێک بێین و هۆکارەکانی هیوادار بوون بە وتووێژ بۆ چارەسەری ناکۆکییەکان چین؟*

### ئەو دیکتاتۆرانەی دەکرێ لەگەڵیان پێک بێی

دیکتاتۆرەکان ڕەنگە پاڵنەر و دنەدەری زۆر و جۆربەجۆریان بۆ پاوانکردنی دەسەڵات هەبێ؛ هێز، جێگە و پێگە، سەروەت و سامان، گۆڕینی شێوەی کۆمەڵگە و زۆر شتی هاوشێوە. دەبێ بزانین ئەگەر دیکتاتۆر واز لەو جێگە و پێگەیەی ئێستای بێنێ، هیچ کام لەو ئامانج و ئاواتانەی وەدی نایە، هەر بۆیە لە دانوستاندا هەوڵ دەدا ئامانجەکانی خۆی بپارێزێ.

سەرەڕای هەر وادە و بەڵێنێک کە دیکتاتۆرەکان لە کاتی ڕێکەوتننامەکە قەبووڵی دەکەن، نابێ ئەوەمان لە بیر بچێ کە مەبەستی لەم بەڵێنانە ئەوەیە کە ئازادیخوازەکان بێنێتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، دەنا دیکتاتۆر هەر کات بیهەوێ بێئەوەی خۆی بە بەرعۆدە بزانێ، ڕووهەڵماڵاوانە ڕێکەوتننامەکان پێشێل دەکا.

ئەگەر دێموکراتەکان لە پێناو ڕاگرتنی زەبروزەنگ و سەرکوت، دەسەڵاتی دیکتاتۆر قەبووڵ بکەن کە خەباتی خۆیان ڕابگرن، بە ئەگەری زۆر تێیدا سەرکەوتوو نابن. ڕاگرتنی خەبات هیچ کات نەبووەتە هۆی کەمکردنەوەی زەبروزەنگ و سەرکوتەکان. دیکتاتۆر هەر ئەوەندە کە دژبەرانی نێوخۆیی و دەرەکیی کۆنترۆڵ کرد، لەوانەیە زۆر دڕندانەتر لە ڕابردوو دەست بە توندوتیژی بکاتەوە. نەمانی هێزی بەرگریی گەل زۆر جار ئەو هەست و هێزەی کە هۆکاری کەمکردنەوەی توندوتیژیەکانی دیکتاتۆر بوو، لە بەین دەبا. دیکتاتۆر لە کاتی وادا دەتوانێ بەدژی هەرکەس کە پێی خۆش بوو بجووڵێتەوە. هەروا کە "کریشنالال شریدهارانی" گوتویەتی: "دیکتاتۆر تەنیا لە بێتوانایی ئێمە لە بەرپەرچدانەوەدا، هێزی لێدانی ئێمە پەیدا دەکا."

بەرگری _نەک وتووێژ_ بۆ پێکهێنانی ئاڵوگۆڕ لەو ناکۆکییانەی کە لەودا باس لە سەر بابەتە بنەڕەتیەکانە، باسی ژیانەکی و مان و نەمانە. بە گشتی دەبێ بەرگری تا وەدەرنانی دیکتاتۆر لە دەسەڵات درێژەی هەبێ. سەرکەوتن زۆر جار لە ڕێگای ڕێکەوتننامەی پاش وتووێژەوە وەدەست نایە، بەڵکوو لە ڕێگای کەڵکوەرگرتنی ژیرانە لە باشترین و بەهێزترین کەرەستەکانی بەرنگارییەوەیە کە وەدی دێ.

باسەکەی ئێمە ئەوەیە کە خەباتی سیاسی یا خەباتی ناتوندوتیژ، بەهێزترین ئامرازی خەبات بۆ وەدەستهێنانی ئازادییە.

> **ڕاگرتنی خەبات هیچ کات نەبووەتە هۆی کەمکردنەوەی زەبروزەنگ و سەرکوتەکان. دیکتاتۆر هەر ئەوەندە کە دژبەرانی نێوخۆیی و دەرەکیی کۆنترۆڵ کرد، لەوانەیە زۆر دڕندانەتر لە ڕابردوو دەست بە توندوتیژی بکاتەوە.**

### چ جۆرە ئاشتییەک؟

ئەگەر بڕیار بێ کە دێموکراتەکان و دیکتاتۆرەکان پێکەوە وتووێژ بکەن، لە بەر ئەو مەترسییانەی کە هەیە پێویست بە بیرکردنەوەی وردتر هەیە. هەر کەس کە کەلک لە وشەی ئاشتەوایی وەربگرێ، خۆ حەتمەن مەبەستی ئاشتی لەگەڵ ئازادی و دادوەری نییە.

گوێڕایەڵیی بێئەملا و ئەولا لە بەرامبەر زوڵم و زۆری و دەستەوەستانی و قەبووڵ کردنی دیکتاتۆرە زۆردارەکان کە بەدژی سەدان هەزار مرۆڤ تاوانیان کردوە، ئاشتی نییە. خۆ هیتلێریش ئیدیعای ئاشتیی دەکرد، ئاشتییەک کە مەبەست لێی گوێڕایەڵیی بێئەملا و ئەولا لە بەرامبەر ئیرادەی ئەو بوو. ئەو ئاشتییەی دیکتاتۆر باسی دەکا لە ئارامیی بەندیخانە و گۆڕستان زیاتر، شتێکی تر نییە.

زۆر مەترسیی دیکەش هەیە. ئەو وتووێژانەی بە نیەتی باشەوە دەستیان پێکردوە، جاری وایە لەسەر ئامانجەکان و تەنانەت لە خودی ڕەوتی وتووێژەکەشدا تووشی سەرلێشێوان دەبن. جگە لەوە وتووێژکەرانی لایەنگری دێموکراسی یا بیانییە نێوبژیوانەکانی پسپۆڕی وتووێژ کە قەبووڵیان کردوە یارمەتی بە ڕەوتی وتووێژەکە بکەن، لەوانەیە لە هەنگاوی یەکەمدا ڕەواییەکی ناوچەیی یا نێودەوڵەتی بدەنە دیکتاتۆر کە پێشتر بە چەند هۆکارێک وەکوو داگیرکردنی نایاسایی دەوڵەت و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ و دڕندەییەکانی و ... ئەو ڕەواییەی نەبووە.

دیکتاتۆرەکان بەبێ ئەم مەشرووعیەتە کە زۆریان پێویست پێیە، ناتوانن درێژە بە دەسەڵاتی بێسنووری خۆیان بدەن. نوێنەرانی ئاشتی نابێ ئەم مەشرووعیەتە بۆ دیکتاتۆرەکان دەستەبەر بکەن.

### هۆکارەکانی هیواداربوون

هەروا کە پێشتر ئاماژەی پێکرا، ڕێبەرانی ئۆپۆزیسیۆن ڕەنگە لە بەر بێهیوایی لە خەباتی دێموکراتیک مل بۆ وتووێژ ڕاکێشن، بەڵام ئەم هەستی لاوازی و بێهیواییە دەکرێ ئاڵوگۆڕی بەسەردا بێ.

دیکتاتۆری تا سەر نییە. ئەو خەڵکەی کە لەژێر دەسەڵاتی دیکتاتۆرەکاندا دەژین نابێ هەروا بە لاوازی بمێننەوە و نابێ ڕێگا بە دیکتاتۆرەکانیش بدرێ هەر وا درێژە بە دەسەڵاتی ڕەهای خۆیان بدەن. ئەرەستوو چەندین سەدە پێشتر گوتویەتی: "ئۆلیگارشی و حکوومەتە دیکتاتۆرەکان کەمترین تەمەنیان لە نێو سیستەمەکانی دەسەڵاتدارییدا هەیە [...] بەدرێژایی مێژوو حکوومەتە دیکتاتۆرەکان هیچ کات تەمەنێکی درێژیان نەبووە".

دیکتاتۆرەکانی ئەم سەردەمەش خاڵی لاواز و کەلێنیان بۆ زەبر لێدان هەیە، دەکرێ بە قووڵکردنەوەی کەلێن و کەلەبەرەکان لە لاوازییەکانیان بدرێ و دەسەڵاتیان لە بەریەک هەڵتەکێنرێ.

مێژووی هاوچەرخ نیشانی داوە کە دیکتاتۆرەکان خاڵی لاوازیان بۆ زەربە لێدان هەیە و ڕوونی کردوەتەوە کە ئەم حکوومەتانە لەوانەیە لە ماوەیەکی کەمی زەمەنییدا بڕووخێن. تەنیا یەک دەیە (١٩٨٠ تا ١٩٩٠) بەس بوو کە دیکتاتۆریی کۆمۆنیستەکان لە ئاڵمانی ڕۆژهەڵات و لەهێستان بڕووخێن و ئەمە لە چێکۆسلۆڤاکی لە ساڵی ١٩٨٩ تەنیا چەند هەفتەیەکی خایاند. لە ئێلسالوادۆر و گواتمالا خەبات بەدژی دیکتاتۆرە سەربازییەکان کە بە تەواوی ئامادەی سەرکوت بوون، هەر کامیان تەنیا نزیکەی دوو هەفتەیان کات دەویست. ڕێژیمی بەهێز و پڕ چەکی شای ئێران ساڵی ١٩٧٩ لە ماوەی چەند مانگدا تێک ڕووخا. لە ١٩٨٦ـدا دیکتاتۆریی مارکۆ لە وڵاتی فیلیپین لە بەرامبەر فشاری خەڵکدا بەرگەی چەند مانگی نەگرت. دەوڵەتی ئەمریکا پاش دەرکەوتنی هێزی دژبەرانی مارکۆ بەپەلە وازی لە پشتیوانیی مارکۆ هێنا.

لە ئاگۆستی ١٩٩١ لە سۆڤیەت هەوڵی کوودەتایەکی دواکەوتووانە، لە ماوەی چەند ڕۆژدا بە خەباتی سیاسیی خەڵک ڕاگیرا. دوای ئەوەش زۆرێک لەو دەنگدەرانەی کە ساڵەهای ساڵ ژێردەستەی سۆڤیەت بوون، تەنیا لە ماوەی چەند ڕۆژ، چەند هەفتە یا چەند مانگدا توانییان سەربەخۆیی خۆیان وەدەست بێنن.

ئەم باوەڕە سوننەتییەی کە پێی وایە ئامرازەکانی سەرکوت و توندوتیژی هەمیشە بە خێرایی کاری خۆیان دەکەن و ئامرازەکانی ناتوندوتیژی کاتێکی زۆریان بۆ سەرکەوتن پێویستە، بە هیچ شێوەیەک ڕاست نییە. هەرچەند کە ئاڵوگۆڕ لە ئاستی خوارەوەی کۆمەڵگەدا کاتێکی زۆری دەوێ، بەڵام لە خەباتی ناتوندوتیژدا شەڕی ڕاستەقینە لەگەڵ دیکتاتۆر، بڕێک خێراتر ڕوو دەدا.

وتووێژ تاقە بژاردەی خۆپاراستن لە درێژە پێدانی شەڕێکیماڵوێرانکەر لە لایەک و تەسلیم بوونی دیکتاتۆر لە لایەکی دیکەوە نییە. ئەو نموونانەی کە لێرە و لە بەشەکانی دیکە باس کرا دەرخەری ئەوەیە، بۆ کەسێک کە ئاشتی و ئازادیی پێکەوە دەوێ، بژاردەیەکی دیکەش هەیە؛ ئەویش خەباتی سیاسی.

***

---



## عەباس ئەکرەمی
## فەرماندەیەکی باوەڕمەند


برایم چووکەڵی

ناوچەی هەوشار یەکێک لە سەنگەرە گرینگەکانی خەباتی ڕۆژهەڵاتە، خەڵکی خەباتگێڕ و دێموکراتپەروەری ئەم ناوچەیە هەمیشە بەدڵەوە لایەنگری دێموکرات بوون و باشترین و بەوەفاترین ڕۆڵەکانی خۆیان، ڕەوانەی ڕەوانەی گۆڕەپانی بەرخۆدان کردوە.

دوژمن زۆر هەوڵی داوە خەڵکەکەی لە حیزبی دێموکرات و جووڵانەوەی ڕزگاریخوازی دابڕێ، بەڵام سەرکەوتوو نەبووە. ڕۆڵە قارەمانەکانی هەوشار لە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتدا ئازایەتیی کەموێنەیان نواندوە کە هەتاهەتایە لە مێژووی خەبات و بەربەرەکانیی گەلەکەماندا جێگایەکی تایبەتی هەیە. «عەباس ئەکرەمی» یەکێک لەو ڕۆڵانە بوو کە بە سەخاوەتەوە گیانی لە پێناو نزیککردنەوەی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەی بەخشی.

شەهید عەباسی ئەکرەمی ساڵی ١٣٣٩ لە ئاوایی «داشبلاغ»ی ناوچەی هەوشار لەدایک بوو. هەر لە منداڵییەوە لەگەڵ زەحمەت و کوێرەوەری ئاشنا بوو. بە هۆی دەستکورتی و نەبوونی قوتابخانەش لە ئاواییەکەیان، نەیتوانی دەرس بخوێنێ؛ بۆیە هەر لە منداڵییەوە لەشی شلکی دایە بەر کار و لە مەزراکاندا دەستی بە کار کرد. تازە پێی نابووە تەمەنی ١٢ ساڵان کە باوکی خۆشەویستی کۆچی دوایی کرد.

عەباس کە بەرە بەرە گەورە دەبوو بۆ کار کردن ڕووی لە شارەکانی دیکەی ئێران کرد. لەوێ بوو کە بۆی دەرکەوت نەتەوەی کورد لە ماف و ئازادییەکانی بێبەش کراوە. پاییزی ساڵی ١٣٥٨ وەک سەرباز ڕەوانەی پادگانی ئەردەبیل کرا. لەو سەردەمەدا بوو عەباس زۆر بە باشی نێوەرۆکی ڕێژیمی تازە بە دەسەڵات گەیشتووی ناسی و بۆی دەرکەوت کە هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ ڕێژیمی پێشوو نییە. هەر بۆیە پاش ٣ مانگ زیاتر لەگەڵ ٤٠ کەس لە سەربازە کوردەکان ڕایان کرد و خۆی گەیاندە ئاوایی خۆیان.

لەو سەر و بەندەدا تێکۆشانی ئاشکرای حیزبی دێموکرات هەموو کوردستانی داگرتبوو. عەباس بە ناسینێک کە لەسەر ڕابردووی حیزبی دێموکرات هەیبوو، پێوەندیی بە ڕیزەکانی حیزبەوە گرت و لە ڕەشەمەی ساڵی ١٣٥٨ بەرگی پیرۆزی پێشمەرگایەتیی پۆشی. وەک پێشمەرگەی نموونە، وێڕای هاوسەنگەرانی هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەدا بوو. بەرەبەرە لە شەڕەکاندا خۆی نیشان دا، ئازا و بە دیسیپلین بوو؛ هەر بۆیە ساڵی ١٣٦٠ بە فەرماندەری پەل دیاری کرا.

شەهید عەباس بە بۆنەی تایبەتمەندییەکانی جێگای متمانەی هاوسەنگەرانی بوو. ساڵی ١٣٦٢ کاتێک دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی هەوشار بۆ مەئموورییەت بەرەو ناوچەی سەردەشت و پیرانشار وەڕێ کەوتن عەباس یەکێک لەو پێشمەرگە قارەمانانە بوو کە ڕۆڵی بەرچاوی لەو مەئموورییەتەدا گێڕا و لەوێ بۆ سێیەمین جار بریندار بوو. بەڵام ئەو جارەش دوای ساڕێژبوونەوەی برینەکانی گەڕایەوە سەنگەری خەبات و بەربەرەکانی.

لێهاتوویی عەباس بوو بە هۆی ئەوە کە وەک فەرماندەری لکی ٣ی شەهیدانی هەوشار دیاری بکرێ. بە هۆی نەترسی و ئازایەتی و لێوەشاوەیی لەو بەرپرسایەتییەش سەرکەوتوو هاتەدەر. تێدەکۆشا نەزم و ئینزباتی شۆڕشگێڕانە لە نێو پێشمەرگەکاندا جێگیر بکا. لەو ئەرکەدا ئەوپەڕی دڵسۆزیی لە خۆی نیشان دا، عەباس بە تەواوی گوڵی کردبوو ببوو بە خۆشەویستی هاوسەنگەرانی؛ لە هەمان کاتدا توانیبووی پێوەندییەکی نزیک و قووڵ لەگەڵ پێشمەرگەکان و خەڵکی ناوچەدا دروست بکا.

بەم جۆرە عەباس بوو بە سیمایەکی تێکۆشەر، پوختە و بە ئەزموونی نێو تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتی کوردستان. هەر بۆیە بەهاری ساڵی ١٣٦٤ لە لەیەن تەشکیلاتی حیزبەوە بە فەرماندەریی پێشمەرگەکانی ناوچەی هەوشار دیاری کرا. بە وەئەستۆ گرتنی ئەو بەرپرسیارەتییە شایی لە دڵ دەگەڕا و بە دەیان عەمەلیاتی لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان بەڕێوە برد. شەڕەکانی تیکاب، شەڕەکانی ناوچەی هەوشار، نێو شاری تیکاب، نێو شاری سایەنقەڵا، جادەی سەقز-دیواندەرە، گرتنی پێگەکانی «ئاوبارە» و «قەرەداغ»، شەڕی «ئەسکەندەری میانە»، چەک کردنی جاشەکانی «ئینچە» و شەڕەکانی ناوچەی «سەرشیو» و «تیلەکۆ» و «خورخورە» و «فەیزوڵلابەگی»ی سەقز و دەیان عەمەلیاتی گەورە و بچووکی دیکە بەشی هەرە زۆریان بە فەرماندەریی عەباس ئەکرەمی؛ بەڕێوە چوون.

عەباس جیا لەوە کە فەرماندەیەکی شایستە بوو، هەمیشە وەک کادرێکی لێهاتوو سیاسەتەکانی حیزبی بۆ خەڵک شی دەکردەوە. لە نێو خەڵکدا خۆشەویست بوو پێوەندییەکی قووڵی لەگەڵ خەڵکی ناوچەدا بوو. لە بەرانبەر دوژمنانی نەتەوەکەیدا قورس و قایم ڕاوەستابوو، بۆ ساتێکیش لە سزاگەیاندنی خۆفرۆشان و بەکرێگیراوان کەمتەرخەمیی نەدەکرد. دوژمن باش لە پێگە و ئاستی کاریگەریی عەباس تێگەیشتبوو، بۆیە لە هەوڵی لە نێو بردنیدا بوو.

پاییزی ساڵی ١٣٦٤ فەرماندە عەباس دوای بەڕێوەبردنی چەند عەمەلیاتی قارەمانانە و وەشاندنی زەبری گورچکبڕ لە هێزەکانی ڕێژیم لە ناوچەکانی خوارووی کوردستان، لەگەڵ دەستەیەک لە پێشمەرگەکان بەرەو ناوچەی هەوشار گەڕانەوە. هێزەکانی دوژمن ڕۆژی ٢٢ی بەفرانباری ١٣٦٤ هێرشیان کردە سەر ئاوایی »تورکانبلاغ«، ئەو شوێنەی فەرماندە عەباس و هاوڕێیانی لێ مابوونەوە. فەرماندەری قارەمان ئەم جارەش وەک هەمیشە پێشمەرگەکانی سازمان دا. لە نێو ئاواییدا شەڕێکی توند دەستی پێکرد. هێزی سەرکوتکەر کە ورەی هاتنە پێشەوەی نەبوو، ئاوایی وەبەر تۆپ و خومپارە دا، عەباس لەبەر پاراستنی گیانی خەڵک بڕیاری چوونەدەر لە ئاوایی دا و بەرەو بەرزایی «ئەوڕەزاق» هەڵکشان، بێئاگا لەوەی کە هێزی دوژمن پێشتر چیای ئەوڕەزاقی گرتبوو؛ بۆیە شەڕێکی قورس و نابەرامبەر لەو بەرزاییە دەستی پێکرد.

لەو شەڕە خوێناوییەدا بەداخەوە عەباس ئەکرەمی کەوتە بەر گوللەی داگیرکەران و دڵی پڕ لە هیوا و تاسەی لە لێدان کەوت و ماڵاوایی لە خەڵکی بەئەمەگی ناوچەی هەوشار و حیزبە خۆشەویستەکەی کرد و درێژەی ڕێگای پڕ کەند و لەندی خەباتی بە هاوسەنگەرانی سپارد. لە یاد و بیرەوەریی ٣٥ ساڵەی شەهیدبوونی هاوڕێ «عەباس ئەکرەمی»یدا جوانترین سڵاوی وەفا و خەبات و خۆڕاگری دەنێرین بۆ گیانی پاکی ئەو و هەموو شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریی نەتەوەکەمان.

# میداڵی دەرەجە یەک

## (چیرۆک)


عەبدوڵڵا حەسەنزادە

"بزەی هاتێ گوتی: ڕووناکە ئاسۆم
ئەوە پەت نییە میداڵی ئیفتیخارە

وەرە جەللاد پەتت باوێژە ئەستۆم
کە بوومە قارەمانی میللەتی خۆم"

**کەم نین چیرۆکی ئەو کەسانەی خۆنەویستی وەک بایەخێکی هەرە بەرزی مرۆڤی، لە پشتێکەوە بۆ نەوەی دواتر دەگوازنەوە. مەرگی ئەم مرۆڤە گەورانە ڕازی هەرمانی نەتەوەکەیانە و "هەژار" گوتەنی بەو مەرگە زیندوو دەبنەوە و تازە کوا لە بیر دەچنەوە؟! مەرگ لە پێناو ئازادی وەک بەنرخترین بایەخ و دەسکەوتی ژیان و خۆ بەختکردن لە پێناو نیشتمان وەک مەکۆی هەموو جوانی و شوناسێکی مرۆڤ؛ گەورەترین وانەیە کە ئێمە لە مامۆستا هەرە بەرزەکانی قوتابخانەی شۆڕش و بەرگری فێری دەبین و بۆمان دەمێنێتەوە. چوارچرا لە زاری پێشەوا دەیبیستێ و بە هەموو نیشتماندا بڵاوی دەکاتەوە، پشت بە پشت دێ و سینگ بە سینگ هەڵدەگیرێ و دەگوترێتەوە و پاڵەوانەکانی ئەم سەنگەر و ئەو سەنگەر بۆ یەکتری دەستێننەوە. ئەم جارەیان ئەوە "هیدایەت"ی شۆڕەلاوە لە کونجی تاریک و نووتەکی سیاچاڵەکانی ڕێژیمەوە دێ هەتا ئەم مەشخەڵە قەت نەکوژاوەیەمان بداتە دەست و پێمان بڵێ: "بە گیانی خۆم نرخی ئازادی دەدەم، بۆوەی ناو و یادم لە دڵی نەتەوەکەم و ئازادیخوازاندا بمێنێتەوە".**

**کاتێک هەواڵی شەهیدبوونی "هیدایەت عەبدوڵڵاپوور" پاش نیزیک بە دوو مانگ لە ئێعدامکرانی پشتڕاست کرایەوە، ئێمە خەریکی تایپ و پێداچوونەوەی یەکەم دەورەی گۆڤاری بەنرخی "تێکۆشەر" بووین کە لە نێوان ساڵەکانی ١٣٥٠_١٣٥٧ دەرچووە و ٢٢ ژمارەی لێ بڵاو بۆتەوە. لە ژمارەی ١٧ی ئەم "تێکۆشەر"انەدا بابەتێک بڵاو بۆتەوە لەژێر ناوی "میداڵی دەرەجە یەک". دوای بەدواداچوون زانیمان کە نووسەرەکەی بەڕێز "مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە"یە. ئەم چیرۆکە بەسەرهاتی بەردەوامیی خۆنەویستی و مەرگی سەربەرزانە، لە پێناو گەوهەری ئازادی و سەربەستیی نیشتمانە کە لە زاری شۆڕەلاوانی وەک "هیدایەت عەبدوڵڵاپوور"ەوە دەیبیستین.**

**بە ئیزن لە "مامۆستا عەبدوڵڵا حەسەنزادە"، ئەم چیرۆکە لە "کوردستان"ی ئەم جارەدا بڵاو دەکەینەوە:**

زیاتر لە شەش مانگ بوو گیرابوو، کەس نەیدەزانی بۆ کوێیان بردوە، کەسوکاری هەرچەندی کردیان و کراندیان لە هیچ کوێ سۆراخیان نەکرد و تەنانەت لە مان و نەمانیشی ئاگادار نەبوون. هەتا لەپڕ نامەیەکی گەیشتە دەستی لێپرسراوی ڕێکخراوەکەی. لێپرسراو کاتێک نامە وەردەگرێ لە خۆشییان گەشکە دەبێ، بەڵام کە هەڵی دەپچڕێ و دەست بە خوێندنەوەی دەکا هەر دێ و زیاتر تێک دەچێ. وەختێک لە خوێندنەوەی دەبێتەوە بە ئەژنۆی خۆیدا دەدا:

"ئەی داخی بە جەرگم، چۆن ئەو دڕندانە حوکمی ئێعدامیان دا؟ حەیفێک و هەزار مخابن بۆ ئەو هاوڕێ قارەمانە".

ئیتر هەر ئەوەندەی پێ دەمێنێ ئەم چەند دێڕەی خوارەوە لە داوێنی نامەکە بنووسێ و بینێرێ بۆ ڕێبەرایەتی:

"ئەمە نامەیەکە کە هاوڕێ ئازاد لە زیندانی (...)ـەوە نووسیویەتی. هەروەک لە سەرسەختی و چاونەترسییەکەی چاوەڕێ دەکرا، بەڕاستی گرەوی قارەمانەتیی بردۆتەوە. نامەی ئازاد بۆ خۆیشی و بۆ هاوڕێیانیشی جێگای سەربەرزی و شانازییە. بۆیە بە پەلە بۆ ئێوەم نارد تا ئەگەر بە باشتان زانی بە نێو هەموو ڕێکخراوەکانی حیزبدا بڵاوی بکەنەوە".

چەند ڕۆژ دواتر نامەی ئازاد ئەم چەند دێڕەی خوارەوەی لێ زیاد کرا و وەک بەخشنامەیەک گەیشتە دەستی هەموو هاوسەنگەرەکانی.

حەوت مانگ دوای گیرانی هاوڕێی تێکۆشەر و قارەمان (ئازاد) ئەم نامەیە وەک سەنەدی ئازای و نەبەزی بڵاو دەکەینەوە. نامەی ئازاد ورە و ئیمان و بڕوا بە پاشەڕۆژی لێ دەبارێ، بۆیە دەبێ هەموو هاوڕێیانی ئازاد و تەنانەت هەموو خەباتکارانی ڕێگای ئازادی سەرمەشقی لێ وەربگرن. شانازی بۆ ئەو حیزبە کە ڕۆڵەی وا لە باوەشی خۆیدا پێ دەگەیەنێ. ئێستا ئێوە و بەشێک لە نامەکەی ئازاد:

"... کاتێک گرتیانم تەنیا شەوێک لە شارە بچووکەکەی لای خۆمان ڕایانگرتم و بۆ بەیانی بە هێلیکۆپتێر بەڕێیان کردم بۆ تاران. لەوێش تەنیا دوو شەو «میوان»ی قزڵقەڵا بووم و پاشان بەڕێ کرام بۆ ئێرە، زیندانی (...). لێرەش "ژوورێکی یەک نەفەری"یان دامێ!

دوو ڕۆژ دواتر بردیانم بۆ "بازجوویی". هەروەک عادەتی خۆیانە جەناب سەرهەنگ بە قسەی خۆش! و نەفامخەڵەتێن دەستی پێکرد: "دەزانم گەنجی و هەڵیان خەڵەتاندووی. بە شەرەفی ئەعلاحەزرەت! و بە گیانی منداڵەکانم پڕ بەدڵ پێم حەیفە لاوێکی وەک تۆ لە زینداندا بڕزێ. ئێستا هەر ئەوەندە یارمەتییم بدە ئەوەی لێت دەپرسم ڕاستم وڵام بدەوە ئیتر هەموو شتێک لەسەر خۆم. قەولی شەرەفت! پێ دەدەم لە حەفتەیەک زیاتر لێرە نامێنیەوە و دەچیەوە نێو ماڵ و منداڵی خۆت".

ئەوکاتەی تازە هاتبوومە مەیدانی خەباتەوە، ئەگەر دەمبیست یەکێک لەژێر ئەشکەنجەی جەللادانی ساواکدا هەتا سەر خۆی ڕاگرتوە و ئامادە نەبووە سەر دانەوێنێ، سام دەیگرتم و لە دڵەوە سەری تەعزیمم بۆ دادەنەواند. لەدڵی خۆمدا دەمگوت بڵێی ئەگەر ڕۆژێک لە ڕۆژان تووشی وەها ئەزموونێک بم منیش وا بە ڕووسووری دەربچم؟ بۆیە ئەو ڕۆژە بە خۆمم گوت ئەوە ڕۆژەکەیە و، ئێستا تۆش دەتوانی گرەوی ئازایەتی بەریەوە و بچیە نێو ڕیزی چاونەترسان. "پیاو هەر جارێک دەمرێ"! بڕیارم دا ئەو شانازییە بۆ خۆم وەربگرم و ڕێگە نەدەم دوژمن لە ڕێگای منەوە بە هیچ کام لە ئاواتە چەپەڵەکانی بگا.

بەم جۆرە پرسیار و وڵام دەستی پێکرد تا گەیشتە شوێنی ناسک: "لە نامەیەکدا کە کاتی پشکنینی بەدەنی لە تۆ گیراوە، هەڵگری نووسراو (کە دیارە تۆی) بە ئەندامێکی چالاکی حیزبی (...) ناو براوە. لەو بارەیەوە دەڵێی چی؟ لە وڵامدا گوتم هیوادارم شیاوی ئەوە بم کە لە بارەی مندا نووسراوە.

"کە وا بوو هەوڵت داوە ڕێژیمی شاهەنشاهی بڕووخێنی و بە قەولی خۆتان حکوومەتی دێموکراتی بێننە سەر کار و کۆمەڵێکی سۆسیالیستی دامەزرێنن؟".

بێسێودوو گوتم بە شانازییەوە هەموویان ڕاستن. کابرا لە خۆشییان هەر بزەی لێو و فیکەی سمێڵی بوو. پێی وابوو زمانلووسییەکەی گرتوویەتی و ئێستا ئەوەی لەسەر پشتی لانکیشم خواردوە بۆی دەهێنمەوە. بەڵام کاتێک گەیشتە سەر ئەوە کە نامەکە هیی کێ بووە و بۆ کێ نووسراوە و هاوکارەکانم کێن و لە ڕێبەرانی حیزب کێ دەناسم و کێ هاتوچۆی دێیەکەمان دەکا و ... یەقێکی هاتەوە بەر کە لە وڵامدا گوتم ئەمانەت جوابیان نییە. تا ئێرە پێوەندیی بە خۆمەوە هەبوو، بەڵام لێرە بەولاوە بە تەمای جواب مەبە. کەوتە قسەی لووس و پەلەقاژە: "حەیفت لە جەوانیی خۆت بێ، بەزەییت بە دوو منداڵی بێگوناحتدا بێتەوە، بۆچی خۆت بە ئاگری خەڵکی تر دەسووتێنی؟ بڵێ با تاوانباری! ڕاستەقینە بە سزای خۆی بگا و تۆی کە هەڵخەڵەتاوی بچیەوە سەر ژیانی خۆت".




گوتم خۆت ماندوو مەکە، ئەو شێوە تەقەلایە کۆن بووە و ناتوانی کەس بە فریو بەری. تەمەنی لاوەتیی من ئەگەر لە ڕێگای ئازادییدا نەڕوا کەلکی چیی هەیە؟ بەزەییم بە منداڵەکانمدا دێتەوە بۆیە ئامادەم خۆیان بۆ بەکوشت بدەم . نامهەوێ کە گەورە بوون، سەرشۆڕی ئەوە بن کە بابیان خەیانەتی کردوە، دەمەوێ شانازی بکەن کە لە ڕێگای نیشتماندا بە هەتیوی گەورە بوون. ئیجازەش نادەم بە هەڵخەڵەتاوم ناو بەرن. من فریو نەدراوم، بەڵکە بە دەنگی ویژدان و هاواری نیشتمانەوە هاتووم.

سەرتان نەیەشێنم، لێدان و پێدادان –بێئێوە ناخۆش–! دەستی پێکرد. هەر ئەوان گوتیان و ئەمن نەمبیست. هەموو ئامرازێکی ئەشکەنجە، شەلاق، دەسبەندی قەپانی، شۆکی ئەلەکتریکی، شیشی سوورەوەکراو، دوور لە ڕووتان شووشە پێپسی و هێلکەی کوڵیو و هەرچی لە قامووسی ناپیاواندا هەیە، هەمووی لەسەر من تاقی کرایەوە، سوودی نەبوو، کاتێک دڵنیا بوون چیان بۆ ناکرێ وەڕەز بوون و دایانمە دادگا!

لە یەکەم ڕۆژی دادگادا دادستانی نیزامی بە تاوانی ئەندامەتیی حیزبی غەیرەقانوونی!! و بوونی بیروباوەڕی سۆسیالیستی و هەوڵدان بۆ ڕووخاندنی ڕێژیمی پاشایەتی داوای ئێعدامی بۆ کردم. وەکیلە تەسخیرییەکەم ویستی پاکانەم بۆ بکا کە بە زۆری ئەشکەنجە ئێعترافم بەو تاوانانە کردوە. بەڵام بۆ خۆم هاتمە دەنگ و گوتم لە بەردەم ئەم بەناو دادگایەشدا ئێعتراف دەکەم کە بە شانازییەوە هەمووی ئەو تۆمەتانەی دادستان لێی داوم ڕاستن. ڕاستە زۆریان ئەشکەنجە داوم، بەڵام "بازپرس" ئەو داخە دەباتە بن گڵ کە بە ئازار و لێدان ئێعترافی پێ لە من وەرنەگیرا.

بە کورتی لەبەر ئەوەی تۆمەتەکانم قەبووڵ کرد، کاری دادگا هاسان بوو و «هێندەی مستێ لە چاوی دەی» حوکمی ئێعدامم دەرچوو. لە دادگای تەجدیدی نەزەریشدا هەروا ڕۆیشت. جارێ ڕۆژی ئێعدامم دیاری نەکراوە و ئەگەر دەرفەت بێ لەوانەیە جارێکی تریش بە نامە بتاندوێنم. خۆ ئەگەر ئەودەرفەتەش نەبوو ئەوا ئێوە و هەموو تێکۆشەرانی گەلەکەمان خۆش.

ئێستا دەزانم ئێوە بۆم بە پەرۆشن و پێتان ناخۆشە کە هاوڕێیەکتان لەکیس دەچێ. بەڵام من هیچ لە کردەوەی خۆم پەشیمان نیم، وەک مەسەلەی کوردی دەڵێ ئامادە نیم "بۆ لوێچە خوێنێک وەپارێم" و خۆیشم بە سەرکەوتوو دەزانم. پێم وایە ئەو پەتەی سبەی ڕۆژێ بە دەستی زۆردار دەکرێتە ئەستۆی من، لە ڕاستییدا میداڵێکی دەرەجە یەکە کە دەکرێتە ملی ئەو کەسانەی لە زۆرانبازیی هەق و ناهەقدا سەر دەکەون. دوژمن پاش ئەوەی بە وادە و بەڵێن و هەڕەشە و گوڕەشە و بە هەموو ئامرازی جەهەننەمیی خۆیەوە ناتوانێ تێکۆشەرێک لە ڕێگا لا بدا و چۆکی پێ دابدا، ناچار دەبێ ئێعتراف بە بەزینی خۆی بکا و میداڵی قارەمانەتی بدا بەو تێکۆشەرە. ناشڵێم مردنم پێ خۆشە، نا، دەزانم ژیان زۆر شیرینە، کوڕە خۆ هیچ نەبێ مەراقی ئەوەم هەیە کە زیاتر ناژیم تا زیاتر تێ بکۆشم. بەڵام بە هیچ قیمەتێک ئامادە نیم بزەی سەرکەوتن لەسەر لێوی دوژمنەکەم ببینم. خۆزگە لە کاتی بازجوویی مندا لە کەلێنێکەوە دەستەپاچە بوونی جەناب سەرهەنگتان دەدی، داخوا ئەو دیمەنەتان بە هەزار ساڵ ژیان دەگۆڕیەوە یان نا؟

لەوە دڵنیام کە ڕۆژێک حیزبەکەم سەر دەکەوێ و ئەو ئاواتانە دێنە دی کە گیانی خۆم لە پێناودا بەخت کردوون. کە وا بوو، با خوێنی منیش ببێتە مەشخەڵێکی نوێ کە بەرچاوی خەباتکارانی گەلەکەمان ڕوون بکاتەوە. ئەو ڕۆژە هەر دێ کە تۆڵەی من و هەموو شەهیدانی ڕێگای نیشتمان لە نۆکەرانی بێگانە بکرێتەوە.

ئێستا ڕێگام بدەن دوو تکای چکۆلەتان لێ بکەم. یەکەم کە منداڵەکانم گەورە بوون هەر لە زووە تێیان بگەیەنن بابیان لەسەر چی و بە دەستی کێ کوژراوە. بەڵکوو ئەو ڕێگایەی من بۆم نەلوا تا سەرێی بەرم ئەوان تەواوی بکەن و بەشم لە کاروانی خەبات نەبڕێ.

تکای دووهەمم ئەوەیە بە پیرە دایکەکەم بڵێن کە کوڕەکەی ئێعدام کراوە. بە خەیاڵ چاوەڕوانی گەڕانەوەی منی مەکەن. ئەو دابە کۆنە وەلا بنێن کە دایکی تێکۆشەرێکی شەهید دەیان ساڵ لە مەرگی جگەرگۆشەکەی بێخەبەر بێ. هەوڵ بدەن تێی بگەیەنن کە دەبێ شانازی بکا کوڕەکەی لە ڕێگای گەل و نیشتماندا شەهید کراوە، با بزانێ کە لە هەلومەرجی پڕ زوڵم و زۆری وڵاتی ئێمەدا دایکێکی وەک ئەو دەبێ لە پێنج کوڕان هیچ نەبێ یەکێکیان بکاتە قوربانیی وڵاتەکەی، با پشتە کۆمەکەی ڕاست بکاتەوە و هەست بە سەربەرزی بکا کە جگەرگۆشەکەی میداڵی دەرەجە یەکی خەباتی وەرگرتوە، با وەک دایکی ئاوارە و مینەشەم و محەممەدی ئەستێ مەنگوڕ تێ بگا کە بۆیە لە نێو ئاوەدانییدا جێگای ڕێزی هەموانە کە کوڕی لە مەیدانی خەباتدا کوژراوە.

لەژێر گڵکۆکەشمدا بەوە دڵخۆش دەبم ئەگەر دایکم هەر تێکۆشەرێک ببینێ باوەشی بۆ بکاتەوە و بڵێ "ئۆخەی بە قوربانتان بم چاک نییە ئەگەر (...)یش نەماوە، ئێوە ڕێگاکەتان بەر نەداوە؟ هەرکام لە ئێوە بۆ من (...)ێکن.

***

## وانەکانی مافی مرۆڤ

(کۆتایی بەشی نۆهەم)

# دادپەروەری و قازانجەکانی

## (مژاری دادپەروەری)


شارۆخ حەسەنزادە

چ تشتێک دەبێتە مژاری سەرەکیی دادپەروەری؟ بە پێی ئەم ڕوانینە، زۆرێک لە کاروبارەکان لەوانە دامەزراوە و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابووری، یاساکان، تاکەکان، تایبەتمەندییەکانی تاک، کردەوەکان، بڕیاردان و هەڵسەنگاندن بە دادپەروەری و یان نادادپەروەری شی دەکرێنەوە، بەڵام گرنگترین بابەتی دادپەروەری پێکهاتەی سەرەکی و بنەمایی کۆمەڵگە و دامەزراوەکانیەتی.

ئەم دامەزراوە و پێکهاتانە بریتین لە دامەزراوەگەلی گرنگی سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی کە پشتیوانیی یاسایی لە ماف و ئازادییە سەرەکییەکان، بازاڕی کێبڕکێ، خاوەندارێتیی کەسی لەسەر کەرەسەی بەرهەمهێنان و بنەماڵەی تاق هاوسەری و چۆنیەتیی دەستوێڕاگێشتن بە دەرفەتەکان مینانێک لەو باسانە دەکا. کۆی گشتیی ئەم دامەزراوانە ماف و ئەرکەکانی تاک دیاری دەکەن و کاریگەرییەکی قووڵ لەسەر ژیان و ڕادەی چاوەڕوانیی ئەوان لەسەر ژیان دیاری دەکا. دەزانین ڕادەی چاوەڕوانی و هیوای تاکەکان بە ژیان جۆربەجۆرە. بەشێکی زۆر لەو جیاوازییانە، بۆ چۆنیەتیی ڕەوشی سیستم و دۆخی ئابووری، کۆمەڵایەتی و مێژوویی دەگەڕێتەوە کە دەبێتە هۆی دابەشکاریی نابەرانبەری دەرفەتەکان و لە ئاکامدا دەبێتە هۆی نابەرانبەری و ناهاوسەنگیی یەکجار زۆری نێوان مرۆڤەکان. هەر بۆیە مژاری سەرەکی و بنەمایی دادپەروەری کۆمەڵایەتی، دامەزراوە و پێکهاتەکانی کۆمەڵگەیە.

– پرەنسیپەکانی دادپەروەری

لە ڕاستیدا بە ڕوونکردنەوەی پرەنسیپەکانی دادپەروەری، دەتوانین بەرسڤی ئەم پرسیارانە بدەینەوە کە دادپەروەری چییە؟

«جان ڕاڵز» ڕای وایە کە، لە «ڕەوشی یەکەمین» کە دواتر زیاتر باسی دەکەین، مرۆڤەکان لە هەمبەر پێناسە و ناساندنی پێداگری، ڕێکەوتن لەسەر دوو پرەنسیپی سەرەکی دەکەن. ئەم دوو بنەمایە کەرەستەی مانایی کاریگەریان بۆ هەڵسەنگاندن و ڕەخنەی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی، نیزامی سیاسی، ئابووری، یاساکان، ئاکاری تاکەکان و گرووپەکان و ... خۆیا دەکا. ئەم دوو بنواشەیە لەسەر ئەم باوەڕەیە کە مرۆڤەکان بە شێوەی سروشتی دەگەڵ یەکتر بەرانبەرن، هەر بۆیە بەم دوو بنواشانە لە کەرەسەکانی دادپەروەری ئەمەیە کە لە هەبوونی مافی بەرانبەری هەموو تاکێک بۆ هەبوونی ماف و ئازادییە بنەڕەتییەکان، دەستوێڕاگەیشتن بە دەرفەتەکان پشتیوانی لە هەبوونی ژیانێکی باش بکا. ناوبراو ئەو وێنە و ئایدییایەی خۆی لە هەمبەر دادپەرەری لە چوارچێوەی دوو بنەمای بەرەوە ئاوابەندی دەکا:

بنەمای یەکەم: هەمووکەسێک بە شێوەی بەرانبەر و وەک یەک مافی ئازادییە سەرەکییەکانی لە زۆرترین ئاست کە دەگەڵ هاوشێوەی ئازادییەکانی ئیتران هاوتەریب بێ، هەیە.

بنەمای دووهەم: نابەرانبەرییەکانی کۆمەڵایەتی و ئابووری بە جۆرێک دابڕێژرێن کە: ئا: سوود و قازانجی بەشخوراوترین و بێبەهرەمەندترین کەسەکانی کۆمەڵگە بگاتە ئاستی لانیزۆر و دابینی بکا. بێ: هەر جۆرە قازانج و بەرژەوەندییەک بۆ جێگە و پێگەکان بگەڕێتەوە کە گەیشتن پێیان لە ڕەوشێکی بەرانبەر و بێلایەنانەوە و بە ئینسافەوە بێ، واتە دەست وێڕاگەیشتن بە دەرفەتەکان بەڕووی هەموو کەس ئاوەڵا بکرێتەوە بە بێ جیاوازی.

بنەمای یەکەم، لەسەر بەرانبەری تاکەکان و ئەوەی کە هەموولایەک لە مافی یەکسان و ئازادییە سەرەکییەکان بەرخوردارن، تەکزی دەکا. ئەم بنەمایە هیچ ڕادەیەک بۆ ئازادی جگە لە ئازادییەکانی تر دانانێ. واتە تەنیا تشتێک کە ئازادییەکانی من سنووردار دەکا، ماف و ئازادییەکانی ئەوانی ترە، من ناتوانم ئازادییەکانی خەڵکانی تر سنووردار بکەم.

بنەمای دووهەم، وێنا کردنی جۆرێک جیاوازی لە ڕەوتی کێبڕکێی ژیان پارێز هەڵنەگر و ناچارەکی دادەنێ، هەر بۆیە ئەم بنەمایە وەک بنەمای جیاوازی پێناسە دەکرێ. لێ، لەم بنواشەیەدا، یەکەم لەسەر بەڕێوەبەری جیاواز و کۆنترۆڵی ئەو بە قازانجی بێبەهرەمەندترین تاکەکان پێدادەگرێ، واتە تەوفیری سەرچاوە گرتوو لە نوێکاری و داهێنەری و هەوڵ و کار، بەڕێکردنی ئازادیی سامان بە فەرمی دەناسرێ، چونکە ئەم جۆرە لە جیاوازییەکان بەرهەمهێنانی کار، سامان و دەرفەتی باشتر بۆ ژیان دەستەبەر دەکا و هەرچەندە دەرفەتی کار و بەرهەم زیاتر بێ، خەڵکانی بێبەهرەمەند هاسانتر قازانجی لێدەکەن، دووهەم، ئەم بنواشەیە جارێکی تر بۆ دەستوێڕاگەیشتنی ئازاد، بەرانبەر و دادگەرانەی هەموو لایەک بەو هەڵکەوتانەی کە ڕادەی قازانج و بەرژەوەندیی تاکەکان جیاوازی دەخولقێنێ، پێداگری دەکا، سێهەم، بە پێی ئەم بنواشەیە، دابەشکاریی سەر لە نوێی سامان بە شێوەی وەرگرتنی باج و خەراج و ماڵیات و خەرجکردنی لە ڕێگای دابینکردنی ژیانێکی مناسب بۆ خەڵکانی بێبەهرەمەند و دابینکردنی دەستوێڕاگەیشتنی گشتی بە پەروەردە و ساخلەمی و شتی لەم چەشنەیە، ئاراستە دەکرێ. چونکە لەم بنواشەیەدا تەکز کراویتە سەر ڕێکخستنی نابەرانبەرییەکان بە قازانجی خەڵکانی بێبەهرەمەند.

– ڕەوشی یەکەمین و بەڵگەمەندی بۆ بنەمای دادپەروەری

ڕەوشی یەکەمین چییە؟ ئەو گرێبەستەی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگە دەبەسترێ چ جۆرە ڕێکەوتنێکە؟ چۆن دەکرێ بەم شێوازە پێناسەیەکی تایبەت لە چەمکی دادپەروەری بکرێ؟ ڕەوشی یەکەمین کە گرێبەستی یەکەم تێیدا ڕوو دەدا ڕەوشێکی گریمانەییە. با ئاوای دابنێین کە هەموومان لە سەرەتای ژیاندایین و دەمانهەوێ بنەمای هاوکاریی کۆمەڵایەتیی خۆمان لەو کۆمەڵگەیەی کە لە دوا ڕۆژا دەمانهەوێ سازی بکەین، دابنێین و ئەم بنەمایانە بکەینە پێوانەی حاکم بەسەر ئەو گرێبەستانە کە دواتر لە هاوکاریی کۆمەڵایەتی خۆمان پێویستیمان پێ دەبێ. بەڵام تایبەتمەندیی گرنگی ئەم ڕەوشە لەوەدایە کە گشت لایەکمان ئاگاداری قازانج و بەرژەوەندی هەروەها جێگە و پێگەی خۆمان نین کە وا بڕیارە بچینە نێوی، واتە لە پشتەوەی پەردەی نەزانیدایین، ئەم تایبەتمەندییە بە پەردەی نەزانی پێناسە دەکرێ، جا لەم بنەمایەدا و بە یارمەتیی ئەم تایبەتمەندییە بەرسڤی ئەو پرسیارە دەدرێتەوە کە چۆنیەتیی ڕێکەوتنی لەم ڕەوشەدا دەتوانێ بەڵگەمەند و بڕوا پێکراو بێ.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO:777 5 July 2020

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647508483312
kdp.tashkilat@gmail.com

بەرلەماڵاوایی

# شایەرەکان، زمانپارێزەکانی کوردستان (پێشکەش بە ڕوحی فەقێ مینەی نەڵاس)


ڕەسووڵ سوڵتانی

شایەر (ئەو گۆرانیبێژانەی شاییان دەگێڕا) و بەیتبێژ و حەیرانبێژەکانی کوردستان، لە سەردەمانێکدا کە کورد جگە لە حوجرەکان هیچ ناوەندێکی خوێندنی نەبوو و، ئەگەر هەشبوون تەنانەت لە حوجرەکانیشدا بە پێی بەرنامە، کوردییان تێدا نەدەخوێنرا و ئەوەی دەشخوێنرا، هەوڵ و حەز و ئەشق و ئۆگریی ئەو کەسانە بوو، کە یان هەر هەستی خزمەت و ئەشقی میللەت و نیشتمان و زمانیان لە سەردا بوو، یان تەنیا هەست و سۆزی ئەڤینداری و شاعیرانەیان دەبزووت و دەیاننووسی، کە لە هەر دوو حاڵەتەکەدا ئەوانە خزمەتێکی گەورەیان کرد، جا لەو سەردەمی بێدەرەتانی و بێکەسییەی زمانی کوردییدا، کە جگە لە نەبوونی ناوەند و دەرەتانی خوێندن، بگرە پێخوێندن و نووسینیشی باسی سەر و ماڵ بوو، شایەر و بەیتبێژ و حەیرانبێژەکان، بەشێک بوون لە پارێزەرەکانی زمانی کوردی.

ئەوان ئەگەر لە لایەکەوە، وشە و ئیدیۆم و پەند و قسە نەستەقەکانیان پاراست، لە لایەکی دیکەشەوە دنیایەک سەربردەی حەماسی و دڵداری و عیرفانی و مێژووییان لە چوارچێوەی بەیت و لاوک و بەستەکاندا لە فەوتان و نەمان ڕزگار کرد. وەکوو: بەیتی:

- لاس و خەزاڵ (بەیتێکی حەماسی و دڵداری)
- زەمبیل فرۆش (بەیتێکی عیرفانی)
- خەج و سیامەند (دڵداری)
- سەیدەوان (تراژێدی)
- لەشکری (تاریخی)
- قەڵای دمدم (تاریخی) و،

دەیان بەیتی دیکە، کە هەر کام دەکرێ هەوێنی نامەیەکی ماستەر و دوکتورا بن و لە گۆشەنیگای جۆراوجۆرەوە لێک بدرێنەوە. ئاخر، ئێمە لە نێو دەقی ئەو بەیتانەدا دەتوانین ڕوانین و شێوازی بیرکردنەوە و ژیانی کۆنی کوردەوارییمان بێنینەوە بەرباس و لێی بکۆڵینەوە و لایەنە شاراوە و نهێنییەکانی ئاشکرا بکەین، یەک لەوان ڕۆڵی بەرز و پڕ لە حورمەت و ڕێزی ژن لە ژیانی کۆنی کوردەوارییدا.

لایەنی زمان

بۆ گرینگیی فۆلکلۆر و دەقە فۆلکلۆرییەکان هەر ئەوەندە بەسە، کە ئەوان ئیتر بۆ تاهەتایە سەنگی محەکن بۆ ڕاستکردنەوەی هەر ڕستەیەکی کە خوێندەواری کوردیینەزانی زماننەزانی ئەم سەردەمە بە خوار و خێچی دایدەڕێژنەوە و دەتوانین بڵێین، ئەو ڕستەیە داڕشتنەکەی بەو شێوەیە هەڵەیە، چونکە لە کۆنەوە کورد ئاوەهای دەربڕیوە و سروشتی زمانەکەی لە کۆنەوە ئاوا بووە. جگە لەوەی خەرمانێکی بەپیتی وشەی پتەو و ڕەسەن لە نێو دەقی ئەو گۆرانی و بەیت و لاوک و حەیرانانەدا ماونەتەوە و پارێزراون و، ئەگەر ئەوانەمان نەبوایەن دەمێک بوو دەفەوتان و زمانەکەمان هەژار و کول و کۆڵەوار دەکەوتەوە.

لەو ماوەیەدا نەفەرێک کە دەنگی تۆزێک خۆشە و شێعری شاعیران بە دەنگ دەخوێنێتەوە و بڵاویان دەکاتەوە و خوا هەڵناگرێ سەر و گوێلاکیشیان باش دەشکێنێ، لە خوێندنەوەی ئێوارەی پاییزدا کە دەگاتە ئەو شوێنەی وا دەڵێ:

«بەڵێ هەن و پێ‌دەکەنن
بە سەر بەهەش، بە مل بەکوێن»

چونکە نەیزانیوە «سەربەهەش و ملبەکوێن» دەستەواژەن، جۆرێکی خوێندوەتەوە پەڕوپۆی بە شێعرەکەوە نەهێشتوە و دەڵێ:

«بەڵێ هەن و پێ دەکەنن، بە سەر، بە هەش، بە مل، بە کوێن».

ئەگەر خوێندەواری کورد بە تایبەتی ئەوانەی سەروکاری ڕۆژانەیان لەگەڵ نووسینە، ئاوڕ لە زمانی فۆلکلۆر و بەیت و باوەکان نەدەنەوە، جگە لەوەی زمانی داڕشتن و نووسینەکەیان وەک زمانی دەرچووانی زانکۆکان کرچوکاڵ و هەژار و بێسەروبەر دەبێ، تووشی دەیان هەڵەی ئاواش دەبن. جا باسی گۆرانیبێژەکانی ئێستا خۆی ڕیزە وتارێکی تێر و تەسەلیان پێویستە، بۆ ئەوەی ئاوڕ لە زمان تێکدان و وشە هەڵگێڕانەوەیان بدەینەوە.

ئەی شایەرەکانی جاران؟

تۆ گوێ لە عەلی خەندان، عەبە دەڕژێ، مەلا حوسێن، برایانی زێزێ، ڕەسووی نادری، برایمی قادری، سەید عەلی سەردەشتی و عەلی گڵێنانی بگرە، بزانە لە تاقە یەک شوێنیش شتێک دەڵێن بە گوێت نامۆ بێ؟ نەخێر، چونکە ئەوان خۆکاو و خۆڕسک کوردییەکی پوخت و پاراوی ئەوتۆیان دەزانی، کە پێویستە مامۆستایانی بەشی کوردیی زانکۆکانی کوردستان لێیانەوە فێرە کوردی بن و بە شانازییەوە ڕۆژانە چەند سەعاتێکیان گوێ لێ بگرن.

فەقێ مینەی نەڵاس

فەقێ مینە کە مخابن لەم ڕۆژانـەدا ماڵاوایی یەکجارەکیی لە دنیای هونەر و گۆرانی کرد، یەکێک بوو لەو شایەرە زمانپاراوانەی هەم بەند و سەربەندەکانی وەستایانە و لێزانانە بوون، هەمیش وەک سەدانەوەدی شایـەرەکانی ڕۆژهـەڵاتـی کوردستـان سـەربـەرزانـە ژیـا و خزمەتی هونەرەکەی خۆی کرد.

ئاخر لە چل ساڵی ڕابردوودا، دەبێ بڵێین کە جێی شانازییە شایەرەکانی کوردستان، لەگەڵ پاراستنی ئەو لایەنە هونەری و زمانی و مێژووییانەی باسمان کرد، هەرگیز پشتیان لە میللەتی خۆیان نەکرد و گۆرانییەکانیان بە دوژمنانی گەلەکەیان نەفرۆشت.

فەقێ مینەش یەکێک بوو لەو کاروانی هونەرمەندە سەربەرزانەی کورد، کە هەمیشە لە مێژووی هونەری گۆرانیی میللەتەکەیدا بە شانازییەوە ناوی دێ و بە بەرزی یادی دەکرێتەوە.

# لە شارەکانی کوردستان ڕێز لە شەهیدانی ژینگەی پاوە گیرا



ڕۆژی دووشـەممە ٩ی پووشپەڕی ٩٩ی هـەتـاوی، لە شاری سەقز خەڵکی نیشتماندۆست و دڵسۆزی ئەو شارە بە نیشانەی ڕێزگرتن لە شەهیدانی ژینگەی کوردستان "موختار خەندانی، یاسین کەریمی و بیلال ئەمینی" لە پارکی مەولەویی ئەو شارە بە دانانی تاجە گوڵینە و هەڵکردنی مۆم یاد و ناوی ژینگە پارێزانی شەهیدیان بەرز ڕاگرت و بەڵێنیان لەگەڵ نیشتمان و ئەو شەهیدانە نوێ کردەوە .

لە لایەکی تریش لە شاری بانە ئەنجومەنی "پاژین"ـی ئەم شارە بە دانانی بەنێرێک لە یەکێک لە گۆڕەپانە سەرەکییەکانی شار کە بە وێنەی هەر سێ شەهیدی ژینگە و هەروەها دروشمی "نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین" نەخشێندرابوو و هەروەها بە هەڵگرتنی وێنە و پۆستێری تایبەت بەو شەهیدانە لە سێڕێیانی شەقامی نەخۆشخانەی ئەو شارە یادی ئەو شەهیدانەیان بەرز ڕاگرت.

لە شـاری بۆکانیش، تاقمێک لە ژینگەپارێزان و شاخەوانانی شاری بۆکان بە مەبەستی ڕێزلێنان لەم شەهیدانە چوونە سەر شاخی "بەردەزەرد" و بە دروشمی " ئێوە سووتان هەتا نیشتمان نەسووتێ" ڕێزیان لە شەهیدانی ئەم جارەی پاراستنی کوردستان گرت.

لە شاری سنەش بەشێک لە چالاکانی مەدەنی و ژینگەپارێزیی شاری سنە لە پارکی منداڵان لە کێوی ئاویەر بە بڵاوکردنەوەی وێنەی شەهیدان و داگیرساندنی مۆم و وتنەوەی سروودی "ئەی ڕەقیب"، ڕێزیان لە شەهیدانی ژینگەی نیشتمان گرت.

# خاتوونێکی کورد نیشانی "شوالیە"ی فەڕانسەی وەرگرت



دوکتور "ئاناهیتا قەباییان"، هونەرمەندی کوردی کرماشانی بوو بە براوەی خەڵاتی کولتوور و هونەری فەڕانسە و هێمای شوالیەی ٢٠٢٠ـی پێ بەخشرا.

ناوبراو هونەرمەندێکی دیاری بواری وێنەگرییە و بەڕێوەبەری گەلەریی "ڕێگەی هەورێشم"ـە، بە هۆی بیست ساڵ کارکردنی لە بواری هونەری وێنەگرتن و گواستنەوەی بۆ کولتوورەکانی تری جیهان ئەم خەڵاتەی پێ بەخشرا. دوای هونەرمەندی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستان مامۆستا شەهرام نازری، خاتوو ئاناهیتا دووهەم هونەرمەندی کوردە دەبێتە براوەی ئەو خەڵاتە جیهانییە لە وڵاتی فەڕانسە.

ئاناهیتا قەباییان، خاوەنی بڕوانامەی دوکتورا لە بواری مێژوو و هەروەها ماستەر لە کامپیوتێر و زانستی کۆمەڵایەتی لە وڵاتی فەڕانسەیە.

# زنجیرە کتێبی فەرهەنگی-ئەدەبیی "های" چاپ کرا



ژمارەی یەکەمی زنجیرە کتێبی های تایبەت بە ڕەوتی شێعری نوێی کوردی چاپ و بڵاو کرایەوە.

"های"، وشەیەکی هەورامییە و بە مانای بێدار و خەبەرە. ئامانجی "های" بێداری و ئاگابوونەوەیە لە دەقی نوێ و هەروەها، هۆشیاریی بەردەنگ و بەدوادا چوونی جیددیی خوێنەری ئەدەب و فەرهەنگ بەرانبەر بە دەقەکانی سەردەم و هەوڵ دەدا بە خوێندنەوەیەکی نوێ، بابەتەکان لەم پانتایە بورووژێنێ و بیانخاتە بەر شرۆڤە و گوتاری ئەمرۆیی.

لە ژمارەی یەکەمدا، کۆی ئەو باس و بابەتانە، دەربارەی شێعری نوێی زاراوەکان سۆرانی، هەورامی و کەلهوڕییە.

# کۆچی دوایی سێ هونەرمەندی کوردستان

سێ هونەرمەندی دیار و نیشتمانپەروەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ناوەکانی، "فەقێ مینە، محەممەد حەیران و کەریم تاهوو"، کۆچی دواییان کرد.

ڕۆژی دووشەممە، ٢ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی، هونەرمەند "محەممەدەمین ڕەسووڵی"، ناسراو بە "فەقێ مینە" بەهۆی نەخۆشییەوە کۆچی دوایی کرد.

"فەقێ مینە"، لە گوندی "ئاغەڵان"ـی ناوچەی سەردەشت لەدایک بوو. لەگەڵ ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتی یەکێک لەو کەسانە بوو کە چەکی پڕ لە شانازیی پێشمەرگایەتیی کردە شان. فەقێ مینە لەگەڵ ئەوەی کە پێشمەرگەیەکی تێکۆشەر و دڵسۆز و ماندوویی نەناس بوو، لەهەمان کاتدا گۆرانیبێژ و حەیرانبێژێکی دەنگخۆشیش بوو.

فەقێ مینە تا کۆتایی تەمەن هەر وەفادار بە ڕێگا و ڕێبازەکەی مایەوە و هەمیشە دڵی لای حیزب و پێشمەرگەکان بوو.

ڕۆژی سێشەممە، ٣ـی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی، حەیرانبێژێکیشاری سەقز بە ناوی "محەممەد چووپانی"، ناسراو بە "محەممەد حەیران"، خەڵکی ئاوایی "ئاڵتوونی خواریێ" سەر بە شاری سەقز لە تەمەنی ٧٤ ساڵییدا بە هۆی نەخۆشییەوە ماڵاوایی لە ژیان کرد.

ئەم دوو هونەرمەندە لەگەڵ هونەرمەندانی وەک ڕەسووڵ نادری، عەلی گڵێڵانی، عەبە دەڕژێ، قادر مامەندی و ... هاوکارییان هەبووە و لە چەندین فێستیڤاڵدا بەشدارییان کردوە.

هەروەها هونەرمەند و ژەنیاری دیاری شاری مەهاباد "کەریم تاهوو"، ڕۆژی دووشەممە، ٢ی پووشپەڕی ١٣٩٩ی هەتاوی کۆچی دوایی کرد. هونەرمەند "کەریم تاهوو"، یەکێک لە ژەنیارە دیارەکانی کوردستان و بە تایبەت شاری مەهاباد بوو.


محەممەد حەیران


کەریم تاهوو


فەقێ مینە